ژمارە
45

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

## چاکسازییەکانی پێشمەرگە...

### هەنگاوی گرنگ و ستراتیژیی



ئادار 2025

## سەروتار

# ڕەهەندەکانی مێژوو ڕوداوەکانی ناوچەکە



لیوا عوسمان محەمەد

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی جیۆسیاسی و ئابووری گرنگە، لە هەمان کاتدا ژینگەیەکی پڕ لە ناکۆکی و ململانێی جیاوازە کە ڕەگوڕیشەی مێژوویبیان هەیە، دەکرێت لە چەندان ڕەهەندی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت بەتایبەت لەماوەی سەد ساڵی ڕابردودا، چونکە ئەو ماوەیە پڕیەتی لە ململانێ و کێشمە کێشی سیاسی ، سەربازی ، ئابوری ، نەتەوەیی و ئاینی، هەریەکێک لەو پرسانە دەکرێت خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت لە چەندین ڕەهەندەوە لێیبڕوانرێت

بە نمونە ناکۆکی عەرەب و ئیسرائیل درێژخایەنەو لەنێوان ئیسرائیل لەلایەک و وڵاتە عەرەبییەکانی وەک فەڵەستین، سوریا، لوبنان لەلایەکیترەوە لەحەوت دەیەی ڕابردودا بەردەوامبوەو گرفتی گەورەی بۆ ئاسایشی ناوچەکە دروستکردوەو تائێستاش بەردەوامە

ناکۆکی نێوان ئێران و وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو وەک سعودیە، ئیمارات ، بەحرەین تا ئەمڕۆ بەڕوتی لەبواری دیپلۆماسیدا ڕەنگدانەوەی هەیە ، هەروەها ئێران و ئیسرائیل کە هاوکێشەی هێزی نێوانیان ڕواڵەتی ململانێکانی بەشێوەیەک گۆڕی کە لەسەروی چاوەڕوانییەوە ناوچەکانی سوریاو لوبنان و یەمەن و فەڵەستینی گرتەوە و تیایدا ئێران هەژمونی خۆی لەو وڵاتانە زیادکرد و باڵادەستی خۆی پیشاندا و لەبەرامبەردا ئیسرائیل هەنگاوی زۆر هاویشت بۆ کەمکردنەوەی ئەو هەژمونە و، هەردولا بۆیە بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکانیان ڕێگای جیاوازیان تاقیکردەوە

لەلایەکی ترەوە ژمارەیەک گروپی توندڕەوی ڕادیکاڵی سەریان هەڵدا وەک داعش و ئەلقاعیدەو بەرەی نوسرەو هاوشێوەکانیان ،کە بەشێکیان لەناو خودی ئەو گروپانەدا گەشەیانکردو دواتر جودابونەوەو تەیاری نوێی ڕادیکاڵیان بەناوی ترەوە دامەزراندو ژمارەیان زۆرترو ئامانجیان گەورەتر بوو، چالاکییەکانیان لە ناوچەکانی وەک عێراق، سوریا، و یەمەن و هەندێ ناوچەی تر پەرەپێداو ئاسایشی ناوچەکەیان زیاتر ڕوبەڕوی مەترسی کردەوە .

حیزبوڵا و حەماس، دوو گروپی تری جیهادی ناسراون و لە لوبنان و فەڵەستین پەرەیان بە چالاکیەکانی خۆیانداو لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چەندین جەنگی خوێناویان لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجامداوە ، ئەو ململانێ چەکداریانە بۆ خەڵکی ناوچەکە تەنیا ئاسەوارێک کە بۆیانی جێبهێشتوە بریتیە لەماڵوێرانی و خاپوربونی شارو ناوچە ئاوەدانەکان و ئاوارەبونی ملیۆنان کەس و کوژران و گیان لە دەستدانی سەدان هەزارکەسی بێتاوانی تر، بۆ دەوڵەتەکان و ئابوری ناوچەکەش بەهەدەردانی سەدان ملیار دۆلار بوو کە ئەگەر ئەو پارانە بۆ ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی خەڵک بەکارهێنرابوایە ئەوا ئێستا ناوچە لەدۆخێکی تری سەقامگیری ئابوری و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیدا دەبوو هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو

جیالەوە ، قەیرانەکانی ئابووری و کۆچکردن سەریان هەڵداو گرفتێکی نێودەوڵەتی گەورەی بۆ بەشێک لەوڵاتانی ئەوروپاش دروستکرد ، کۆچبەران زیادیانکردوو داوای نیشتەجێبون لەوڵاتانی خاوەن ئاسایشی بەرقەرار زیاتر بوو

لەناوچەکەشدا قەیرانی نەبونی ئاوو خراپبونی سەرچاوەکانیان هۆکارێکی تری نەهامەتیەکانی خەڵکن، ئەوانەی مانەوەیان لەسەر خاکی خۆیان لەبن سێبەری جەنگەکاندا هەڵبژاردووە .

لەگەڵ هەموو ئەو ململانێیانەدا کورد تائەو کاتە وەک لایەنێکی سەربەخۆ دەرکەوتوەو پشتیوانی لە پرۆسەی بەرقەرارکردنی ئاسایشی ناوچەکە دەکات و لەگەڵ هاوپەیمانان و هێزە ئەمنیە عێراقیەکان درێژە بەچالاکیەکانی دەدات لە دژی ڕەوتی توندڕەوی و تیرۆری نێودەوڵەتی

ئەم هاوکێشە ئەمنیانە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر تەواوی ناوچەکە، پێویستە دۆخێکی نوێی لێکتێگەیشتن لەنێوان دەوڵەتان و لایەنە چالاکەکانی سەر گۆڕەپانی ململانێکان بێتە ئاراوە، پێچەوانەی ئەوە لەوانەیە کارەساتی گەورەتر ڕوبدات، بەتایبەت لەدوای ڕوداوەکانی سوریاو ڕوخانی ئەسەد، کە زۆر لە چاودێران وایدەبینن پێویستیەکانی ناوچەکەو نەمانی هەژمونی هێزێکی کاریگەر لەسەر ڕەوتی ڕوداوەاکانی سوریا لەوانەیە بۆ ماوەیەک خەڵک هەناسەیەکی ئارامی هەڵبکێشێن.

بەپێچەوانەوە دروستکردنی قەیرانی نوێتر زەمینەیەکی سازو ئامادەی هەیەو لەوانەیە لەهەرساتێکدا بێت ببینین ؟!

بۆ کورد یەکریزی و تەبایی و پشتگیری لە پرۆسە دیموکراسیەکانی ناوچەکەو بەشداریکردنی شارستانیانە لەوکایەیەدا فاکتەرێکی گرنگ دەبێت بۆ دەرباز بون و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە بە سەرکەوتویی و نزیک بونەوە لەگەیشتن بە ئامانجە نیشتیمانیە گەورەکان، کە ئەمە ویست و هیوای لەمێژینەیە؟!.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ



سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحمود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەمەد صدیق حەمەد

سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:
عمید ستارعبدالکریم عزیز

بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:
عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد
(+964) 772 531 5240

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەمەد
(+964) 750 466 1364

بەرپرسی وێنەگران:
مقدم جمعە قادر

بەڕێوەبەری هونەری
بلال بکر سید غریب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 | Mail: info@mopa.gov.krd | (+964) 772 531 5240




چاکسازییەکانی
پێشمەرگە...
هەنگاوی گرنگ و ستراتیژیی
٤


تەوەری ژمارە
جەنگی ئابوری
٤١


کاریگەرییەکانی راگەیاندن
رۆڵ و ئەرکەکانی بۆ
پەرەپێدانی ئینتیمای
نیشتمانی
١٨


کاریگەریەکانی جەنگ
لەسەر هەرێمی کوردستان و
پێشمەرگە
٥٤


هەنگاوە نوێیەکانی
پێشکەوتنی مەشق
رۆڵی سەگی راهێنراو لە
ئۆپراسیۆنەکاندا
٣٠


گرنگی هێزی یەدەگ لە
بەرگری نیشتیمانیدا
هەرێمی کوردستان بە
نموونە
٦٨

# سەرۆکی حکومەت بەشداری رۆژوشکاندنی لەگەڵ پێشمەرگە و جوتیارانی ناوچەی رۆژئاوای کەرکوک کرد



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





# پێشمەرگە ئاگری نەورۆزی کردەوە و جەژنی نەتەوەیی پیرۆزکرد















# چاکسازییەکانی پێشمەرگە...

## هەنگاوی گرنگ و ستراتیژیی

ئامادەکردنی: بارزان رزگار

**لە بەردەوامی کاروانی چاکسازی لە ناو هێزی پێشمەرگە و دوای چەندین دیدار و کۆبوونەوەی پەیوەست بە پرسی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی ئەو هێزە بۆ ژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە، دواجار بە بڕیار و ڕاسپاردەی فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگە، ڕۆژی ٤ی شوباتی ٢٠٢٥ لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، لە ژێر چاودێری و ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە و بە ئامادەبوونی، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی هەرێم، شۆرش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، عەبدولخالق باپیری بریکاری وەزارەت، فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە، لیوا روکن بەختیار محەممەد ئەمینداری گشتی و جەنەڕاڵ کیڤن لیهی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا و ڕاوێژکارانی سەربازی هاوپەیمانان، کونسوڵەکانی گشتیی وڵاتان و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و فەرماندە سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە، ڕێوڕەسمی ڕادەستکردنی فەرمانی هەرێمی و لۆگۆی فیرقەکان بە هەردوو فەرماندەی فیرقەکانی (٣ و ٤)ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو.**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ڕێوڕەسمی ڕادەستکردنی فەرمانی هەرێمی بۆ هەردوو فیرقەی سێ و چواری پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، لە وتارێکدا رایگەیاند: بەڕێز جەنەراڵ کیڤن لیهی، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە عێراق و سووریا، ئامادەبووانی بەڕێز، هەموو لایەکتان زۆر بەخێربێن بۆ ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی هەردوو فیرقەکانی سێ و چواری پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە. پاش ئەوەی ئۆکتۆبەری ڕابردوو فەرمانی هەرێمیمان بۆ دامەزراندنی ئەو دوو فیرقەیە دەرکرد، زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ وەك بەشێك و هەنگاوێکی دیکەی پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، دەستبەکار دەبن. ئەمڕۆ بە دەستبەکاربوونی ئەم دوو فیرقەیە، ئێمە شاهیدی هەنگاوێکی نوێ و پڕبایەخین لەم کاروانەدا کە چەندین



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ساڵە بەردەوامە. ئەم دەستکەوتە تەنها دەستکەوتێکی ڕێکخستن یان کارگێڕی نییە، بەڵکوو نیشانەی ئیرادەی پتەومان و بەرهەمی ئەو قوربانییە گەورانەیە کە گەلی کوردستان و پێشمەرگە لە ماوەی چەندین دەیەدا، پێشکەشیان کردووە. پێشمەرگە تەنها هێزێکی سەربازیی ئاسایی نییە، بەڵکوو هەمیشە هێمای قارەمانییەتی و فیداکاری و پارێزەری ئاسایشی کوردستان و بەشێکی گرنگی ناسنامەی نیشتمانیمان بووە. هەر لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونییەوە، هێزی شۆڕش و پارێزەری گەلی کوردستان بووە. کاتێک ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش وەک هەڕەشەیەکی جیهانی دەرکەوت، پێشمەرگە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هێزانە بوو کە ڕووبەڕووی ئەم مەترسی و هەڕەشانە بووەوە. پێشمەرگە قارەمانانە شەڕێکی قورسی لە پاڵ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بەڕێوەبرد، بۆ جیهانی سەلماند کە تەنها هێزێک نییە بۆ بەرگری لە کوردستان، بەڵکوو بۆ پاراستنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە، قەڵغانێکە بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی لەم هەڕەشە هاوبەشە. بۆیە ئەو شانازییەی پێ بڕا کە بەرگری لە تەواوی مرۆڤایەتی بکات لە جیهان و لەپێناو ئەوەشدا بە گیان و خوێن بجەنگێت، لە کۆتاییشدا سەرکەوت و لەژێر فەرماندەیی سەرۆك مەسعود بارزانی، ئەفسانەی داعشی تێکشکاند.

سەرۆکی هەرێم ڕوونی کردەوە: بەهۆی قارەمانییەتی و سەرکەوتنە مەزنەکانییەوە، پێشمەرگە لە ئاستی جیهاندا بووە بە سیمبۆلی ئازایەتی و مایەی شانازیی گەلی کوردستان. لەناو هەموو گەلان و وڵاتانی جیهاندا، ناوی پێشمەرگە، وەك جەنگاوەرێکی قارەمان لەپێناو پاراستنی مرۆڤایەتیدا دەرکەوت. ئەم دەستکەوتەی ئەمڕۆ بەدی نەدەهات، ئەگەر پشتگیریی هاوبەشەکانمان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی نەبووایە کە بە شێوەیەکی کارا بەشداربوون لە هەوڵ و هەنگاوەکانی ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە، چ لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنان، یان دابینکردنی پێداویستیی سەربازی، یان پشتگیریی لۆجیستیکی.

نێچیرڤان بارزانی باسی لەوەش کرد: ئێمە لە هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی قووڵی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە دۆستانمان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆ پشتگیریی ئێمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە سەختترین کاتەکاندا، گێڕاویانە. هەروەها بۆ یارمەتیدانمان لە پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە. دۆستانمان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە سەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا، دوایی وڵاتانی تری وەك بەریتانیا، ئەڵمانیا،

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان: ئەمە پرۆژەیەکی نیشتمانییە، بەڵێنی ئێمەیە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدان و نەوەکانی داهاتوو.**

هۆڵەندا، هەنگاریا، ئیتاڵیا و فەرەنسا، بەشدارییان لە دانانی بنەماکانی پێویست بۆ یەکخستنەوەی پێشمەرگە لەژێر چەتری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا کردووە کە هەماهەنگی و کارایی دەستەبەر دەکات و پێشمەرگە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی پیشەیی و شەفاف. هێزێك، بە دڵسۆزییەوە خزمەتی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە دەکات و بەشێکی کارا و کاریگەر دەبێت لە سیستمی بەرگریی عێراق.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەش دا: پێکهێنانی فیرقەکانی ٣ و ٤ی پیادەی پێشمەرگە، ئەمڕۆ هەنگاوێکی گرنگ و ستراتیژییە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجی گەورەترمان کە بریتییە لە دروستکردنی هێزێکی نیشتمانیی یەکگرتوو. هێزێك کە پیشەیی و ڕێکخراوتر بێت و لە بەرامبەر هەر





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەڕەشەیەك و مەترسییەک، توانای پاراستن و بەرگریکردنی لە وڵات هەبێت. ئەم هێزانە لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا کاردەکەن و دڵنیایی دەدەن لەوەی هێزەکانمان هەمیشە لە ئامادەباشیی تەواودا دەبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری. ڕاستە، پشتگیریی دۆستانمان زۆر پێویست و گرنگە، بەڵام ئێمە باش دەزانین کە لە کۆتاییدا سەرکەوتنی ڕاستەقینەی ئەم پرۆسەیە، پشت بە ئیرادەی ناوخۆییمان دەبەستێت. یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە پێویستی بە کارکردنی هەموومانە بە ڕۆحێکی یەکتیمی و زاڵبوون بەسەر هەر دابەشبوونێك و ناکۆکییەک کە لەوانەیە ڕێگر بێت لەم پڕۆژە نیشتمانییەدا. پێشمەرگە دەبێ هێزێکی نیشتمانیی دوور لە سیاسەت و دەستێوەردانی حزبی بێت، هێزێك بێت تەنها و تەنها بۆ پاراستنی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەم، ئەوپەڕی هاریکاری بنوێنن و یارمەتی بدەن بۆ سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە. سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموومانە و پێویستە هەرچی گرفت و کێشە هەیە، چارەسەر بکرێن، تاکوو لە کۆتاییدا هەموو پێشمەرگە، وەك هێزی نیشتمانیی کوردستانی، لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا کۆبکرێنەوە کە یەك سەرکردایەتی، یەك کۆنترۆڵ و یەك ناوەندی ئاراستەکردنی هەبێت.

وێڕای ئەوەی کە هەنگاوەکانی پرۆسەی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە، بەپێی خواست و چاوەڕوانیی ئێمە نییە، بەڵام کار و هەوڵەکانی ئێمە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، لێرەدا ناوەستێت. ئەمە پڕۆژەیەکی نیشتمانییە، بەڵێنی ئێمەیە بەرامبەر بە گەلی کوردستان و خوێنی شەهیدان و نەوەکانی داهاتوو، بۆیە بە هەموو وزە و توانا و ئیرادە و پێداگرییەکەوە، بەردەوام دەبین لە کارکردن بۆ سەرخستنی پرۆسەکە و بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە هەمیشە نیشانەی یەکڕیزی و هێز و قەڵغانێک بن بۆ پاراستنی کوردستان لە هەموو هەڕەشە و مەترسییەك.

هەر لەم بۆنەیە و لە کاتێکدا هاریکاری و هەماهەنگیی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق زۆر بە پێویست و زۆر گرنگ هەڵدەسەنگێنین، داوا لە حکوومەتی فیدراڵی عێراق دەکەم، بەپێی دەستوور و یاسا مامەڵە لەگەڵ پێشمەرگەدا بکات و وەك بەشێك لە سیستمی بەرگریی عێراق، لە هەموو ڕوویەکەوە ئەرك و پابەندییەکانی خۆی بەرامبەر بە پێشمەرگە جێبەجێ بکات. قارەمانییەتی و قوربانییەکانی پێشمەرگە و خوێنی پاکی شەهیدانی نەمری کوردستان، لەگەڵ پشتگیریی هاوبەشەکانمان لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و پابەندیی هاوبەشمان، وا دەکەن ئەمڕۆ لێرە بە شانازی و سەربەرزییەوە لە کاروانی خزمەت و پێشخستنی کوردستان بەردەوام بین و هەرگیز کۆڵ نەدەین لە هەوڵی یەکخستنەوەی پێشمەرگەدا. دڵنیام ئەم دەستبەکاربوونەی هەردوو فیرقەی سێ و چوار و بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی یەکخستنەوەی پێشمەرگە، وێڕای هەموو بەربەست و کێشەکان، مایەی خۆشحاڵیی زۆری گەلی کوردستانە و گیانی شەهیدان شاد دەکات. هەروەها لە کاتێکدا ناوچەکە بە دۆخێکی ئاڵۆزدا تێدەپەڕێت و ڕووبەڕووی چەندین ئاڵنگاری دەبینەوە، گەلی کوردستان زۆر

بە پەرۆش و ئومێدەوە چاوەڕێی هەواڵی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە داوا لە لایەنە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردن دەکەم، ئەمە بکەنە ئەولوییەتی یەکەمیان و بە سەرکەوتنی گفتوگۆکان و ڕێککەوتن و پێکهێنانی حکوومەتی تازە، دڵی گەلی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە خۆش بکەن. بە زووترین کات، حکوومەتێك پێك بهێنن کە وەڵامگۆی داوا و پێشبینییەکانی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بێت.

لەو ڕێورەسمەدا، شۆرش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە وتارێکی پێشکەش کرد و گوتی «زۆر دڵخۆشم ئەمرۆ لەم مەراسیمە گرنگ و پربایەخەدا کۆبووینەتەوە بۆ دەستبەکاربوونی هەردوو فیرقەی سێ و چواری وەزارەتی پێشمەرگە، دەستکەوتێکی گرنگ و مێژوویییە بۆ گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئێستا و ئایندەدا. ڕەنگدانەوە و کاریگەریی دروستکردن و پێکهێنانی ئەم فیرقانە لە بنیاتنانی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی ڕەنگدەداتەوە و ئامانجی نیشتمانی باڵا بۆ کوردستان بەدەست دەهێنێت. لەماوەی دەستبەکاربوونمان لە وەزارەتی پێشمەرگە وەک تیمێکی پێکەوەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ فەرماندەیی هێزەکانی (٧٠ و ٨٠)، بە پشتیوانی ڕاوێژکارانی سەربازی هاوپەیمانان بە تایبەت ئەمەریکا، توانیومانە هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر سەرکردایەتی و کۆنترۆڵی وەزارەتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی دوو ناوچەی سەرکردایەتی سەربازی و ١١ فیرقەی پیادەدا ڕێکبخەینەوە.

ئەم هەنگاوانە بۆ خۆی بەدەستهێنانی بەشێکی بنەڕەتییە لە ئامانجەکانمان لە پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بۆ بنیاتنانی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانی کە دەبێتە پارێزەری ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان لە هەر مەترسییەک کە لە ئێستا و لە ئایندەدا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە. ناوچەی سەرکردایەتی و فیرقەکانی پیادە دەبنە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی درەوشاوەی گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، کە دەبێتە نەخشە ڕێگایەک بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی ئایندەی چاوەڕوانکراوی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان.

وەزارەتی پێشمەرگە و سەرکردایەتی دەڤەر و فیرقەکان بەرپرس دەبن لە بەرزکردنەوەی توانا سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لە ئێستادا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستمان پێیەتی، بە تایبەتیش بیر و باوەڕی سەربازی نیشتمانی کە هەموو کات و ئێستا و بەردەوام زیاتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستییەتی. بۆیە بۆ ئەم ئامانجە ستراتیژییە گرنگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستمان بە هاوکاری هەموو لایەکە.

هەر لێرەشەوە پیرۆزبایی دەستبەکاربوون لە لیوا هاشم سیتەیی فەرماندەی فیرقەی سێ و لیوا ڕوکن زاتیار فەرماندەی فیرقەی چوار دەکەم. دڵنیام سەرکەوتووانە ئەم ئەرکە سەربازییە نیشتیمانییە بەوپەڕی توانا و لەخۆبردووییەوە وەک سەرکردەی سەربازی مەیدانی لە بەرزترین ئاستدا جێبەجێ دەکەن.

بە پێویستی دەزانم لەم دەرفەتە مێژووییەدا باسی پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بکەین، کە بێگومان ئەم پرۆسەیە قۆناغی دژوار و پڕئاستەنگی بڕیوە لە وەزارەتی پێشمەرگە. هەموو هەوڵێکمان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و نەهێشتنی لەمپەر و گرفتەکانی بەردەم چاکسازی بووە کە خۆشبەختانە بە پشتیوانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەت توانیومانە هەنگاوی پێویست لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بنێین. گەیشتووین بە دەرئەنجامی گەورە و گرنگ لە ماوەی کارکردنمان و ئێستاش هەر بەردەوامین و پێداگرین، کە بێگومان هەموو ئەمانە بە پاڵپشتی هاوپەیمانان بە تایبەتی ئەمریکا و ڕاوێژکارانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان بەدەست هاتووە.

لێرەوە بە دەرفەتی دەزانم ڕۆڵی باڵای بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەرز بنرخێنین کە لە هەموو قۆناغەکاندا هاوکار و پشتیوانی وەزارەتی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە، بەتایبەتی لەڕووی دارایی و لۆجستی بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی سەربازیی وەزارەتی پێشمەرگە، کە لە ڕادەبەدەر گرنگ و پێویست بووە.

جێی خۆیەتی پشتیوانی بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت بەرز بنرخێنین کە هەموو کات و بەردەوام پاڵپشت و پشتیوانمان بوون لەم ئەرکە قورس و مێژووییەدا.

ئامادەبووانی بەڕێز، دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا هەموومان دووبارە لە مەراسیمی پێکهێنانی فیرقەکانی تر و هەردوو فەرماندەیی دەڤەری ١ و ٢ دا کۆدەبینەوە کە ئەمەش دەرئەنجامی هەوڵ و هەنگاوەکانمان بووە لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

هیوادارم بەپێی ئەو نەخشە ڕێگایەی کە لەسەری ڕێککەوتووین لە نێوان وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستاندا، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ هیچ هێزێکی پێشمەرگە لە دەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بوونی نەبێت. ئەفسەران و پێشمەرگە قارەمانەکان لە ئەمڕۆوە و لە ڕۆژەکانی ئایندەدا پێ دەنێنە قۆناغێکی نوێ، ئەرک و بەرپرسیارییەتییەکان لە چوارچێوەی فیرقەکاندا بۆ پاراستنی خاک و ئاڵا و شوناسی نەتەوەییمان زیاتر و سەختتر دەبێت. هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانی بەهێز بەرهەم دێ کە ئێوە پایەی سەرەکی و داینەمۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن.

پێویستە بە بیروباوەڕی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری پێکەوە وەکو تیمێکی سەربازی بەهێز کاربکەن بۆ گەشەسەندن و بەهێزبوونی توانا سەربازییەکانتان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو مەترسییەکان لەسەر کوردستان و گەلەکەمان. ئێمەش لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە قورسەکان هاوکار و پشتیوان

دەبین. نەمری بۆ شەهیدانی کوردستان، سەربەرزی بۆ بنەماڵەی شەهیدان، هەر بژین و سەربەرز و سەرکەوتوو بن.

لەم بۆنەیەدا، سەرۆکی ئەرکان لە وتارێکدا ڕایگەیاند: خۆشحاڵین لە دووەم ڕێوڕەسمی ڕادەستکردنی فەرمانی هەرێمی بە هەردوو فەرماندەی فیرقەکانی ٣ و ٤ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە. جێی خۆیەتی تیشک بخەمە سەر ئەم دوو فیرقەیە کە بە هاوکاری و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتووی هەردوو فیرقەکانی (١ و ٢)ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە کە لەژێر سەرپەرشتی هاوپەیمانان توانیان زۆر خێرا مەشقەکانی پەیوەست بە سەرکردایەتی، کۆنترۆڵکردن و پیادەکردنی ئەرکی سەربازییان لەناو فیرقە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک تەواوبکەن. ئامادەن بۆ هەر ئەرکێک کە پێیان بسپێردرێت لە چوارچێوەی کارکردن بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بنەما سەربازییە کارپێکراوەکان لەناو دامەزراوەی سەربازیی هەرێمی کوردستان، بە پشتبەستن بە بنەماکانی چاکسازی و ڕاوێژ و هەماهەنگی هاوپەیمانان.

بە هاوکاری و هەماهەنگی هەردوو فەرماندەیی هێزەکانی ٧٠ و ٨٠ توانیومانە لە بواری تیۆرییەوە بچینە قۆناغێکی پراکتیکی. لە ساڵی ٢٠٢٥ بە هەیکەلی یەکگرتووی تازە پێشوازی لە هەردوو فەرماندەییەکانی ٧٠ و ٨٠ دەکەین وەک فەرماندەی دەڤەرەکانی یەک و دوو. کۆتا ئاستی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ دەبن لە ناو ڕێساکانی وەزارەتی پێشمەرگە، کە یەکێکە لە قۆناغە گرنگ و هەستیارەکانی پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە.

هەوڵدەدەین ئەمساڵ دوو فیرقەی دیکەی پیادە تەشکیل بکەین بۆ ئەوەی تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٥ وەزارەتی پێشمەرگە ببێتە خاوەنی شەش فیرقە و دوو فەرماندەیی دەڤەر. بەشێکی زۆری لیواکانی پیادەی ئێستای وەزارەتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی ئەو فیرقانە ڕێکدەخرێنەوە لەژێر فەرماندەیی و کۆنترۆڵی ئەو فیرقانە دەبن، کە لەمە بەدواوە لە کۆتایی پلانی ستراتیژیدا دەگەینە ئامانجی سەرەکی کە ئەویش هەبوونی یەک هێزی پێشمەرگەی نیشتمانییە.

لێرەوە سوپاسی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سوپاسی ڕۆڵی گرنگ و پربایەخی هێزەکانی هاوپەیمانان بەگشتی دەکەم کە بە هەموو شێوەیەک لە سەرخستنی پرۆسەی چاکسازی هاوکار بوون، بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ڕۆڵی گەورەیان لە دابین کردنی پێداویستی لۆجیستی و دارایی بۆ یەکە سەربازییەکانمان هەبووە.»

دواتر، جەنەراڵ کیڤن لیهی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمان لە وتەکەیدا ئاماژەی بەوەدا «بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەزیرە بەڕێزەکان... ئەمڕۆ شەرەفمەندم کە لێرەم، لەم ئاهەنگە پیرۆزە بەشدارم کە یەکگرتنەوەی دوو هێزی وەزارەتی پێشمەرگەیە. بە پێویستی دەزانم پیرۆزبایی لە هەردوو فەرماندەیی فیرقەی ٣ و ٤ بکەم کە لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە دەستنیشان کراون.

ئێمە وەکو هاوپەیمانان شانازی دەکەین بۆ پاڵپشتی کردنتان لە بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتانە. ئێمە بەردەوام دەبین لە پاڵپشتی کردنتان بۆ لەناوبردنی داعش و ئەو هەڕەشانەی کە لە ناوچەکە هەن. وامان لێدەکات کە بڵێین، ئەمانە زۆر گرنگن، پێکهێنانیان گرنگە، ئەو دەستکەوتەی کە هەمانە پابەندی دوولایەنەمان دەسەلمێنێت بۆ هەبوونی هێزێکی پرۆفیشناڵ و هەمیشەیی لە وەزارەتی پێشمەرگە.

ئێمە بەردەوام دەبین لە هەماهەنگییەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هەموو عێراق. ڕۆڵی وەزارەتی پێشمەرگەی بەرز دەنرخێنم لە کارکردنی بەردەوامیان لەسەر یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە. زۆر سوپاس.»



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




## لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئاسایشی جیهانیدا

# کۆنفرانسی میونشن:

## ٦٠ ساڵ خزمەتی بەردەوام

● ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

**شاری میونشنی ئەڵمانیا لە ٢-٤ی شوباتی ٢٠٢٥دا شایەتی بەڕێوەچوونی ٦٠ـەمین خولی کۆنفرانسی ئاسایش بوو کە بە داڤۆسی پرسەکانی ئاسایش ناودەبرێت. کۆنفرانسی ئەمساڵ لە ژێر ناونیشانی «سیستەمی فرەجەمسەری و کاریگەرییەکانی لەسەر ئاسایشی جیهانی»، بە ئامادەبوونی زیاتر لە ٤٥٠ بەشداربوو لە ٧٠ وڵاتی جیهانەوە بەڕێوەچوو.**

کۆنفرانسی ئەمساڵ گرنگییەکی تایبەتی بۆ کورد هەبوو، چونکە بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک لە سەرکردە باڵاکانی سێ بەشی کوردستان تێیدا ئامادە بوون و توانیان چەندین دیدار و کۆبوونەوەی گرنگ لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدەن.

### مێژوویەك پڕ لە دەستکەوت

کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن ئیڤالد ڤۆن کلیست، دیپلۆماتکاری ناسراوی ئەڵمانی دامەزرا.

لە سەردەمی شەڕی سارددا، کۆنفرانسەکە وەک پردێک بۆ دیالۆگی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەستی بە کارکرد. لە سەرەتادا وەک کۆنفرانسی ناتۆ لە میونشن ناسرابوو، بەڵام دواتر فراوانتر بوو و لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە ناوی گۆڕا بۆ کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن.

هۆتێلی هۆف لە ناوەندی شاری میونشن، وەک نەریتی ٦٠ ساڵی ڕابردوو، ئەمساڵیش میوانداری ئەم کۆنفرانسە گرنگەی کرد. سەرۆک وڵاتان، سەرۆک وەزیرانی وڵاتان، وەزیری دەرەوە و بەرگری، سەرۆکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، و پسپۆڕانی بواری ئاسایش، لە ماوەی سێ ڕۆژدا چەندین دانیشتن، پانێل و وتاریان پێشکەشکرد.

پرۆفیسۆر مایکل هانسن، مێژووناسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی میونشن، بۆ پەیامنێرمانی ڕوونکردەوە «کۆنفرانسی میونشن مێژووی شەڕی ساردی تێپەڕاند و توانی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهاندا بگونجێنێت. سەرکەوتنەکەی لەوەدایە کە نەبووەتە پلاتفۆرمێک تەنها بۆ ڕۆژئاوا، بەڵکو کرانەوەی بەڕووی هێزە دەرکەوتووەکانی دیکەشدا هەبووە.»

**نێچیرڤان بارزانی: ئەم کۆنفرانسە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان. لە زیاتر لە ٢٠ دیداری جیاوازدا، پەیامی ئاشتیخوازی و خوازیاری هاوکاریی گەلی کوردمان گەیاندە سەرکردەکانی جیهان.**

## قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژوویی

مێژووی ٦٠ ساڵەی کۆنفرانسەکە بە چوار قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە:

•قۆناغی یەکەم (١٩٦٣-١٩٩١)، سەردەمی شەڕی سارد بوو کە کۆنفرانسەکە زیاتر پێناسەیەکی ڕۆژئاوایی- ناتۆیی هەبوو. بابەتە سەرەکییەکان، پێکدادانی نێوان ناتۆ و وارشۆ و پرسی چەکی ناوەکی بوون.

•قۆناغی دووەم (١٩٩١-٢٠٠١) دوای کۆتایی شەڕی سارد، کۆنفرانسەکە بەرەو فراوانبوونی زیاتر هەنگاوی نا. یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، دامەزراندنی یەکێتیی ئەورووپا و پرسە ئابووری و ژینگەییەکان گەلێک گرنگ بوون.

•قۆناغی سێیەم (٢٠٠١-٢٠١٤) لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە دەستی پێکرد و سەرنجی خستە سەر شەڕی دژی تیرۆر، ئاسایشی سایبەری، و قەیرانەکانی وەک عێراق، ئەفغانستان و بەهاری عەرەبی.

•قۆناغی چوارەم (٢٠١٤-٢٠٢٥) کە بە قۆناغی فرەجەمسەری ناسراوە، لەگەڵ قەیرانی ئۆکراینا، شەڕی دژی داعش، نەخۆشی کۆرۆنا و ململانێی ئابووریی نێوان ئەمریکا و چین دەستی پێکرد و تا ئێستا بەردەوامە.

## کاریگەریی کۆنفرانس لەسەر ئاسایشی جیهانی

یێنس ستۆڵتنبێرگ، سکرتێری پێشووی گشتیی ناتۆ کە ئەمساڵ وەک سەرۆکی نوێی کۆنفرانسی میونشن دەستبەکاربوو، لە وتاری کردنەوەی کۆنفرانسدا ڕایگەیاند: «کۆنفرانسی میونشن تەنها مەیدانێک نییە بۆ قسەکردن، بەڵکو کارگەیەکی دروستکردنی چارەسەرە. لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاوە بگرە تا ڕێککەوتنی مینسکی ئۆکراینا. لە کۆنفرانسی میونشندا بیرۆکەی سەرەکی ئەم چارەسەرانە داڕێژراوە.»

ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆنفرانسی میونشن، ئاماژە بە چەندین دەستکەوتی کاریگەر دەکات، لەوانە:

•ڕۆڵی لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا لە ١٩٩٠

•بەشداری لە ڕێککەوتنی «مینسک ٢» سەبارەت بە ئۆکراینا لە ٢٠١٥

•هەوڵەکانی بۆ ڕێککەوتنی ئاشتی لیبیا لە ٢٠٢٠

•ڕۆڵی لە دیالۆگی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا سەبارەت بە پرۆگرامی ناوەکی

ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆنفرانس، کە بە ڕاپۆرتی ئاسایشی میونشن ناسراوە، یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی شیکردنەوە و بایەخی تایبەتی لەلایەن بڕیاربەدەستانی جیهانەوە پێدەدرێت. ڕاپۆرتی ئەمساڵ، کە ژمارە (٦٠)ە، حەوت ئاڵنگاری سەرەکی بۆ ئاسایشی جیهانی دەستنیشان کردووە.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بەشداریی کورد.. مێژوویەکی کورت، بەڵام کاریگەر

بەشداریی کورد لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشندا، هەرچەند مێژوویەکی کورتی هەیە، بەڵام لە ساڵانی دواییدا بەهێزتر و بەرچاوتر بووە.
یەکەم بەشداری فەرمی سەرکردەکانی کورد لە کۆنفرانسی میونشن بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٥، کاتێک شەڕی دژی داعش لە لووتکەدا بوو، پێشمەرگە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژی تیرۆردا بوون»
لە نێوان کەسایەتییە کوردییە دیارەکان کە لە خولەکانی ڕابردوودا بەشداری کۆنفرانسەکەیان کردووە، دەکرێت ئاماژە بەمانە بکەین:
•مەسعود بارزانی، سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١٦دا وتارێکی گرنگی سەبارەت بە ڕۆڵی کورد لە شەڕی دژی داعش پێشکەشکرد.
•نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە یەکەمجار لە ساڵی ٢٠١٥دا بەشداری کرد و ئەمساڵ پێنجەمین بەشداریی بوو.
•قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ساڵەکانی ٢٠١٨، ٢٠٢٠ و ٢٠٢٣دا بەشداریی کردووە.
•فەلاح موستەفا، بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە دە ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە حەوت خولی کۆنفرانسەکەدا ئامادە بووە.

## ئامادەیی بەهێزی کورد لە خولی ٢٠٢٥

ئەم جارە، کورد بەهێزتر لە هەر کاتێکی پێشوو نوێنەرایەتی کراوە. سێ سەرکردەی دیاری کورد لە کۆنفرانسەکەدا ئامادە بوون:
•نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە سەرۆکایەتی شاندی هەرێمی کوردستانی کردووە.
•بافڵ جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کە یەکەمجارە بەم پۆستەوە بەشداریی کۆنفرانسەکە دەکات.
•نێچیرڤان بارزانی لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان، گرنگی بەشداریی کوردی بەم شێوەیە باسکرد «ئامادەبوونی سەرکردەکانی سێ بەشی کوردستان لەم کۆنفرانسەدا، نیشانەی پێگەی بەهێز و ڕۆڵی گرنگی کوردە لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دەرفەتی باشمان هەیە تا دۆزی ڕەوای گەلەکەمان بگەیەنینە گوێی جیهان.»
سەرکردەکانی کورد لە ماوەی کۆنفرانسەکەدا دەیان دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆک و نوێنەری وڵاتان ئەنجام دا. بە پێی ئەوەی لە میدیاکان ئاماژەی پێکراوە، گرنگترین دیدارەکان بریتی بوون لە دیداری نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، وەزیری بەرگریی بەریتانیا و سەرۆکی فەرەنسا
بافڵ تاڵەبانی لە پانێلێکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشداریکرد و جەختی کردەوە «کورد لە قۆناغی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خاوەنی کارتی بەهێزی خۆیەتی و پێویستە جیهان بۆ بەشداریکردن لە داڕشتنی ئایندەی هەرێمەکە ڕۆڵی پێبدات.»

## گرنگیی بەشداریی کورد لە کۆنفرانسەکە

بەشداریی بەهێزی کورد لە کۆنفرانسەکەدا چەند ڕەهەندێکی گرنگی هەیە:
•دانپێدانانی نێودەوڵەتی: ئامادەبوونی سەرکردەکانی کورد لە کۆنفرانسێکی وا ئاستبەرزدا، نیشانەی دانپێدانانی نێودەوڵەتییە بە پێگەی گەلی کورد وەک فاکتەرێکی کاریگەر.
•دەرفەتی دیپلۆماسی: کۆنفرانسەکە دەرفەتێکی زێڕینە بۆ سەرکردەکانی کورد تا لە دانیشتنە فەرمی و نافەرمییەکاندا، پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردەکانی جیهان بەهێزبکەن.
•یادهێنانەوەی ڕۆڵی کورد لە شەڕی دژی تیرۆردا: کۆنفرانسەکە دەرفەتی داوە بە کورد تا ڕۆڵی پێشەنگی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و تیرۆریزم بە جیهان بناسێنێتەوە.
•کاریگەری لە داڕشتنی ستراتیژیەتی داهاتوو: بە بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکەدا، کورد دەتوانێت کاریگەری لەسەر داڕشتنی ستراتیژیەتی زلهێزەکان بۆ ناوچەکە دابنێت.

## تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنفرانسی ٢٠٢٥

کۆنفرانسی ئەمساڵ لە سایەی گۆڕانکارییە گەورەکانی سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەڕێوەچوو. دۆناڵد ترەمپ کە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ٢٠٢٤ـی ئەمریکادا سەرکەوتووە، سیاسەتی ئەمریکا و پلانەکانی لەو چوارچێوەیەدا ڕاگەیاندووە:
١. سیستەمی فرەجەمسەری و دووبارە داڕشتنەوەی جیهان
کۆنفرانسەکە بە تایبەتی تیشکی خستە سەر جیهانی فرەجەمسەری کە خۆی لە دابەشبوونی هێز بەسەر چەند دەوڵەتی گەورەدا دەبینێتەوە. ئەمریکا، چین، ڕووسیا، یەکێتیی ئەورووپا و هێزە نوێیەکانی وەک هیندستان کە چۆن دەتوانن لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا کاربکەن؟ جەیمس داکلاس، پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لە وتارێکدا ڕایگەیاند: سەردەمی هەژموونی تاک جەمسەری بەسەرچووە و ئەمڕۆ لەبەردەم دنیایەکداین کە چەندین زلهێز تێیدا ئەکتەرن.
٢. پەیوەندییەکانی ئەمریکا-ئەورووپا و کەمبوونەوەی متمانە
جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە کۆنفرانسەکەدا هەوڵی دا ئەو متمانەیەی کە لە سەردەمی ترەمپدا لەرزۆک بوو، بگەڕێنێتەوە. ئەو ڕایگەیاند «ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا هاوپەیمانە سەرەکییەکانی ئەمریکان و ئێمە پابەندین بە پاراستنی ئەم هاوپەیمانێتییە.» بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەورووپا بە ڕوونی گوتی «ئەورووپا ناتوانێت تەنها پشت بە ئەمریکا ببەستێت و دەبێت خۆی بەرپرسیارێتی زیاتر وەربگرێت.»
پانێلێکی تایبەتیش بۆ باسکردنی ڕەهەندەکانی هاوپەیمانێتی ترانس-ئەتڵەنتیک تەرخان کرا:
•ڕەهەندی ئەمنی: ناتۆ وەک ستوونی سەرەکی هاوپەیمانێتییەکە کاردەکات و

بەرگریی هاوبەش دابین دەکات.

•ڕەهەندی ئابووری: هەردوولا گەورەترین هاوبەشی بازرگانی یەکترن و سەرمایەگوزاری بەرفراوان لە نێوانیاندا هەیە.

•ڕەهەندی سیاسی: هاوپەیمانێتییەکە لەسەر بنەمای بەها هاوبەشەکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ و حوکمی یاسا دامەزراوە.

٣. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست: گۆڕانکارییە نوێیەکان

سێ تەوەری سەرەکی پەیوەند بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس کران:

•گۆڕانکارییەکانی دوای ئاگربەستی غەززە: بە کۆتاییهاتنی شەڕی غەززە لە کۆتایی ٢٠٢٤، ئێستا پرسی ئایندەی غەززە، ڕۆڵی حەماس و چارەسەری دوو دەوڵەتی بۆ کێشەی فەلەستین زیاتر لە جاران هاتووەتە پێشەوە.

•کەوتنی ڕژێمی ئەسەد و داهاتووی سوریا: خۆپیشاندانە بەرفراوانەکانی سووریا لە پاییزی ٢٠٢٤دا کە بە کەوتنی ڕژێمی ئەسەد کۆتاییان هات، پرسیاری زۆریان لەسەر چارەنووسی سووریا دروستکردووە.

•مامەڵەی زلهێزەکان لەگەڵ ئێران و تورکیا: لە قۆناغی نوێدا، چۆنیەتی مامەڵەی ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ هەریەک لە ئێران و تورکیا، کاریگەری لەسەر ئاسایشی هەرێمەکە دەبێت.

## ئایندەی کۆنفرانسەکە لە قۆناغی نوێدا

ستۆڵتنبێرگ لە دوارۆژی کۆنفرانسەکەدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: لە ٦٠ ساڵی داهاتوودا، دەبێت کۆنفرانسی میونشن پلاتفۆرمێک بێت بۆ هەموو جیهان، نەک تەنها ڕۆژئاوا. لە سەردەمی فرەجەمسەریدا، پێویستمان بە گفتوگۆی فراوانتره بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ ئاڵنگارییە گلۆباڵەکان وەک گۆڕانی کەش و هەوا، هەڕەشەی تیرۆر و پەتا نوێیەکان.»

ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنفرانسەکە چەند ڕاسپاردەیەکی گرنگی خستەڕوو:

١. دامەزراندنی میکانیزمێکی نوێ بۆ دیالۆگی نێوان زلهێزەکان بە مەبەستی ڕێگرتن لە شەڕی مەزن.

٢. چارەسەرکردنی قەیرانی ئۆکراینا، سووریا، و غەززە لە ڕێگەی گفتوگۆی نێودەوڵەتییەوە.

٣. بەهێزکردنی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە نوێیەکان.

٤. ڕێگەدان بە بەشداریی چالاکانەتری هێزە هەرێمییەکان لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە لۆکاڵییەکان.

٥. گەڕان بە دوای ڕێگەچارەی درێژخایەن بۆ پرسە جیهانییەکانی وەک ئاوارەیی و گۆڕانی کەش و هەوا.

## دەستکەوتەکانی شاندی کوردی

شاندی کوردی لە دوای کۆتاییهاتنی کۆنفرانسەکە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا، دەستکەوتەکانی خۆیان خستەڕوو. نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند «ئەم کۆنفرانسە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە جیهان. لە زیاتر لە ٢٠ دیداری جیاوازدا، پەیامی ئاشتیخوازی و خوازیاری هاوکاریی گەلی کوردمان گەیاندە سەرکردەکانی جیهان.»

باڤڵ تاڵەبانی لە لێدوانێکیدا گوتی: دەستکەوتی سەرەکی ئێمە ئەوەبوو کە توانیمان وەک یەک دەنگ، دۆزی کورد بە زلهێزەکان بگەیەنین. کاتێک سەرکردەکانمان پێکەوە دەبن، کاریگەرییەکەمان زیاتر دەبێت.

بەشداریی کورد لەم خولەی کۆنفرانسدا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر دۆزی کورد هەبووە و چەندین وڵات ئامادەیی خۆیان بۆ پشتگیری لە گەلی کورد دەربڕیوە.

لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین، کۆنفرانسی میونشن لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی سیاسەتی ئاسایشی جیهانیدا بگێڕێت و بەردەوامە لە گەشەدان بە ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی. کوردیش لەم گەشتەدا، هەنگاو بە هەنگاو پێگەی خۆی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر دەکات.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA



# لە پەراوێزی رووداو و پێشهاتە نوێیەکان پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی دیپلۆماسیی جیهانیدا

ئامادەکردنی: بارزان ڕۆستایی

**لە سەرەتاکانی مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٢٤دا، وەزیرانی بەرگریی ئەڵمـانیا، هۆڵەندا و ئیتاڵیا سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و زنجیرەیەک کۆبوونەوەی تایبەتیان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆک وەزیران و ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای هەرێم ئەنجامدا. دواتر هەریەکەیان بە جیا هێزەکانی خۆیانیان لە هەولێر بەسەرکردەوە و پەیامی پشتیوانی و بەردەوامی هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دووپات کردەوە.**

پێنجشەممە بەرواری ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە بۆریس پیستۆریوس، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا و شاندێکی یاوەری کرد، دوایین پێشهاتەکانی دۆخی سووریا، کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر ئەرک و چالاکیی هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش و دۆخی گشتیی عێراق، تاوتوێ کران، هەروەها دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاکاندا، بیروڕایان گۆڕییەوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتگیریی بەردەوامی ئەڵمانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا دووپات کردەوە. سەرۆکی هەرێم بەتایبەتی، ستایشی ڕۆڵی ئەڵمانیای لە پشتیوانیکردنی عێراق و هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا کرد، هەروەها هاوکاریی هێزەکانی ئەڵمانیای لە پرۆسەی یەکخستنەوەی پێشمەرگە و یارمەتییەکانی بۆ پێکهاتەکان، بەتایبەتی ئێزدییان بەرزنرخاند.

بۆریس پیستۆریوس، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا جەختی لەسەر پابەندیی وڵاتەکەی بۆ بەردەوامیی پشتگیری و فراوانکردنی هاریکاریی هاوبەشی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا کردەوە. هەروەها خۆشحاڵیی خۆی بە ئەرکی هێزەکانیان لە هەرێمی کوردستان نیشان دا و دووپاتی کردەوە کە بەردەوام دەبن.

لە هەفتەیەکی گەرمی پڕ لە دیدار و کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی سەربازی و دیپلۆماسیی وڵاتان لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە میانەی پێشوازیکردنی لە گویدۆ کرۆسێتۆ، وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا، سوپاس و پێزانینی بۆ پشتگیری و هاوکاریی ئیتاڵیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و تێکشکاندنی داعشدا دووپات کردەوە، هەروەها ئامادەیی و خواستی هەرێمی کوردستانی بۆ برەودانی زیاتر بە هاریکاریی هاوبەش و پاراستنی ئارامی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا دەربڕی.

گویدۆ کرۆسێتۆ، وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا جەختی کردەوە کە وڵاتەکەی وەک هاوبەشێکی گرنگ، بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەڕوانێت، بۆ ئەوەش لە هەموو بوارەکاندا لە پشتگیری و هاوکارییەکانی بەردەوام دەبێت، هەروەها ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەی لە شەڕی دژی تیرۆر و تێکشکاندنی داعشدا کرد و ڕۆڵ و پێگەی هەرێمی کوردستانی لە ناوچەکەدا بەرزنرخاند.

لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا جێگری سەرۆکی



هەرێم و وەزیری پێشمەرگە، بریکاری وەزارەت و سوپاسالاری پێشمەرگە، باڵیۆزی ئیتاڵیا لە عێراق و ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەردوولا ئامادەی بوون، پەیوەندییەکان و هاریکاریی هاوبەشی سەربازی و ئەمنیی ئیتاڵیا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، پشتگیری و ڕۆڵی هێزەکانی ئیتاڵیا لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش، تاوتوێ کران. هەردوولا باسیان لە جموجووڵ و هەوڵەکانی خۆڕێکخستنەوەی داعش کرد و هاوڕا بوون کە هێشتا مەترسییەکی ڕاستەقینەیە و هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیریی عێراق و سووریا و ناوچەکە دەکات، بۆیە بەردەوامیی پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، بە پێویست زانی، هەروەها جەختیان لە گرنگیی تێوەنەگلانی عێراق لە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە کردەوە.

دوای کۆتایی هاتنی سەردانی وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا بۆ هەرێمی کوردستان بە رۆژێک، لە بەرواری ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازیی لە روبن بریکلمانس، وەزیری بەرگریی هۆڵەندا و شاندێکی یاوەری کرد کە سێیەم وەزیری بەرگریی وڵاتانی ئەورووپی بوو لە ماوەی دوو هەفتەدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

لەو کۆبوونەوەیەدا، پەیوەندییەکانی هۆڵەندا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە بواری بەرگری و ڕاهێنانی سەربازییدا تاوتوێ کران. هەردوولا جەختیان لەسەر برەودان بە هەموو بوارەکان کردەوە و گرنگیی بەردەوامیی هەماهەنگیی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و هێزە هۆڵەندییەکان لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا دووپات کردەوە. هەر لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق و ناوچەکە و ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پتەوکردنی سەقامگیریدا کرا و هەوڵەکانی چاکسازی و یەکخستنەوەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگەدا، خرانە بەر باس.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سوپاسی هۆڵەندای کرد بۆ پشتگیریی بەردەوامی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی داعش و ستایشی ڕۆڵی هێزە هۆڵەندییەکانی کرد لە ڕاهێنان و بەهێزکردنی تواناکانی پێشمەرگەدا.

وەزیری بەرگریی هۆڵەندا جەختی لەسەر پابەندیی وڵاتەکەی بە پشتگیریکردنی ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی کردەوە، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە هەرێمی کوردستان هاوبەشێکی سەرەکییە لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکەدا.

هەردوولا هاوڕا بوون لەسەر پێویستیی بەردەوامبوونی کاری هاوبەش، هەروەها دەربارەی دۆخی ئێزدییان و گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان و دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە، بەتایبەتی گۆڕانکارییەکانی سووریا و لێکەوتەکانی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هەردوولا، بیروڕایان گۆڕییەوە.





ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# هەنگاوەکانی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە

## هاوچەرخی و گەشەکردنی بەردەوام

ئامادەکردنی: هیوا فاتیح
فۆتۆ: بەدیع یاسین

**لە چوارچێوەی هەوڵەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە بواری چاکسازی و لە پێناو پەرەپێدان و ڕێکخستنەوەی یەکە و لیواکان، بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی ئەفسەر و پێشمەرگە لە ناو دامەزراوەی سەربازییدا دەگێڕێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، لەچوارچێوەی پەیکەری ڕێکخستنی وەزارەتی پێشمەرگە دامەزراوە، بەردەوام بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی هێزی پێشمەرگە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، لە گەشەسەندن و نوێبوونەوەدایە.**

### ڕۆڵ و کار و چالاکییەکان

گۆڤاری پێشمەرگە لەم ڕاپۆرتەدا، پلان و کار و ئەرك و چالاكییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان دەخاتەڕوو.
عەمید ئەحمەد سادق ئەسعەد، بەڕێوەبەری بەڕیوەبەرایەتی ڕشتەکان، لەسەر ئەرک و کارەکانی رشتەکان و بەرنامە و هەنگاوەکانی داهاتویان دوا و گوتی «بەڕیوەبەرایەتییەکەمان سەر بە دائیرەی ئۆپەراسیۆنەکان-سەرۆکایەتی ئەرکانە، لەگەڵ ڕیکخستن و یەکخستنی وەزارەتی پێشمەرگە لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە و دەستی بە کارەکانی کردووە. پێنج ڕشتەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتییان پێکدەهێنن: بەشی تانك، بەشی تۆپخانە، بەشی ئەندازیاری، بەشی پیادە و بەشی کیمیاوی. لە ڕێگەی ئەم بەش و یەکە پسپۆرییانەوە، سەرپەرشتی پرۆسەی ڕاهێنان و پێگەیاندنی پێشمەرگەکان لە بوارە جیاوازەکانی وەك، تاکتیکی سەربازی، پەیوەندییەکان، لۆجستیك و چەندین بواری تری پێویست دەکەین. کار و ئەرکەکانمان بە ئامانجی مۆدێرنکردنی هێزێکی سەربازیی هاوچەرخ و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بە شێوەی زانستی سەربازیی سەردەمە کە لەگەڵ پێشکەوتنەکان و لە ئاستی هێزەکانی ناوچەکەدا بێت».
عەمید ئەحمەد سادق ئاماژەی بەوەش دا کە گرنگی تایبەتمان بۆ پەرەپێدانی زیاتری ڕشتەکان لە گشت یەکە و لیوا هاوبەشەکان داوە. بۆ ئەو مەبەستە، پێشنیازمان بۆ سەرووی خۆمانەوە کردووە کە ڕشتەی بەرگریی ئاسمانیش وەک ڕشتەیەکی هەستیار و گرنگ بکرێتەوە. لەبەرئەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی جەنگ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیا گەشەیان سەندووە، گرنگ و پێویستە هێزی پێشمەرگە لەم بوارەیشدا ئامادە بێت، چونکە زۆرجار هێرشەکانی دوژمن لە ڕێگای (درۆن) ئەنجام دەدرێن. جیا لەوە، بەگشتی لە تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ گشت ڕشتەکان سوود وەربگیردرێت».

### خولی تایبەت بە ڕشتە جیاوازەکان

لەبارەی کۆبوونەوە و هەماهەنگی لەگەڵ یەکەکان، بەڕێوەبەری ڕشتەکان ڕاگەیاند «لە سەرەتای ئەمساڵەوە، چەندین کۆبوونەوە و کۆنگرەمان لەگەڵ بەڕێوەبەران و ئەفسەرانی پەیوەندیدار لە بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری و گەیاندن، مەشق، ئایتی و تەواوی ڕشتە جیاوازەکان ئەنجام داوە تاوەکو لە ڕێگەی پلانی مەشق و ڕاهێنان، ئەو ئەفسەرانەی کە دەرچووی کۆلێژەکانی زاخۆ و قەڵاچوالانن





عەمید/ ئەحمەد سادق

بەپێی پسپۆڕی خۆیان خولی ڕشتە ببینن و شارەزای ڕشتەکانی سەربازی ببن. خۆشبەختانە، لە ئێستادا بە هەماهەنگی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، لەڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە خولی ڕشتەکان لە بنکە مەشقییەکانی کەرکووک و سلێمانی بەڕێوەدەچێت کە بۆ ئەفسەرانی تازە دەرچووی هەردوو خولی ٢٩ی پێگەیاندنی زاخۆ و ٤ی پێگەیاندنی قەڵاچوالان کراوەتەوە، کە ژمارەیان ٩ خولە و بۆ ڕشتە جیاوازەکانە. خولەکانیش بریتیین لە: خولی ڕشتەی پیادە، تۆپخانە، گەیاندن، ئایتی، هەندەسە، ئیداری، کیمیایی و هـ.أ.ک). ئەوەش بۆ یەکەمجارە لە وەزارەت ئەم خولانە لە یەک کاتی دیاری کراو لە بنکەکانی مەشق و ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی کە لە بنەڕەتدا ڕشتەن، دەکرێتەوە.»

## قوتابخانەی ئەفسەرانی پۆل

تایبەت بە کردنەوەی قوتابخانەی ئەفسەرانی پۆل، عەمید ئەحمەد ڕوونیکردەوە، جەختمان لە گرنگی دامەزراندنی قوتابخانەی ئەفسەرانی پۆل کردەوە، کە بە پرۆژەیەکی ستراتیژیی بۆ پێگەیاندنی کادیری سەربازی پرۆفیشناڵ دادەنرێت و هاوکات، گفتوگۆی گرنگ و پێویست لەسەر پلان و بەرنامەکانی خوێندنی سەربازی کراوە، کە بڕیارە لەم قوتابخانەیەدا پەیڕەو بکرێن. بۆ ئەوە هەماهەنگی زۆر باشمان لەگەڵ تیمی هێزەکانی هاوپەیمانان هەیە و ئەوانیش، پشتگیری و پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دووپات کردووەتەوە. پرۆژەکە لە قۆناغی دیزاین دایە و لە ماوەیەکی نزیکدا تەواودەکرێت. ئەم قوتابخانەیە بەشێکە لە پرۆژەی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە کە بە هاوکاری و پشتیوانی هاوپەیمانان جێبەجێ دەکرێت.

## کاروباری کارگێڕی

عەمید عەبدوڵڵا بەکر ساڵح، جێگری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان، چۆنیەتی ئەرکەکانی جێگری بەڕێوەبەر ڕوونیکردەوە و گوتی «ئەرکە سەرەکییەکانی بەڕیوەبەرایەتیمان دیاریکراوە و وێڕای هەماهەنگی و هاریکاری لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە ڕشتەن، هاوکات، ڕۆڵی ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی ئەرکان بۆ گشت ڕشتەکان دەبینێت. یەکێکی تر لە ئەرکەکانمان، بەشداریکردن و دیاریکردنی شێوازی پەیکەری یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و ڕێکخستن و یەکخستنی یەکپۆشی و ڕێکپۆشی ڕشتە جیاوازەکانە. ئەوەشی خستەڕوو، من وەك جێگری بەڕێوەبەر، لە کاتی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەر بە هۆی نەخۆشی یاخود سەفەرکردن، جێبەجێکردن و سەرپەرشتی ئەرک و کارەکانی بەڕێوەبەرایەتی وەئەستۆدەگرم. هەروەها، پرۆسەی ڕێکخستنی کاروباری ئیداری و کارگێرییەکان و بەشداریکردن لە دانانی پلانی کار و ستراتیجی بەڕێوەبەرایەتی، چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کارمەندان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەر، هاوکات، دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی ڕێنمایی و یاساکانی وەزارەت بەشێکی دیکە لە کارەکانی منە. جودا لەمانەیش پەیوەندی و هەماهەنگی بەردەوامان هەیە لەگەڵ بەشەکانی تری وەزارەت، بۆ جێبەجێکردنی پلان و ئەرکەکانی تایبەت بە بەڕیوەبەرایەتیمان».

جێگری بەڕێوەبەری ڕشتەکان زیاتر دوا و گوتی «هەفتانە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پێشنیازی هەمەجۆر بۆ پرۆسەی بەرەوپێشچوون و بە مۆدێرنکردنی هێزی پێشمەرگە، کۆبوونەوە و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان ئەنجام دەدەین، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ ڕشتە جیاوازەکانی سەربازی ڕێکبخەین و ئەفسەران و کارمەندان



عەمید / عەبدوڵ بەکر

بەپێی پسپۆڕی خۆیان لە ڕشتەکان جێ بکرێنەوە. لەم پێناوەدا لەڕووی دروستکردنی ژێرخان و کردنەوەی خولەکان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێم، لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان هەماهەنگی و هاوکاریی بەردەوامان هەیە.»

جێگری بەڕێوەبەر ڕایگەیاند «دوای پێشنیازکردنمان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێگەی دائیرەی ئۆپەراسیۆنەکان لە سەرۆکایەتی ئەرکان، توانیمان بەشی کیمیاوی و ئەندازیاری لە هەموارکردنەوەی پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیمان زیاد بکەین. لە ئێستادا بەڕێوەبەرایەتیمان یەکێکە لە بەڕیوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە».

## بەشی کیمیاوی

عەمید ركن ئەموال ئەبوبەکر، بەڕێوەبەری بەشی کیمیاوی، گرنگی ڕۆڵ و ئەرکی بەشەکەیان دەخاتەڕوو و گوتی «ساڵی ٢٠١٦ لەسەر داواکاری هاوپەیمانان (ئەمریکی)، ئەم بەشە لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان دەست بەکار بووە. ئەم بەشە پێکدێت لە بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەر، ئەفسەری ڕوکنی مەشق و ئەفسەری ڕوکنی کەلوپەل و سریەی بەرگریی کیمیاوی. بەشی کیمیاوی، بەمەبەستی شارەزابوونی ئەفسەران و کارمەندان لە مامەڵەکردن بە کەلوپەل و پێداویستییەکانی بەرگریی کیمیاوی، بە کردنەوەی ١٤ خولی تایبەت لەو بوارە، لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، ڕاهێنان و مەشقی پێویستیان ئەنجامداوە. خولەکان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



عەمید روكن / ئەموال ئەبوبەكر

وەزارەتی بەرگری عێراقی کرابۆوە».

تایبەت بە خول و ڕاهێنان و چۆنیەتی خۆپاراستن لە گازە ژەهراوییەکان، عەمید ئەموال ئاماژەی بەوەشکرد کە وەك بەشی کیمیاوی بەشداربووین لە ١٠ خولی تایبەت بە (CBRN) کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکی و لەلایەن وەزارەکەتی دەرەوەی ئەمریکا لە شارەکانی هەولێر و بەغدا سەرپەرشتی دەکرا. دوای هەماهەنگی و لێکگەیشتن لە بواری سەربازی لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراقی فیدراڵ، بە ڕەزامەندیی هەردوو بەڕێزان سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان و سەرۆکوەزیرانی عیراقی فیدراڵ، تایبەت بەو ناوچانەی کە مەترسی پاشماوەی شەڕیان لەسەرە، ئەو ناوچانەی لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدراڵن، وەك نوێنەری وەزارەتی پێشمەرگە بە ئەندامی تیمی (CBRN) کە سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقە، دەستنیشان کرام. سەرۆکوەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تیمە هاوبەشەکانی نێوان وەزارەتمان و وەزارەتی بەرگریی عێراق، ڕەزامەندی و پشتگیری لەسەر هاوکاری و دابینکردنی پێداویستی لۆجستی دەربڕی.»

بەڕێوەبەری بەشی کیمیاوی زیاتر دوا و گوتی «کەلوپەلی پێویست بۆ لە ناوبردنی گازە ژەهراوییەکان لەبەردەستن. بە سوپاسەوە، لە لایەن تیمی هێزەکانی ئەڵمانی، بۆیان دابینکردووین کە بریتین لە ئۆتۆمبیلی تایبەت و کەلوپەلی پشکنین و جلوبەرگی تایبەت بە خۆپارێزیی کیمیاوی. لەڕووی مەشق و ڕاهێنان، بەردەوام هاوکاری و هەماهەنگی زۆر باشیان لەگەڵماندا هەیە. بەشەکەمان تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٧ چالاکی جۆراوجۆری لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی لە ناوبردنی گازە ژەهراوییەکان و پاککردنەوەی ناوچەی جەنگ لە پاشماوە و بۆمبی جەنگی ئەنجام داوە. گازە ژەهراوییەکان و بۆمبەکانی پاشماوەی جەنگ مەترسیان لەسەر ژیان و جەستەی مرۆڤ زۆرە، بۆیە گرنگە لە هەر شوێنێك بێت پاك بکرێنەوە و لەناو ببرێن».

## بەشی ئەندازیاریی سەربازی

یەکێکی تر لە بەشە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان، بەشی ئەندازیاریی سەربازییە. دەربارەی ڕۆڵ و گرنگی ئەم بەشە، عەمید ئەحمەد محەممەد ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەشی ئەندازیاری، بۆ گۆڤاری پێشمەرگە ڕوونیکردەوە «بەشی ئەندازەی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان، یەکەم هەنگاوی کارکردنمان بریتی بوو لە دروستکردنی k٩، بە هەماهەنگی هێزەکانی هاوپەیمانان و ڕیکخراوی مارشاڵی خێرخوازی. سەگی ڕاهێنراو لە بواری پشکنینی مین و تەقەمەنیان بۆ دابین کردین. چەند خول و ڕاهێنانمان بۆ ئەفسەران و پلەدارانی پۆل ئەندازە، لە بواری بەرگریی مەیدان و مامەڵەکردن لەگەڵ مین و خۆپاراستن لە مەترسییەکانی کردووەتەوە. بەشی ئەندازیاریی سەربازی بەردەوام لەگەڵ بەرگریی شارستانی هەرێم، لە بارودۆخی لافاو و ڕووداوە نەخوازراو و سروشتییەکان، هەماهەنگی و هاوکاریمان هەیە. هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوی مین پەیوەندی و هاوکاریمان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و مەشقی هاوبەش بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بەیەکەوە.»

ئەوەشی خستەڕوو کە سریەکەیان لە کاتی شەڕی داعش ڕۆڵی گرنگی هەبووە، ئەوەیش لەگەڵ لیوای ١٤ی پیادە لە چیای قەرەچوغ و باشیك بەمەبەستی پشکنینی سەرەتایی و پاککردنەوەی ڕێگاکان لە مەترسی مین و بۆمبی چێنراو. هەروەها، بەشەکەیان بۆ دۆزینەوەی مین و پاشماوەی تەقەمەنی لە شوێن و خاڵی پشکنینی هێزەکانی پێشمەرگە، بەردەوام لە مەشق و ڕاهێنانی سەگ دایە.



عەمید/ ئەحمەد محەممەد

عەمید ئەحمەد محەممەد باسی لەوش کرد، لە ڕێگای لیژنەکانمان بۆ دلنیابوون و زیاتر تۆکمەکردنی ئاستی ئەندازەی سەربازییان، سەردانی گشت لیوا و یەکەکانی وەزارەت دەکەین. ئەوشی وەبیر هێنایەوە کە تیمی k٩ تاوەکو ئێستا ٣ جار لەلایەن ئەمریکاوە ڕێزلێنانیان وەرگرتووە و ئاستی یەکەمیان لە بواری ئەندازەی سەربازی بەدەستهێناوە. هاوکات، لە کۆنفرانسی ساڵانەی k٩ لە هەمان وڵات بەشداربوون و بڕوانامەی بەشدارییان لە کۆنفرانسەکە پێبەخشرا.

## دەرئەنجام

بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان وەک یەکەیەکی گرنگ و کاریگەر لەسەر هێزی پێشمەرگە ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی سەربازی و بە مۆدێرنکردنی هێزی پێشمەرگە دەبینێت. هەنگاو و قۆناغەکانی بە ئاراستەی زیاتر گەشەسەندن و بەرزکردنەوەی توانای زانستی سەربازیی سەردەمە بۆ گشت ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە لە یەکە جیاوازەکان، بە ئامانجی دروستکردنی هێزێکی تۆکمە و کاریگەر لەسەر ئاستی جیهانی کە کاریگەریی لەسەر هێرش و هەڕەشەکانی دوژمن هەبێت.

**بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی کادیرانی سەربازیی دەگێڕێت.**

# کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن

## ڕۆڵ و ئەرکەکانی بۆ پەرەپێدانی ئینتیمای نیشتمانی

● ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

**لە دنیای ئەمڕۆی تەکنەلۆژیا و بەرفراوانی میدیا و سۆشیاڵ میدیادا، بێگومان میدیا لە هەموو کایەکانی ژیاندا ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی لەسەر تەواوی سێکتەرەکانی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و وشیاری) و..هتد هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستیانە، لەوە تێدەگەین کەوا ڕۆڵی میدیا لە بنیاتنانی ئینتیمای نیشتمانیدا کاریگەریی گەورەی لەسەر ئاراستەکردن و ڕێکخستن و هاندانی تاکەکان بۆ زیاتر ئاشناکردنیان بە بنەماکانی خۆشەویستی نیشتمان و برەودان بە پاراستنی زێد و وڵاتەکەیان لە هەر ئەگەر و پێشهاتێک هەیە. بۆ زیاتر ئاشنابوون و ڕوونکردنەوەی زیاتر، هەر یەک لە، پرۆفیسۆر دکتۆر هێرش ڕەسوڵ، یەکەم پرۆفیسۆری کورد لە بواری میدیا و بەڕێز دکتۆرە نەجیبە ئیبراهیم ئەحمەد و دکتۆر شڤان شوانی بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوان.**



**پرۆفیسۆر دکتۆر هێرش ڕەسوڵ**



**دکتۆرە نەجیبە ئیبراهیم**



**دکتۆر شڤان شوانی**

### ڕۆڵی میدیا

سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە بنیاتنانی ئینتیمای نیشتمانی بۆ تاک و کۆ، پرۆفیسۆر دکتۆر هێرش ڕەسوڵ بەم شێوەیە بۆمانی ڕوونکردەوە: بەو پێیەی ڕاگەیاندن بە ئامرازە کۆنباوەکان (چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن) و ئامرازە نوێ چەشنەکانییەوە (سۆشیاڵ میدیا و تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی) یەوە، بەهۆی کاریگەرییە جیاوازەکانیان و تایبەتمەندی و خزمەتگوزارییە فرە و زۆرەکانیانەوە، دەتوانن ڕۆڵی گرنگ هەم لە دروستکردن و هەم لە بەهێزکردنی لابوون (ئینتیما)ی نیشتمانیی تاک و گروپەکان ببینن.

ڕاگەیاندن لە ڕێگای ئەو پەیامانەی بە شێوازە جیاوازەکان پێشکەشیان دەکات، لە ڕێگای سەرچاوە جیاوازەکانەوە، دەتوانێت لابوونی نیشتمانیی تاک بەهێزبکات و گەشەی پێبدات.

ئەو پسپۆڕەی بواری ڕاگەیاندن روونی دەکاتەوە، ڕاگەیاندنکار چۆن دەتوانێت لە ڕێگای هەموو ئەو بابەتانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پێشکەش دەکرێن، ئەو لابوونە نیشتمانییە هەم دروست، یان ئەگەر هەیە، بەهێزی بکات و زیاتر گەشەی پێبدات؟ بۆ نموونە، بایەخدانی تایبەت بەو بابەتانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، تۆخکردنەوەی دۆزە نیشتمانییەکان، بۆنە نیشتمانییەکان، هەڵوێستە نیشتمانییەکان، ... تاد.

دەربارەی هەمان بابەت، دکتۆرە نەجیبە ئیبراهیم گوتی: سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لەم بوارەدا، دەتوانین بڵێین کە جیهان لە سایەی ئەو تەکنەلۆژیا فراوان و پێشکەوتووانەی کە جیهانیان کردووە بە گوندێکی بچووک، کە تێیدا بەرژەوەندی و دەسەڵاتەکان پێکەوە تێکەڵاون، ئەوە ڕوون بووەتەوە کە میدیا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکان لەڕووی مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و پاراستنی بەهاکانییەوە هەیە. هەروەها میدیا توانایەکی گەورەی بۆ دارشتنی ڕای گشتی هەیە، کە وڵاتان و حکومەتەکان دەیقۆزنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، بەبێ گوێدانە ڕادەی سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کە لەبەر دەستی میدیاکاندایە، بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی بەکاردەهێنرێت. پاشان میدیاکان لە ئاستە جیاجیاکاندا دەستیان کرد بە ڕۆڵی زیادبوون، لە بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەستیان کرد بە ئاراستەکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە،

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تا ڕادەیەکی زۆر و کاریگەری لەسەر جۆری ئەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە بارودۆخە جیاوازەکان دەدرێن، بەتایبەت لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا وەک کۆمەڵگەی تەماشاکردن (المجتمع المُتفرِّج) وەسفدەکرێن. ئەمەش بەو مانایەیە، ئەو وێنەیەی کە لە ڕێگەی ئامێرە تەلەڤزیۆنییەکانەوە لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەگوازرێتەوە، بەهاکان دادەڕێژێت و ملیۆنان بینەر ئاراستە دەکات. بەم شێوەیە کلتووری وێنەکە بەسەر کلتوورەکانی دیکەدا زاڵە.
دکتۆرە نەجیبە پێی وایە، کە لە ئەدەبیاتدا ڕوونە کە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر بەپێی پەیوەندی لەگەڵ سیستەمی سیاسی و ئابووری دەوڵەتدا جیاوازە. بابەتگەلێک هەن کە پێویستە لە کاتی لێکۆڵینەوە لەو ڕۆڵەی کە میدیا دەیگێڕێ لەبەر چاوبگیرێن، ئەوانیش: کێ خاوەنی میدیایە؟ کێ پەیامی میدیای ئاراستە دەکات؟ بۆ کێ ئاراستە دەکرێ؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی کە میدیا دەیگێڕێت لە داڕشتنی ڕەفتار و

**میدیا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر ژیانی کۆمەڵگەکان لەڕووی مۆدێرنکردنی کۆمەڵگە و پاراستنی بەهاکانییەوە هەیە.**

لابردنی ئاستەنگەکان و دەستنیشانکردنی دەرفەتەکانی چاکسازی. بەشێوەیەکی گشتی میدیا بەتوانای خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ڕوودانیدا جیا دەکرێتەوە. لە لایەنەکانی تری وەک بواری پەروەردەیی تر لە ئاستە جیاجیاکانیدا ڕووبەڕووی هەموو عەقڵەکان دەبێتەوە و لە ئەزموون و مۆدێل و بیرۆکەکان، فۆرماتێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر دەخاتەڕوو. بەم شێوەیە کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر پێکهێنان، یان دەستکاریکردنی هەڵوێستی ئەندامانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پێشنیاز و هەڵوەستەیان لە ڕێگەی ئەو ماددە جۆراوجۆرانەی کە دەیخاتەڕوو، هەیە.
سەبارەت بە هەمان بابەت بەڕێز دکتۆر شڤان ڕوونیکردەوە: میدیا ڕاستەوخۆ کاریگەری لە دروستکردنی هۆشیاری تاک و کۆمەڵ هەیە، هەروەها میدیا بە هەموو جۆرەکانییەوە، کاریگەرترین ئامرازە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی. بۆیە ئەگەر میدیا بەرپرسانە مامەڵە بکات و لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی کاربکات و هەوڵی کەشفکردن و داکۆکیکردن لە ڕاستییەکان بدات، دەتوانێت بە ئاسانی کاریگەرییەکی گەورەی لە دروستکردنی ئینتیمای نیشتمانی هەبێت.

## ئەرکی میدیا

سەبارەت بە ئەرکی ئێستای میدیای کوردی بۆ بنیاتنانی ئینتیمای نیشتمانی، دکتۆر هێرش ڕەسوڵ ڕایگەیاند: ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا سەبارەت بە ئەرکەکانی بەرانبەر لابوونی نیشتمانی تارادەیەک بێهێزە، یان دەتوانین بڵێین، ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە دروستکردنی ئەو لابوونە و گەشەپێدان و بەهێزکردنی نییە، کە هۆکاری ئەم ڕۆڵە لاوازەشی، بەشێکیان پەیوەندیدارن بە هەل ومەرجی بابەتی و بەشێکیشیان بە هەل ومەرجی



خودییەوە.

دەربارەی هەمان بابەت بەڕێز دکتۆرە نەجیبە ئیبراهیم ڕوونیکردەوە کە لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، میدیای کوردی شایەنی گۆڕانکاریی بنەڕەتی بووە، بەو پێیەی گۆڕەپانەکەی فراوانتر بووە و زۆرێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بێ فلتەر سەریان هەڵداوە. بەشێوەیەکی فەرمی، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جێگرەوە (بەدیل) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گۆڕانکارییە لە دیمەنی میدیادا، ئەرکێکی نوێیان گرتووەتە ئەستۆ، بەتایبەتی کە ژینگەی هەرێمی کوردستان پڕە لە قەیران و ململانێ. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەرتە جیاوازەکانی ژیان هەبووە، بەڵام ئەدای میدیا لاواز بوو کە بووتە بەشێک لە قەیران. داکشانی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی وازهێنانی لە ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی و دووركەوتنەوە لە واقیع لە ژێر بارودۆخێکی نالەباردا کە ئاژاوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی زیاترکرد. لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانەکان یان ڕووداوە نەخوازراوەکان، چاوەڕوان دەکرا کە ڕاگەیاندن بەرپرسیارانەتر مامەڵە بکات، چونکە ئەرکەکەی تەنها لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری سنووردار نییە، بەڵکو بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنی بیروڕای گشتییە. میدیا تەنها سەکۆیەکی گواستنەوە نییە، بەڵکو هاوبەشێکە لە بنیاتنانەوە و پاراستنی ڕەوتەکانی کۆمەڵگە.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ پێی وایە، واقیع ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان دەکەونە ژێر کاریگەری و گۆڕانکارییەکان، ئەمەش وادەکات میدیاکان هەواڵی ڕاست و دروست پێشکەش بکەن، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە کۆمەڵگەوە هەیە و بەهای هەواڵی ڕاستەقینەی هەیە. پشتگوێخستنی، دوور لە لایەنگری یان شێواندنی ڕاستییەکان بۆ خزمەتکردنی هەندێک بەرژەوەندیی ئیعتیبارکردن هەوێنی ڕۆژنامەگەری ڕاستگۆیە. سەرەڕای نەبوونی میدیایەکی نەتەوەیی یەکگرتوو، دەکرێت بە هەوڵی ئاشتەوایی و دووركەوتنەوە لە هاندان یان بڵاوبوونەوەی ڕق و دووبەرەکی، گوتاری یەکریزیی نەتەوەیی بنیات بنرێت. بە دیدێکی هۆشیارانە و ڕێبازێکی ئەرێنی، میدیا دەتوانێت ببێتە پردێک بۆ لێکتێگەیشتن نەک بەردەوامکردنی باڵادەستی و ڕەشبینی لە گۆڕەپانی گشتیدا.

## هۆکارەکانی لاوازبوونی ڕۆڵی میدیا

سەبارەت بە هۆکارەکانی لاوازبوونی میدیا لە بەرامبەر بنیاتنانی ئینتیمای نیشتمانی، پرۆفیسۆر دکتۆر هێرش دەڵێت: هۆکارەکان فرە و جیاوازن، بەڵام دەتوانین لێرە سەرەکیترینیان بخەینە ڕوو. یەکەم دەکرێ لە خۆمان بپرسین: ئایا ڕاگەیاندنی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، خۆی لە کوێی تەنگژە (قەیران)ـە جیاوازەکاندایە؟ ئایا ئەو ڕاگەیاندنە خۆی بەم سروشت و پێکهاتە و ناوەز و ستراتیجی کارکردنییەوە توانای بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی هەیە؟ ئایا پێواژۆ (سیستم) و کەتوار (واقیع) و دۆخەکە تاچەند لەبارە؟ ئەمەش نەک هەر بۆ ڕاگەیاندن، بەڵکو بۆ هەموو کایە جیاوازەکان، لە ڕووی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە. بۆیە کاتێک هەموو بارودۆخەکە بە شێوەیەکی گشتی گونجاو نەبوو، پرسە نیشتمانییەکان بە شێوەیەکی گشتی پەراوێزخرابوون، هەوڵی جددی نەبوو بۆ دروستکردن و گەشەپێدان و چەسپاندنی لابوونی نیشتمانی لای تاک بە چین و توێژە جیاوازەکانییەوە (بە تایبەت گەنجان، کە بە هۆکاری جیاواز، ئەو هەست و هزرەیان تارادەیەک لەلا کاڵبووەتەوە)، هەروا کەرت و بوارە جیاوازەکان بە شێوەیەکی گشتی نیشتمانی نەبوون و نیشتمانییانە کاریان نەکردووە، ئەستەمە ڕاگەیاندنیش وەک پێویست بتوانێت نیشتمانی بێت و ڕۆڵ ببینێت.

جگە لەوەش؛ کۆمەڵێ ئاستەنگی جیاواز لە بەردەم ڕاگەیاندنی کوردیدا هەن. لەڕووی پیشەییەوە (پرۆفیشناڵێتی) هەندێ گرفت و کێشەی هەیە و کۆمەڵێ هۆکاری تریش وایکردووە وەک پێویست نەتوانرێت ڕۆڵی هەبێت هەم لە دروستکردنی لابوونی نیشتمانی، هەم لە بەهێزکردن و گەشەپێدانیشی، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە بەشێوەیەکی ڕەها نەیتوانیبێ.

دەربارەی هەمان بەدواداچوون، دکتۆرە نەجیبە، هۆکارەکانی لاوازبوونی میدیا دەگێڕێنەوە بۆ نەبوونی دەزگایەکی چاودێری و میدیای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و دەرهاویشتە نیگەتیڤەکانی نەبوونی میدیای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بۆ چەند خاڵێک دەگێڕێتەوە:

١/ فرەکەناڵی و نەبوونی کەناڵێکی نیشتمانی کە زمانحاڵی نیشتمان و وڵات بێت.

٢/ ونبوونی گوتاری نیشتمانیی هاوبەش.

٣/ دابەشبوونی بینەر هەریەکە و بەپێی کەناڵە جیاوازەکان.

٤/ نەمانی ناسنامەی کلتووری و نیشتمانی و ئایینی.

٥/ لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی لەبەر نەبوونی کەناڵێک کە کەناڵی گشتی و ڕوحی هاووڵاتیبوون و کوردبوون بپارێزێت.

٦/ لاوازبوونی زمانی کوردی.

٧/ لاوازبوونی ئەدەب و هونەر و میوزیکی کوردی.

## کەرەستە و ئاڕاستەکانی میدیا

سەبارەت بەوەی کە لە ئێستادا پێویستە میدیا بە چ ئاڕاستە و کەرەستەیەک کاربکات بۆ ئەوەی ئینتیمای نەتەوەییمان بەرەو قۆناغێکی باشتر بڕوات، پرۆفیسۆر دکتۆر هێرش گوتی: کورتترین وەڵام بۆ ئەم پرسە لە ئێستادا بە بۆچوونی من ئەمەیە: پێویستە بە ئاراستەی بوون بە «ڕاگەیاندنی نیشتمانی» کاربکەین.

بەڵام بۆچی؟ چونکە ڕاگەیاندنی نیشتمانی لەسەر دوو کۆڵەگەی سەرەکی وەستاوە: کۆڵەگەیەکیان بریتییە لە «نیشتمانیبوون»، واتە بایەخدان بە هەموو ئەو بابەتانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، هەم لە پاراستنی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگی نیشتمانی و نەتەوەییەوە تا دەگاتە پاراستنی ژینگە و بایەخدان بە پەروەردە، تەندروستی، خوێندنی باڵا و گرنگیدانی تایبەت بە پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی، ... تاد.

کۆڵەکەی دووەمیش، «پیشەییبوون»ـە، واتە ڕاگەیاندن چۆن پیشەییانە کاردەکات، بە شێوازێک کە زۆرترین کاریگەریی هەبێت و ڕەچاوی بنەماکانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئاکاری پیشە و یاسای کاری ڕاگەیاندن بکرێ، زیانی بۆ تاکەکان و کۆمەڵ و گروپە جیاوازەکان نەبێ و بەرپرسانە کار بکات، ڕاستگۆ بێت، بابەتییبوون بپارێزێت، هەروەها مافی ژیانی تایبەت و هاوسەنگی و هەموو ئەو بنەمایانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەرییان لەسەر پیشەییبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکاران هەیە.

سەبارەت بە هەمان پرس، دکتۆرە نەجیبە بۆچوونی بەم شێوەیە بوو:

ئەو ڕۆڵەی کە میدیا دەبێت بیگێڕێت لە چاندنی ئینتیمای نیشتمانیدا پێویستە کار لەسەر چەند ئامرازێک بکرێت، کە گرنگترینیان بریتین لە: پەرەپێدانی هۆشیاری بۆ کلتووری سیاسی، ئەمەش بەو مانایەیە کە میدیاکان پێویستە جەماوەر لەسەر سروشتی سیستەمە باوەکان و ئایدۆلۆژیا تایبەتەکانی هزری سیاسی لە وڵاتاندا پەروەردەبکەن. هەروەها سیستەمی بیروباوەڕ و هێما و بەها نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان کە ژینگەی کاری سیاسی لە کۆمەڵگەدا بە پێی دەستوور و یاسا پێکدەهێنن، لە ڕێگەی ئەو ناوەرۆکانەی کە لە میدیاکاندا خراونەتەڕوو و کارکردن بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا.

ئامرازێکی تر بریتییە لە بەرزکردنەوەی بەشداریی کۆمەڵایەتی: لە نێو ئەو کارانەی کە میدیا دەیکات، پاڵنانی هاووڵاتیانە بۆ تێکەڵبوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاککردنی هەستی بەکۆمەڵ و هەستی بەرپرسیارێتی و ئەوەی کە هەر تاکێک ئەرکی ئایینی، خێزانی، کۆمەڵایەتی ، نەتەوەیی و یاسایی هەیە، کە دەبێت ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. بەشداریکردن لەوانەیە فەرمی یان نافەرمی بێت. بەشداریکردن بە گشتی یارمەتیدەرە لە گەشەپێدانی کەسایەتی هاووڵاتی و پێشخستنی نەتەوەکە و ڕۆڵێکی کاریگەری لە کۆمەڵگەدا هەیە و هەمووان لەبەردەم یاسادا یەکسانن.

هەروەها یەکێکی تر لەو ئامرازانە گەیشتن بە یەکگرتوویی هەمەلایەنەیە کە پرۆسەی هەماهەنگی و یەکسانی لەناو قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتووری و چاندنی هەستی هاوسۆزی و ئینتیما بۆ کۆمەڵگە لە ڕێگای یەکخستنی ئیرادەی تاک و ئیرادەی هەمووان بۆ قازانجی هاووڵاتی و میللەت بەگشتی.

هەروەها پەروەردە و هۆشیاری یەکێکی ترە لە ئامرازەکان. ئەمەش بە بەرەوپێشبردنی هەموو جۆرەکانی ئازادی بەتایبەتی ئازادی بیرورا و ڕادەربڕین، کە ڕێگە دەدات بە زیادکردنی هۆشیاری و تێڕوانین بۆ کلتوورەکانی تر و دابینکردنی هەموو شتێکی نوێ بۆ هاووڵاتی لە بوارە جیاجیاکاندا و قوڵکردنەوەی لە ڕێگای

**ئەگەر میدیا بەرپرسانە مامەڵە بکات و لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی کاربکات و هەوڵی کەشفکردن و داکۆکیکردن لە ڕاستییەکان بدات، دەتوانێت بە ئاسانی کاریگەرییەکی گەورەی لە دروستکردنی ئینتیمای نیشتمانیدا هەبێت.**

شیکردنەوە و ڕەخنە.

دەربارەی هەمان پرس و ئاریشە، دکتۆر شڤان ڕایگەیاند: بە کورتی میدیا سێ ئەرکی هەیە، ئەنجامنەدانی ئەم ئەرکانە، کاریگەرییەکی گەورەی نەرێنی دروست دەکەن.

یەکەم: میدیا ئەرکی گەڕانە بەدوای ڕاستییەکان.

دووەم: میدیا دەبێت لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی نەک تاک کار بکات.

سێیەم: دەبێت میدیا چاودێربێت بەسەر دەسەڵات و کۆمەڵگە و ڕۆڵی هۆشیارکردنەوە و ڕێنوێنیکردنی کۆمەڵگە و تاک ببینێت، ئەگەر ئەمە ئەنجام نەدرا، کێشە و کەلێنی گەورە دروست دەبێت.



# شیکاری هەواڵ

## وۆرکشۆپی پرۆژەی میدیا، هەنگاویکی گرنگ بۆ بەدامەزراویکردن

● ئامادەکردنی: عەمید ستار عەبدولکەریم

**هەواڵ بە تەنیا گەیەنراوێکی زانیاریی بابەتیانە نییە بۆ گەیاندنی رووداوێک لە شوێنێکی دیاریکراو و کاتێکی دیاریکراودا، بەڵکو لەو دیوی هەواڵەوە، وێنە و رووداوی تر هەن کە پێویستە لە شیکاردا ببینرێنەوە. هەواڵ هەر بە تەنیا دەنگێک نییە بۆ پێشکەشکردنی ئەو کردارانەی لە هەر رووێکەوە لە ژینگەی مرۆڤدا روودەدەن و ئەم دەنگە، دەنگدانەوەی لێدەکەوێتەوە (هەڵای میدیا)، بەڵکو دەنگێکی ترە لەڕووی ئەرێنی و نەرێنییەوە کە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە.**

هەواڵ لە رووکەشدا وێنە و نووسینە لەسەر رووپەڕی رۆژنامە، کەناڵ و ماڵپەڕەکان کە دواتر بۆ چەند ساتێک دەبنە وێردی سەر زمانی خەڵک. هەندێ هەواڵ بۆ چەند رۆژ و هەفتە، تەواوی سۆشیال میدیا بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن و دەمێننەوە.

### پڕۆژەی شیکاریی هەواڵ

بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن لە وەزارەتی پێشمەرگە بە پێویستی زانی ئەمجارەیان بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی وردتر لەسەر هەواڵ بوەستێت و تەواوی لێکەوتەکانی، کاریگەرییەکانی و هەروەها مانەوە و دەرکەوتنی رووداوی تر وەک هەواڵێکی تر شیکاربکات. ئەمەش بۆ ئەوەی کارمەندانی خۆی پڕزانیاری بکات و وەک پڕۆژەیەکی میدیایی لە ئایندەدا پێشکەش بە وەزارەت بکات.

لەم رووەوە، بە هاوکاری راوێژکاری میدیایی لە هێزەکانی هاوپەیمانان (وڵاتی ئەڵمانیا)، ورکشۆپێک رێکخرا.

### ناوەڕۆکی ورکشۆپەکە

سەرەتا، ورکشۆپەکە وەک پڕۆژەیەک پێشکەشکرا و تێیدا کاپتن کارۆلینا پشتی بە سیستمێکی دیاریکراو بەست لەڕووی ئۆپەراسیۆنییەوە کە پێکەوە گرێدراوە. ئەم سیستمە لەسەر ئەم بنەمایانە دامەزراوە:

- چالاکیی زانیاری
- زانیاریی ژینگە
- بۆشایی گریمانەیی
- هێما
- ستراتیژیی پەیوەندییەکان
- تۆڕی کۆمەڵایەتی
- بڵاوکردنەوە
- میدیا
- پەیام
- گێڕانەوەی رووداو
- جەماوەری بە ئامانجکراو

کاپتن کارۆلینا لەسەر زانیاریی زانستی بابەت، ئەوەی روونکردەوە کە تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردن و چۆنیەتی دامەزراندنی سیستمی پەیوەندییەکان و چۆنیەتی هەڵسوکەوتی کەسەکان لە ناو تۆڕی پەیوەندییەکاندا گرنگە. بە کورتی، چۆن ژینگەی زانیاری دروست دەبێت، کە خۆی لە دوو ئەرکی میدیایی دەبینێتەوە:

١.دەستکەوتنی زانیاریی میدیایی بڵاوکراوە.
٢.چاودێریی میدیا و شیکارکردنی.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



لەو ڕووەوە، نموونەی شیكاری بە كۆمەڵی بۆ پێشكەشكردنی زانیاریی وانەی شیكار لەڕووی میدیاییەوە بۆ ئامادەبووانی خولەكە هێنایەوە.

## تەوەرە گرنگەكان

كاپتن كارۆلینا زیاتر پشتی لەسەر بابەتە گرنگەكانی هاندەر و شارەزایی ژینگەیی بەست وەک:

•بوارێكی گونجاوی دروست.
•زانیاری لەسەر كلتووری كۆمەڵایەتی خەڵک.
•باری كۆمەڵایەتی.
•ئابووریی خەڵک.
•ئاڕاستەی خەڵک.

ئەمەش لە ڕێگەی بەستنەوەی پەیوەندییەكان بە یەكەوە. لە هەموویان گرنگتر، پەیوەندیكردن: گواستنەوەی زانیاری لە نێوان نێردەر و وەرگر، وەک دوو بنەمای سەرەكی بۆ شیكاری هەواڵ. لێرەدا پەیوەندیكردنی لایەنە كاریگەرەكان لە خۆدەگرێت وەک (كەس و كۆمەڵ و كۆمەڵگە و ڕێكخراوەكان).

لە تەوەرێكی تری وركشۆپەكەدا، لەسەر ئەكتەرەكانی ناو هەواڵ، چۆنیەتی گێڕانەوەی هەواڵ لەڕووی بابەتییەوە دوا. هەروەها پەیوەندیكردن و ناردنی پەیام و بڵاوكردنەوەی، پاشان ڕۆڵی وەرگر (وەرگری هەواڵ) و لە هەموو گرنگتر، كاریگەرییەكانی لەسەر ڕووداوەكان.

## چاودێری و شیكاركردنی میدیا

كاپتن كارۆلینا لە بابەتەكەیدا، لە چاودێری میدیا و شیكاركردنی میدیا، ئامانجی دیاری كرد و گوتی «پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئامانج، واقیعبینانە كار لەگەڵ ژینگەی زانیاری بكرێت. هەروەها پێویستە بە بەردەوامی چاودێری شیكار بۆ هەموو هۆكارە میدیاییەكان بكرێت.»

بۆ ئەم ئەركەش چوار هەنگاوی دیاریكرد:

١.هەنگاوی یەكەم: دەستنیشانكردنی سەرچاوەكان و بەكارهێنانی سەرچاوە هەرێمی، نێودەوڵەتی و نیشتمانییەكان.
٢.هەنگاوی دووەم: كاریگەری لەسەر هێزەكانی پێشمەرگە، كاریگەری لەسەر خەڵكی سیڤیل، گرنگییەكی زۆری نیشتمانی و نێودەوڵەتی هەبێت.
٣.هەنگاوی سێیەم: پوختەی بەكارهێنانی سەرچاوەكان، تیشک خستنەسەر پێنج هۆكاری پرسیاركردنی ڕەگەزەكانی هەواڵ (كەی، كێ، لە كوێ، چی، چۆن یان بۆچی) بۆ بەدەستهێنانی ئامانج.
٤.هەنگاوی چوارەم: هەڵسەنگاندنی ڕووداو لەگەڵ پێشبینییەكان لە ئەگەری ڕووداوی زیاتر، دیاریكردنی بنەمای زیاتر بۆ ئاسانكردنی بابەتەكە.

## گفتوگۆكان و پراكتیزەكردن

لە نێوان بەشداربووانی وركشۆپەكە، بە تێر و تەسەلی باس لە بابەتەكان كرا. زیاتر گفتوگۆكان بە ئاڕاستەی تێگەیشتنی بابەتیانە ڕۆیشتن، وەک لایەنێكی پراكتیكی لە ئایندەدا بۆ خزمەتی میدیای سەربازی و پێشكەشكردنی زانیاری بۆ فەرماندەكان.

تێگەیشتنی بابەتیانە لە هەواڵ، هەموو ئەو بابەتە پێكەوە گرێدراوانەی لە هەواڵدا هەن، لەوانە:

•لێكەوتەی سەربازی.
•دۆخی ژینگەیی لەڕووی سەربازییەوە.
•كاریگەرییە نەرێنییەكانی لە بێئاگاییدا لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی خەڵک.

لە نێوان گفتوگۆكاندا گرنگترینی ئەو بابەتانەی پێشكەشكران، بابەتی نەكەوتنە ژێر كاریگەریی هەست و سۆز بوو لە شیكاری هەواڵدا بۆ ئامانجی گرنگ، لەڕووی ئەركی میدیایی سەربازییەوە.

## ئەزموونی پراكتیكی

بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێكی ڕوون لە خولەكە، هەوڵ و چالاكی داعش وەک هەواڵێک وەرگیرا و تیستی ئەزموونی لەسەر كرا. ئەمەش لە ڕێگەی دابەشكردنی تیمەكان بۆ كۆكردنەوەی هەموو چالاكییەكانی داعش لەسەر ئاستی تەواوی كەناڵ و سۆشیال میدیای ناوخۆی عێراق، نێودەوڵەتی و جیهانی، ئەویش تەنیا لە ماوەی دوو هەفتەدا كە ئاستێكی باش و گەورەتری بە بەشداربووانی خولەكە دا.

# بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن
# بە سیستەماتیکی سەردەمیانە
# هەنگاوێك لە چاکسازیەکانی پێشمەرگە

ئامادەکردنی: رائد بارزان روستایی
فۆتۆ: کاروان رەزا

گەیاندن لە سوپادا یەکێکە لەو بەشانەی کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری لە نێوان هێزە سەربازییەکاندا هەیە و دەستنیشانکراوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە فەرمانەکان و زانیارییەکان بە شێوەیەکی خێرا و سەلامەت بگەن. سوپاکانی جیهان بایەخ و گرنگییەکی زۆر بە بواری ئاسایشی گەیاندنی سەربازی دەدەن و گومانیش لەوەدا نییە کە گەیاندن (اتصالات) دەچێتە خانەی دابینکردن و پاراستنی نهێنییەکانی سوپا و ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکەوتن لە جەنگەکاندا هەیە. وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن، کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و سەر بە سەرۆکایەتی ئەرکان-ئۆپەراسیۆنەکانە، گرنگی بە بواری گەیاندنی سەربازیی داوە. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەرپەرشتی بواری گەیاندن دەکات و ئەرکی دابینکردن و دروستکردنی پەیوەندییە بۆ وەزارەت و تەواوی لیوا و یەکە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە تەواوی سنووری هەرێمی کوردستان.

لیوا کازم لەزگین، بەڕێوەبەری گەیاندن، بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و گوتی «گەیاندن (اتصالات) لە سوپادا یەکێکە لەو بەشانەی کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پەیوەندی و گەیاندنی زانیاری لە نێوان هێزە سەربازییەکاندا هەیە. دەستنیشانکراوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە فەرمانەکان و زانیارییەکان بە شێوەیەکی خێرا و سەلامەت بگەنە ئامانجەکان. گەیاندن پەیوەندیی نێوان فەرماندەکان و هێزەکان دیاری دەکات و هەروەها دڵنیادەبێت لەوەی کە فەرمانەکان بە خێرایی و بە شێوەیەکی دروست بگەنە هێزەکان. گەیاندنی زانیارییە گرنگەکان وەک شوێنی دوژمن، بارودۆخی شەڕ، پلانی هێرش و پشتگیریکردنی هێزەکان و دابینکردنی پەیوەندی خێرا و سەلامەت بۆ هێزەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا، هەروەها پاراستنی زانیاری و دڵنیابوونەوە لەوەی کە زانیارییەکان نەکەوێتە دەست دوژمن و بە شێوەیەکی سەلامەت بگوازرێتەوە.»

بەڕێوەبەری گەیاندن ڕوونیکردەوە، بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن ئەرکێکی زۆر گرنگ و پیرۆزی لەسەرە، بە شێوەیەک کە بتوانین پەیوەندیی هەموو لەشکری کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە بە وەزارەتەوە پەیوەست بکەین. بۆیە ئێمە هەر لە سەرەتای دروستبوونی بەڕێوەبەرایەتیمان، هەوڵی خۆمان داوە کە ئەو پەیوەندییە لەگەڵ لیواکان و فەوجەکان دروست بکەین. توانیمانە لە ماوەی ڕابردوو و ساڵ بەساڵ



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەرەوپێش بچین و هەنگاو بە هەنگاو ئامانجەکانی خۆمان لەو بوارەدا بپێکین. بەردەوام هەوڵماندا وە سیستەمی باشتری تەکنەلۆژیایی و داهێنانی نوێتر لەناو گەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگەدا بکەین. بۆ نموونە، لە سەرەتای دەستپێکردنمانەوە، جۆرە ئامێرێکمان بەکاردێنا کە هیچ ئەمنییەتێکی نەبوو، تاکوو گەیشتینە ئەو ئاستەی کە بتوانین سیستەمی زۆر پێشکەوتووی سەرتاسەری لە هەرێمی کوردستان دابین بکەین. سیستەمەکە هەموو کوردستان دەگرێتەوە وەکو سیستەمێکی (قسەکردن، داتا، نێتوۆرک). وەزارەتی پێشمەرگە بە هەموو شێوازەکانەوە دەتوانێت سوود لەو سیستەمە وەربگرێت. ئێستا لە کوردستان لە خانەقینەوە هەتا سحێلا بەو شێوازە نوێیە پەیوەندیی لەنێوان هێزەکان هەیە.

لەبارەی بەڕێوەبردنی خولەکان و پێگەیاندنی ئەفسەر و پێشمەرگەی ڕشتەی گەیاندن، بەڕێوەبەری گەیاندن ڕایگەیاند «ئێمە دوو جۆر پلانی ساڵانەمان هەیە. پلانێک لە بڵاوکراوەی خشتەی مەشقی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی دەردەچێت. ساڵانە لەو بەڕێوەبەرایەتییە شەش خول هەیە، دوو خولیان بنەڕەتییە کە بۆ ئەفسەرەکان و کارمەندەکان دەکرێنەوە. لە هەر خولێکدا (١٢) کەس بەشداردەبن و لە خولەکەدا هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە ئەفسەر یاخود کارمەندی گەیاندن هەیە، دەخوێندرێن کە زیاتر ئەفسەرەکان بۆ ئەو خولانە بەکاری دێنین. لەبەرئەوەی ئەم ئەفسەرە دەبێت ببێتە ئەفسەرێکی ڕشتەی گەیاندن، ئەفسەرێکی ئاگادار و پرزانیاری بێت لەبواری خۆیدا. لە خولە بنەڕەتییەکان کە دوو مانگ دەخایەنێت، بە چڕی ئەو بابەتانەی کە لە سەردەمی ئێستای تەکنەلۆجیای سەردەم بەکاری دێنین، فێر دەبن. دوای ئەوە ئێمە چوار خولی ترمان هەیە کە خولی پەرەپێدانی پێ دەڵێین.»

بەڕێوەبەری گەیاندن لەبارەی میکانیزمی خوڵەکان ئاماژەی بەوەدا، خولی بنەڕەتی دەبێت ئەفسەر بە پلەی ملازم تا نەقیب بێت، چونکە ئەم ئەفسەرە دەبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەناو لەشکر و گەیاندن بەردەوام بێت. ئێمە ڕەچاوی ئەوە دەکەین دەبێت لە نێوان (٧ تا ١٠) ساڵ ئەو ئەفسەرە کار بکات بۆ ئەوەی بتوانێت لەو ماوەیەدا ئەفسەرێکی تر پێبگەیەنێت تاکو شوێنەکەی بگرنەوە. بۆ گەیاندن، خولە بنەڕەتییەکان زۆر گرنگن لەبەرئەوەی ئەو ئەفسەرانەی لە کۆلێژەکانی زاخۆ و قەڵاچوڵان دەردەچن، ئەفسەری پیادەن و لە بوارەکانی (صنف) شارەزاییان نییە. بۆیە ئێمە دەیانکەینە ڕشتەی مخابەرە تا شارەزایی تەواوی لێ وەربگرێت بۆ ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر یەکەکەی خۆی، لە کاتی پێویستدا لە ڕاوێژدا یان لە هەر کاتێکی تردا بێت لەگەڵ ئەفسەرەکان و لەگەڵ بەرپرسی یەکە بتوانێت وەڵام و پلانی خۆی هەبێت.»

لیوا کازم زیاتر ڕوونیکردەوە، ئەو ئەفسەرانەی کە خولی بنەڕەتی دەبینن، هەفتانە یاخود دوو هەفتە جارێک تاقیکردنەوەمان پێدەکەین و دوای ئەوە لە لایەن بەشی مەشقی بەڕێوەبەرایەتیمان هەڵسەنگاندن بۆ ئەفسەرەکە دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت لە چ ئاستێکدایە و سوودی زیاتری لێ وەربگرێت. ئێمە زیاتر هەوڵدەدەین کە دەگەڕێنەوە، وەکو مامۆستایەک بتوانن لە یەکەکانی خۆیان خولی تایبەت بۆ پێشمەرگە، ئەفسەر، مخابەرەکان و ئەو کەسانەی ئامێری بێتەلی بەکار دێنن، بکەنەوە.«

لەبارەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی خولەکان لەسەر توانا سەربازییەکان، بەڕێوەبەری گەیاندن گوتی «خۆی لە سەربازییدا گرنگترین شت خولە، ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە ئیش دەکەین، واتە پێویست دەکات تاکو پێیان دەکرێت و لە تواناماندایە، خول بکەینەوە. لەبەرئەوەی تەنها بە خول دەتوانین لەڕووی گەیاندن و سەربازییەوە لەشکری کوردستان سەربخەین و بەسەر کێشەکانی خۆماندا زاڵبین. هەڵبەتە ئێمە ساڵی (٢٠٢٤) چل و شەش خولمان لە لیوایەکان و فیرقەکان کردووەتەوە کە ئەمە ئاستێکی زۆر باشە. نزیکەی ٩٠٠ کەس بەشدارییان کردووە. ئەمە ژمارەیەکی زۆر باشە. هەرچەندە لە دەستپێک و ناوەندی بابەتەکەین، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا دەتوانین بەرهەمێکی باشی ئەو حاڵەتە لەناو لەشکردا ببینین. سوپاسی ئەفسەر و کارمەندانی ئەو یەکانە دەکەین کە گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدەن.»


لیوا / کازم لەزگین

بەڕێوەبەری گەیاندن باسی لەو خاڵەش کرد کە لەڕووی تەکنەلۆجیاوە لە ئێستادا زۆر باشین. لە سەردەمی ئێستادا لە بواری سەربازییدا تەکنەلۆجیا زۆر پێشکەوتووە و دەمانەوێت ئەم تەکنەلۆجیایە بێنینە ناو وەزەرەتی پێشمەرگە. هەوڵی خۆمان دەدەین بگەینە ئاستێکی زۆر باش لەبەر ئەوەی ئەگەر بمانەوێت گەیاندنێکی سەد لەسەدو سەرکەوتوو بۆ پێشمەرگە دروست بکەین، پێویستیمان بە ئیمکانییەتێکی زۆر هەیە، لەوانە ئامێر و سەتەلایتی جیاواز و ئەو جۆرە شتانەمان پێویستە، بەڵام بەو ئامێر و کەلوپەلانەی کە ئێمە هەمانە و لەبەردەستدایە، توانیومانە پەیوەندییەکی باش دروستبکەین و لە کارەکانمان ڕازین تا ئاستی ناياب.»

لەبارەی بەشداریی ڕاهێنەرەکانیان لە خولەکانی دەرەوەی وڵات، ڕوونیکردەوە، ساڵانە شاندمان هەیە بۆ ئەمریکا، لەوێ خولی گەیاندن هەیە، بەتایبەتی لە بواری سایبەرسکویریتی، لە بواری فەرماندەی فەسیلی یان سەرکردایەتی فەرماندەی سرییەدا خولیان بینیوە کە بەشێکی گرینگی گەیاندنن. تاکو ئێستا دوو ئەفسەرمان لەو بوارە خولیان بینیوە و دوو ئەفسەری تر چوونەتە ئەمریکا بۆ ئەو خولانەی کە تایبەتن بە گەیاندنەوە. لە ئێستادا ئەو ئەفسەرانەش لە دەرەوە و ناوەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەشداربوون کە ئەفسەری گەیاندنن. خولمان هەبووە لە بەغدا و شاندێکمان ناردووەتە بەغدا بە مەبەستی وەرگرتنی بەرنامەی (ئێف سی تو) کە لەوێ خولیان بۆ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی لەو سیستەمەدا شارەزایی وەربگرن.

لیوا کازم گوتیشی: زیاتر هەوڵدەدەین

لە دەرەوە مامۆستا بێنین و لێرە خولیان بۆ بکەینەوە. پلانی دیکەشمان هەیە کە ئەو کۆمپانیانەی لەگەڵیان کاردەکەین، ئەو ئەندازیارانە بنێرینە دەرەوە بۆ ئەوەی بتوانن شارەزایی زیاتر لەو بوارە بەدەستبێنن. لە بەرنامەماندایە ئەمساڵ بەرنامەی (وەن ماکس) بێنینە ناو وەزارەتی پێشمەرگە، کە ئینتەرنێتێکی سەربازییە لە ئێستادا بە دەستمان گەیشتووە. خولیان لەسەر دەکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت بەو سیستەمە نوێیە کاروباری وەزارەت و فیرقەکان و یەکەکان بە سیستەم بکرێت. بە گشتی، ئەمساڵ نۆ خولمان هەیە لەناو لەشکری مەشقدا. خولێکی تایبەتمان هەیە بۆ ئەندازیاران و شارەزایانی (دیان مارک) کە سیستەمێکی دیجیتاڵ موبایل رادیۆیە، سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووە کە ئەمانە پێویستی بە کەسی پسپۆڕ و شارەزا و کارامە هەیە. چەندین ئەندازیارمان لە بواری ئایتی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی ئاستیان بەرەو پێشەوەببەین. هیوادارین لە بوارەکانی خۆیاندا سوودیان لێ وەربگرن. لە بەرنامەماندا هەیە ئەمساڵ، بەپێی کاتی دیاریکراو، خولی (ئێف سی تو) بۆ ئەفسەرانی جموجۆلی سەربازی لەگەڵ ئەفسەرانی هەواڵگریی میرە بکەینەوە. بەرنامەی ئێف سی توو پێشەنگی لەشکری کوردستان دەکات، هەر یەکە و بەگوێرەی یەکەکانی خۆیان. ئەم سیستەمە دەتوانێت لە هەولێرەوە کۆنترۆڵ بەسەر ئەو هێزانە بکات کە لە کوردستاندا هەن، بەتایبەتی لە فیرقەی یەک و دوو و سێ کە ئێستا کامل کراون و لەناو ئەو بەرنامەیەدا هەن.

لیوا کازم لەزگین لەبارەی هەنگاوەکانیان لە بواری گەیاندنی سەربازیی زیاتر گوتی «بە هاوکاری هاوپەیمانان دەستمانکرد بە پلانێکی درێژخایەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن. پلانێکی ستراتیژی و پێنج ساڵەمان ئامادەکرد. پلانەکە لە ساڵی (٢٠١٩) ڕەزامەندی لەسەردرا، کە ئەمساڵ کۆتا ساڵی پلانی پێنج ساڵەمان بوو. هەڵسەنگاندنێکی تەواومان بۆ ئەو پلانە کرد. خۆشبەختانە توانیمان لە سەدا ٩٠ی پلانەکە جێبەجێبکەین کە ڕێژەیەکی باشە لە جێبەجێکردنی پلانێکی ستراتیژیی گەورە.»

لەبارەی هەوڵی هاوپەیمانان لە پێشخستنی گەیاندنی سەربازیی لەناو هێزی پێشمەرگە، بەڕێوەبەری گەیاندن ئاماژەی بەوەدا «کۆبوونەوەی دەوریمان لەگەڵ ڕاوێژکاران هەیە و بیروڕا دەگۆڕینەوە و هاوکارێکی باشن لەگەڵ ئێمە و پەیوەندییەکی زۆر باشمان لەگەڵیان هەیە، بەتایبەتی لەڕووی دابینکردنی ئامێرەکانەوە. بەردەوام ئێمە کەیس و پێداویستی خۆمان ئامادە دەکەین بەتایبەتی لەسەر ئەو فیرقە و تەشکیلاتە نوێیانە کە دەکرێت. بۆ هەمووان پلان و پرۆژە و پێداویستی خۆمان ئامادە کردووە و ڕادەستی هاوپەیمانان کراوە. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو لەگەڵ ئەواندا کارێکی زۆر باشمان کردووە بەتایبەتی لە فیرقەی یەک و دوو و سێ و چوار بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی گەیاندنیان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو پێشەوە ببەین.»

عەمید کامەران محەممەد شەریف، جێگری بەڕێوەبەری گەیاندن، لەبارەی ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و گوتی «ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتای دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن لە ساڵی (٢٠١٠)، میلاکمان پێکهاتبوو لە (٣١) ئەفسەر و کارمەند. لەوکاتە بەو ژمارە کەمە لە ئەفسەر و کارمەند، کارکردن کەمێک ئەستەم و زەحمەت بووە، بەڵام تا ئاستێکی باش توانراوە پەیوەندی نێوان وەزارەت و هەندێک لیوا دابین بکرێت لەگەڵ مەرکەز تەنسیقەکان. دواتر لە ساڵی (٢٠١٣) ئاڵوگۆڕ لە پایە ئەنجامدرا. هەر لەو ساڵە بەپێی پلان و بەرنامەی تایبەت و سەردانیکردنی مەیدانی بۆ بارەگای لیواکان، توانراوە دەستنیشانی کەم و کوڕی و پێداویستییەکان بکرێت. بۆیە سەرەتا دەستمان کرد بە کردنەوەی خولی بنەڕەتی بۆ لێپرسراوی بەشی مەشق لە لیواکان بە مەبەستی پێگەیاندنی ئەفسەری گەیاندن و باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانی گەیاندن. دواتر سوودمان لەو ئامێرانە وەرگرت کە لە لایەن هاوپەیمانان دابین کرابوون. بەم شێوازە توانرا کارێکی باش و بەرچاو پێشکەش بکرێت بە دابینکردنی پەیوەندی لە نێوان وەزارەت و ب.گەیاندن و ب.هەواڵگری ب. جموجۆلی سەربازی و گەیاندن لەگەڵ لیوا و فەوجەکان و لەگەڵ مەرکەز تەنسیقەکان


عمید/ کامەران محەممەد

کە لە شارەکانی هەولێر و کەرکووک و مووسڵ و خانەقین کرابوونەوە. دواتر لە ساڵی (٢٠١٤) کە تیرۆریستانی داعش دەستیان بە هێرش بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کرد، ئەرکی دابینکردنی پەیوەندیی تەواوی هێزی پێشمەرگە لە سەرتاسەری هەرێم کەوتە ئەستۆمان. زۆر کارێکی قورس و ئەستەم بوو. بە پەیوەندی و داڕشتنی بەرنامەیەکی باش و تۆکمە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن و پاڵپشتی وەزارەتی پێشمەرگە و هاوکاریی هاوپەیمانان، توانرا بەسەر ئەو بارودۆخە زاڵ بین و پەیوەندییەکی باش دابین بکەین. لە پاڵ ئەوانەش توانرا پرۆژەی سیستەمی (KPN) لەسەر دەستی کادیری خۆمان ئامادە بکرێت و پێشکەشی وەزارەتی پێشمەرگەی بکەین. پاش ڕەزامەندیی وەزارەتی پێشمەرگە و حکومەت، دەستکرا بە جێبەجێکردنی. لە سەرەتا توانرا (٥٠) وێستگەی گەڕۆک و سایت دابمەزرێنین بۆ بەرچاوڕوونی سیستەمی (KPN) واتە کوردستان پێشمەرگە نێتوۆرک کە توانای ناردن و وەرگرتنی برووسکەی هەیە و لەڕووی ئاسایشەوە زۆر پارێزراوە.»


عقید / فاتح ناسح

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## گەیاندن پەیوەندیی نێوان فەرماندەکان و هێزەکان دیاری دەکات و هەروەها دڵنیادەبێت لەوەی کە فەرمانەکان بە خێرایی و بە شێوەیەکی دروست بگەنە هێزەکان.

عەمید کامەران، ئاماژەی بەوەش دا کە بەڕێوەبەراتی گەیاندن لە پاڵ دابینکردنی مەشق و ڕاهێنان، هاوکات، ئەرکی دابینکردنی پەیوەندیی سەردەمیانەی گەیاندنی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە لە ئەستۆیە، لەوانە سیستەمی (DMR) کە لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرجەم تێچووەکەی دابینکراوە و ئێستا لە کاردایە و لە توانای هەیە نامەی دەنگی و نامەی نووسراوی پێ ئاڵوگۆڕبکرێت. هەروەها توانراوە نێتێکی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین و دووربکەوینەوە لە بەکارهێنانی هێڵی ئینتەرنێت بۆ هێزەکان کە لە بواری ئاسایشی ئینتەرنێت پارێزراو نییە. لە ئێستادا تیمەکانمان ڕۆژانە بە مەبەستی هەبوونی پەیوەندییەکی پارێزراو، بەردەوام چەندین چالاکی ئەنجام دەدەن.

لەبارەی دڵنیابوونەوە لەوەی کە زانیاری و ئەزموونی وەرگیراو لە خولەکان بە شێوەیەکی کاریگەر دەگوازرێتەوە بۆ یەکەکانی هێزی پێشمەرگە، جێگری بەڕێوەبەری گەیاندن ڕایگەیاند «دەبێت ڕوونی بکەمەوە کە خول جۆری هەیە. خولی بنەڕەتی ماوەکەی دوو مانگە بۆ ئەفسەران و کارمەندان دەکرێتەوە. خولی کارپێکردنی ئامێرەکان تەنها بۆ ئەو کارمەندانە دەکرێتەوە کە دەبن بە عەدەد جیهاز (کارپێکەر) کە ماوەکەی دوو هەفتەیە. وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە ئەو کارمەندانەی داخلی خول کراون بۆ کارپێکردن، لە پاش گەڕانەوەیان لەسەر ئامێرەکان کار دەکەن و ڕۆژانە لە سەرژمێری لیوا واتە (تعداد) ئامادە دەبن و کاری وەرگرتنی برووسکە و ناردن ئەنجامدەدەن. کەواتە دەردەکەوێت کە سوودی بینیوە و تەواوی زانیارییەکانی خول بە ڕێکوپێکی گەیشتووە و سەرکەوتوو بووە. بە هەمان شێوە، بەشداربووی خولی بنەڕەتی، پاش دەرچوون لە خول، دەگەڕێتەوە و کاری سەرەکی خۆی ئەنجام دەدات و لە پاڵ ئەوانەش خول بۆ ئەفسەر و کارمەندی یەکەکان دەکرێتەوە بۆ فێرکردن و ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن. بۆ کارێکیش ڕێژە هەیە، دەکرێ یەکێک لەگەڵ یەکێکی تر زانیارییەکانی وەرگرتبێ، واتە کەمتر یان زیاتر فێر بووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بە شێوەیەکی باش زانیارییەکان دەگوازرێتەوە بۆ ئەفسەران و کارمەندان.»

عەمید کامەران ئەوەشی خستەڕوو کە پلانی مەشقپێکردنی زۆرترین ئەفسەر و کارمەند بۆ خول لەناو یەکەکان خواستی بەردەوامی ئێمەیە. بە شێوازی تر توانیومانە ئەم کارە بکەین، بە کردنەوەی خول لەناو بارەگاکان. ئێمە وەک بەڕێوەبەرایەتی توانیوومانە ئامێری گەیاندن تایبەت بە مەشق و ڕاهێنان بدەینە ئەو یەکانەی کە هۆڵی مەشق و ڕاهێنانیان بۆ دابینکراوە. بۆیە بەو شێوازە توانیومانە ئاستی بەشداریکردنی خول زیاتر بکەین و پلانی داهاتووشمان ئەوەیە بە نووسراویش داوای شوێنی نووستن و خواردن بۆ بەشداری ئەفسەر و کارمەند بۆ خولەکان لە وەزارەت کراوە، چاوڕێی جێبەجێکردنین تاکو بتوانین بۆ هەر خولێک لە ١٢ بەشداربوو، بۆ دوو هێندە زیاد بکرێت.»

عەقید فاتیح ناسیح مستەفا، لێپرسراوی بەشی مەشق، لەبارەی کاروچالاکییەکانی بەشی مەشق و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خولەکان بۆ گۆڤاری پێشمەرگە دوا و گوتی « بە پێی بڵاوکراوەی مەشقی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی، ساڵانە دەتوانین شەش خول بەڕێوەبەرین، سێ خول بۆ ئەفسەران و سێ خول بۆ کارمەندانی پێشمەرگە. بە گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن گرنگی بە هەموو خولێک دەدات، چونکە ئەوە ئەرکە و دەبێت جێبەجێبکرێت. خولی بنەڕەتیمان هەیە ماوەکەی دوو مانگە و خولی ڕاهێنانمان هەیە ماوەکەی سێ هەفتەیە. بەڵام ئێمە گرنگیی زیاتر بە خولەکانی بنەرەتی دەدەین، چونکە ئەم خولە ڕشتەی پاڵێوراو دەگۆڕێت لە پیادەوە بۆ گەیاندن.»

لێپرسراوی بەشی مەشق ئاماژەی بەوەش دا «ئێمە هیچ بەربەستێکمان لە زمان و تەکنەلۆجیا نییە، چونکە مامۆستاکانمان شارەزایی تەواو و ئەزموونێکی باشیان لە گووتنەوەی وانەکان هەیە و بە شێوەیەکی زۆر باش بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی وانەکان دەڵێنەوە. داواکارین لە سەرووی خۆمان، شوێنێکی فراوانمان بۆ دروستبکەن بۆ ئەوەی بتوانین ئەفسەر و کارمەندی زیاتر داخل ئەم خولانە بکەین وەکو قوتابخانەی گەیاندن.»

عەقید فاتیح لەبارەی گاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم خولانە لەسەر توانا سەربازییەکانی هێزی پێشمەرگە گوتی: کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ کارمەندانی یەکەکانی هێزی پێشمەرگە یارمەتیدەرە تا ئەو ئەفسەر و کارمەندانەی خولیان بینیوە، خۆیان کێشەکان چارەسەربکەن، چون پێشتر، چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو کێشانە لەلایەن تیمەکانی ئێمە ئەنجام دەدرا. لە کاتی گواستنەوەی بارەگا لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دووبارە خۆیان ئەو کارە ئەنجامدەدەن. لە هەوڵداین بۆ تەرخانکردنی بەشێک لەو ئەفسەرانەی کە لە کۆلێژەکانی زاخۆ و قەڵاچۆلان دەردەچن وەریان بگرین و داخلی خولی بنەرەتی گەیاندن بکرێن و ڕشتەیان بگۆردریت بۆ گەیاندن.

لێپرسراوی بەشی مەشق ئاماژەی بەوەش دا: لەگەڵ سەرجەم لێپرسراوی گەیاندنی یەکەکان هەماهەنگی هەیە و هاوکارمانن، لەبەرئەوەی هەموویان لای ئێمە خولیان بینیوە و بەپێی توانا و ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەیاندن جێبەجێی دەکەن. هەروەها کردنەوەی خولی بەردەوام بەو شێوە فراوانەی ئێستا لە سەرجەم یەکەکانی وەزارەت لە بواری گەیاندن و کارپێکردنی ئامێرەکان، خۆی لە خۆیدا هاوکاری و هەماهەنگییە بۆ کەمکردنەوەی ئەرکەکانمان. لە کاتی ڕۆیشتنی تیمەکانی ئێمە بۆ سنووری یەکەکان، دیسان ڕۆڵی باشیان هەیە لەگەڵ تیمەکان و مانەوە لەگەڵیان بۆ کارکردن. بۆیە دەتوانین بڵێین، هاوکاری و هەماهەنگی نێوانمان لە ئاستێکی بەرز و باشدایە.

# مەشقی جەستەیی و وەرزش،

## ڕۆڵیان لەبەرزکردنەوەی تواناکانی پێشمەرگە
## پلانی نوێ بۆ پەرەپێدانی توانای پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

**لە کاتێکدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان خۆی بۆ قۆناغێکی نوێی مۆدێرنیزەکردن ئامادە دەکات، بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی و یارییە سەربازییەکان، کە یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەزارەتی پێشمەرگە، هەنگاوی نوێی ناوە بۆ بەهێزکردنی توانای جەستەیی پێشمەرگە.**

عەمید عیماد محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ گۆڤاری پێشمەرگە باسی لە گرنگی و پێگەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کرد. ئەو ڕوونی کردەوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە دائیرەی عەمەلیات و سەرۆکایەتی ئەرکانە و لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە: یارییە سەربازییەکان، بەشی مەشقی جەستەیی و بەشی ئیدارە و میرە و ژمێریاری.

«ئەگەر مەشقی سەربازی چەند گرنگ بێت بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەوا یارییە سەربازییەکان و مەشقی جەستەیی گرنگترە»، بەم وشانە عەمید عیماد گرنگیی کارەکەیانی خستەڕوو. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە لە داهاتوودا پلانیان هەیە میلاکی ئەفسەری یارییەکان لە لیوا هاوبەشەکان و فیرقەکانی وەزارەتی پێشمەرگە پڕبکەنەوە.

ڕوونیشیکردەوە: بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی و یارییە سەربازییەکان، بە پاڵپشتی وەزارەتی پێشمەرگە و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشق، بە پێی پلانی ساڵانە چەندین بەرنامە و چالاکی جۆراوجۆر جێبەجێ دەکات، بەتایبەتی کردنەوەی خولی تۆپی پێ بۆ هەموو فیرقەکان، هەروەها چالاکی ماراسۆن بۆ بەڕێوەبەرایەتی و لیوا و فیرقەکان و ڕۆیشتنی پیادە بۆ سەر شاخەکان و چەندین چالاکی تر.



### خولی فووتساڵ؛ نموونەیەك لە چالاكییە وەرزشییەكان

عەمید ئەنوەر محەممەد، جێگری بەڕێوەبەرایەتی یارییە سەربازییەکان، باسی لە سەرکەوتنی خولی فووتساڵی ئەمساڵ کرد. خولی فووتساڵ بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی پێشمەرگە ڕێکدەخرا. بۆ ئەمساڵ بە بەشداری ٢٨ تیپ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١٢/١ یاری



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

یەکەم دەستی پێکرد و بۆ ماوەی ٤٨ ڕۆژ بەردەوام بوو.
سەرەتای خولەکە، تیپەکان بە دوو دۆڕان ماڵئاواییان دەکرد، تاکوهەردوو بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی و یارییە سەربازییەکان، لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری گشتی گەیشتنە یاری کۆتایی.
دواتر بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک لە ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و لە یارییەکی ئاست بەرزدا، تیپی بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی و یارییە سەربازییەکان توانی پلەی یەکەم بە دەست بهێنێت و هەواڵگریی گشتی پلەی دووەمی بەدەست هێنا. بەو بۆنەیەوە خەڵاتی دارایی و جامی بردنەوە بەسەر براوەکان و باشترین یاریزان و باشترین گۆڵکار و باشترین گۆڵچی و تیپی نموونەیی دابەشکرا.
عەمید ئەنوەر روونی کردەوە کە ئەم جۆرە خولانە سوودی زۆرە هەم لەڕووی جەستەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی وەرزشی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە، هەروەها وا دەکات پێشمەرگە زیاتر یەکتر ببینن و یەکتر بناسن و برادەرایەتی و دۆستایەتی زیاتر پەیدادەبێت، ئەمەش وادەکات خۆشەویستی زیاتر لە ناو پێشمەرگە دروست دەبێ و بە ڕۆحی وەرزشی ئەنجامەکان قبووڵ بکەن.
پێشی وابوو: بەگشتی ئامانجمان بەرزکردنەوەی توانای جەستەییە لە ناو هێزی پێشمەرگە، ئەوە ئەرکی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی ئێمەیە، ئینجا لە ڕێگای پاڵەوانیەتی بێت یاخود لە ڕێی خوولی پەرەپێدان.

## یارییە سەربازییەکان؛ لە وەرزشەوە بۆ جەنگ

عەمید رزگار ئەیوب، بەڕێوەبەری یارییە سەربازییەکان، روونی کردەوە کە یارییەکان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبن:
١. یارییە وەرزشییەکان: وەک تۆپی پێ، باڵە، باسکە، مەلەوانی، تێنسی سەر مێز، تێنسی سەر زەوی، یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، ماراسۆن و سەرکەوتن بۆ سەر چیا.
٢. یارییە جەنگییەکان: کە بەداخەوە بەهۆی نەبوونی گۆڕەپانی تایبەت، تا ئێستا نەتوانراوە چالاکییەکانی ئەنجام بدرێت.
ئاماژەی بەوەش کرد: لە بەڕێوەبەرایەتی مەشقی جەستەیی و یارییە سەربازییەکان هۆبەی هەڵسەنگاندن و پشکنین هەیە، کە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی توانای جەستەیی و هونەری بەشداربووانی چالاکییە وەرزشیەکان، هاوکات هەڵسەنگاندن لەڕووی کێش و باڵا و تەمەنەوە دەکرێت.
لێرەوە پێویستە سوپاسی وەزارەتی پێشمەرگە بکەین کە لە ئەنجامدانی چالاکی ساڵانە یارمەتیدەری ئێمە بووە.

## مەشقی جەستەیی و کاریگەرییەکانی

عەمید رەگەز مەجید، بەڕێوەبەری مەشقی جەستەیی، پێناسەیەکی گرنگی بۆ مەشقی جەستەیی خستەڕوو «مەشقی جەستەیی بریتییە لە کردارێکی تایبەت و ڕێکخراو بۆ مەشقێکی جەستەیی گشتیی هاوسەنگ، کە ئامانج لێی، گەیاندنی سەربازە بۆ بەرزترین ئاستی شەڕکردن لە گۆڕەپانەکانی شەڕ لە پێناو بەرگریکردن لە نیشتمان.»
بە گوێرەی قسەکانی، بەرزکردنەوەی توانای جەستەیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەدا هەیە:
- باشترکردنی بارودۆخی تەندروستی
- بەرزکردنەوەی ئاستی دەروونی
- زیادکردنی توانای شەڕکردن و جووڵە
- خۆپاراستن لە نەخۆشی

## پلانی داهاتوو

وەک بەشێک لە پلانی پەرەپێدان، بەڕێوەبەرایەتییەکە بەنیازە تیپێکی بەهێزی وەرزشیی پێشمەرگە دروست بکات بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە دەرەکییەکان، هاوشێوەی یانە وەرزشییەکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق. هەروەها، لە ڕێگەی هۆبەی هەڵسەنگاندن و پشکنینەوە، بەردەوام چاودێریی ئاستی جەستەیی و هونەریی بەشداربووانی چالاکییە وەرزشییەکان دەکرێت.


عەمید / عیماد محەممەد


عەمید / ئەنوەر محەممەد


عەمید / ڕەگەز مەجید


عەمید / ڕزگار ئەیوب

## هەنگاوە نوێیەکانی پێشکەوتنی مەشق

# ڕۆڵی سەگی ڕاهێنراو لە ئۆپراسیۆنەکاندا



ئامادەکردنی: حەسەن عومەر
وێنە: کاروان ڕەزا

کەی ناین گرووپ کە کورتکراوەی کەڵبەیە (Canine) یەکەیەکی تایبەتە لە سوپا، پۆلیس و ئاسایشی هەموو وڵاتان هەیە و کارەکانیان پشت بە سەگ دەبەستن بۆ دۆزینەوە. بەتایبەت لە ناو سوپادا بۆ دۆزینەوەی بۆمب، مین و تەقەمەنی بەکاریان دەهێنن، چونکە هەستیاریان بەهێزە، خێرا و وردن و گوێڕایەڵی تەواوی سەگەوانن. بۆیە تواناکانیان فراوانە و لە تواناییاندایە لە شوێنی دوور، قووڵ و شوێنی ون تەقەمەنی بدۆزنەوە. بۆ یەکەمجار لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی سەگ بەکارهات بۆ کاری سەربازی، ئەمەش بە شێوەیەکی سنووردار بوو تەنها بۆ دۆزینەوەی بریندار، چاودێری، پاسەوانی و پەیامگەیاندن. بەڵام دواتر ئەرک و ڕۆڵەکانی سەگ زیاتر کرا و لە ئێستادا گرووپەکانی کەی ناین بۆ زۆر مەبەست دەتوانن ڕاهێنان بە سەگەکان بکەن.

### سەرەتا و دامەزراندن

تیمی کەی ناینی وەزارەتی پێشمەرگە لە ساڵی ٢٠١٦ دامەزراوە. پاڵپشت بە سەگەکان و دەستی مرۆیی ناوخۆیی و ڕاهێنانی زۆر و پوخت و هەبوونی شارەزایی تەواو بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، توانیویەتی چەندین چالاکی سەربازی و مرۆیی ئەنجام بدات. ئەم گرووپە پێکهاتووە لە زیاتر لە ١٦ سەگی تایبەت کە ڕاستەوخۆ لەلایەن سریەی ئەندازەی سەربازی سەرپەرشتی دەکرێت و کاری سەرەکیان دۆزینەوەی مین، بۆمب و تەقەمەنییە. جیا لەمانەش لە میحوەری شەش و هێزەکانی کۆماندۆ سەرپەرشتی زیاتر لە ١٠ سەگی تر دەکەن بۆ هەمان مەبەست. یەکەی کەی نایەنی وەزارەتی پێشمەرگە ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕشتەکانەوە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# «تیمی کەی نایینی وەزارەتی پێشمەرگە سێ جار وەکو یەکەم لەسەر ئاستی جیهان بوونەتە براوەی تیمی ساڵ.»

سەرپەرشتی دەکرێت.

موقەدەم سەفین سەدرەدین، فەرماندەی سریەی ئەندازەی سەربازی، تایبەت بە گۆڤاری پێشمەرگە ڕایگەیاند: «سریەکەمان لە ٢٠١٦ دامەزرا. تیمی کەی نایین بە هەوڵ و بیرۆکەی مامۆستا کارزان دامەزرا کە ڕاهێنەری پێشکەوتووی کەی نایینە. هەروەها ناکرێت لێرەدا هاوکارییەکانی کۆمپانیای گلۆباڵ و ڕێکخراوی مارشاڵ لە یاد بکەین، چونکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەی کەی نایین ١٦ سەگی تایبەتیان بۆ ئێمە دابین کردووە بە چەند قۆناغێک. تاوەکو ئێستاش بەردەوام پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵیان هەیە لەسەر بنەمای خزمەتکردن بە هێزەکانی پێشمەرگە و هاوڵاتیانی کوردستان.»

## ڕۆڵی ڕاهێنەران و گەشەی بەردەوام

سەبارەت بە کارمەندی لێهاتوو و شارەزا لە بارەی کەی نایین، ناوبراو وتی: «لە ئێستادا ١٣ ڕاهێنەرمان هەیە کە ڕاستەوخۆ لەسەر میلاکی یەکەمانن و لە هێزەکانی پشتیوانی یەک و دوو و هێزەکانی کۆماندۆ کارمەندی ڕاهێنراومان هەیە. کۆی گشتی ٢٦ کارمەندمان هەیە و ئەوانە لەلایەن ئێمەوە ڕاهێنانیان پێکراوە و لە ئامادەیی کاری خۆیاندان. هەروەها سریەی ئەندازەی سەربازی لە ئێستادا ڕاهێنەری تایبەت بە خۆی هەیە کە لە توانایدا هەیە ڕاهێنان بە چەندین کەسی تر بکات لە بوارەکە بە پێی ستانداردە جیهانییەکان. جیا لەمانەش سەگەوانەکانی ئێمە زیاتر لە حەوت خولی جۆراوجۆریان بینیوە، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە شارەزایی تەواوەتیان هەبێت بۆ کارەکانیان.»

تیمی کەی نایینی وەزارەتی پێشمەرگە سێ جار وەکو یەکەم لەسەر ئاستی جیهان بوونەتە براوەی تیمی ساڵ. موقەدەم سەفین، فەرماندەی سریەی ئەندازەی سەربازی ڕوونکردنەوەی زیاتری بە گۆڤاری پێشمەرگە دا و ڕایگەیاند: «ساڵانە کۆمپانیای گلۆباڵ و ڕێکخراوی مارشاڵ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فێستیڤاڵێکی تایبەت و زانستی مەیدانی تایبەت بە گرووپەکانی کەی نایین ئەنجام دەدەن. لەم فێستیڤاڵەدا گرووپ و یەکەی کەی نایینی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادە دەبن. خۆشبەختانە لە ساڵی ٢٠١٧ کە تەنیا ساڵێک بوو ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە ئەم یەکەمان دامەزراندبوو، توانیمان پلەی یەکەم لەسەر ئاستی هەموو یەکەی کەی نایینی وڵاتان بەدەست بهێنین. لە ساڵەکانی ٢٠٢٣ و ٢٠٢٤یش بە هەمان شێوە یەکەمی ساڵ دەرچووین. بەدەستهێنانی یەکەمی ساڵ ئاسان نییە و شارەزایی و ماندووبوونی زۆری دەوێت هەم بۆ سەگەوانەکە هەم سەگەکە. هەروەها لە مێژووی فێستیڤاڵەکە تیمی ئێمە یەکەم تیمە کە دوو ساڵ لەسەر یەکتر بە باشترین تیمی ساڵ دانراوە.»

## ئەرکی ڕۆژانە و پێداویستییەکان

سەبارەت بە پێداویستییەکانی یەکەی کەی نایین، ناوبراو وتی: «سریەکەمان چاودێری ڕۆژانە و بەردەوامی هەیە بۆ سەگەکان. جیا لە خواردن و پێداویستییەکانی تری سەگەکان کە وەزارەتی پێشمەرگە گشت پێداویستییەکانی ئامادە کردووە،

ڕاهێنەرەکانمان و سەگەوانەکان ڕۆژانە بەردەوام وەرزش و ڕاهێنانی تایبەت بە سەگەکان ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بەردەوام نوێ ببنەوە. ئەمەش لە لای ئێمە شتێکی ڕۆتینی ڕۆژانەیە و بەردەوام ئەنجامی دەدەین.»

سریەی ئەندازەی سەربازی، هەروەک موقەدەم سەفین بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند، بەرنامە و پلانی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئامادەکاری تەواویان هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سریەکەیان فراوانتر بکەن و بتوانن هەم ڕێژەی سەگەوان زیاتر بکەن هەم ڕێژەی سەگی تایبەت. ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆژەکانی وەزارەتی پێشمەرگە دەبێت بۆ زیاتر پێشخستنی تیمی کەی ناینی وەزارەتی پێشمەرگە.

سریەی ئەندازەی سەربازی وەکو یەکەیەکی کارا، جیا لە سەگەکان ئامێری تایبەتیان هەیە بۆ دۆزینەوەی بۆمب و تەقەمەنی. لەمبارەیەوە ملازم ئەوەڵ تەحسین تەها، بەرپرسی بەشی چارەسەر و دۆزینەوەی بۆمب، بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەکو تیمی دۆزینەوە و چارەسەر ئامێری تایبەت بە دۆزینەوەی بۆمبمان هەیە و ئامێرەکان تایبەتن و توانای فراوان و زۆر باشیان هەیە لە دۆزینەوەی هەر بۆمب و تەقەمەنییەکی مەترسیدار. ئامادەیی تەواومان هەیە بۆ هەر فەرمانێک لە ڕێگای پێشمەرگەی ڕاهێنراو و ئامێری تایبەت.»

## لە بیرۆکەوە بۆ جێبەجێکردن

ئەم یەکەیە لەسەر بیرۆکە و پرۆژەی ڕاهێنەری پێشکەوتوو کارزان خالید عەبدوڵڵا دامەزراوە کە سەرپەرشتیاری ڕاستەوخۆی تیمی کەی ناین دەکات. ناوبراو شارەزایی و ئەزموونی زیاتر لە بیست ساڵی هەیە دەربارەی کەی ناین و ڕاهێنانی تایبەت بە سەگەکان. هەروەها وەکو یەکەم کەس لەسەر ئاستی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٢ بەشداری لە تیمی کەی ناین کردووە.

مامۆستا کارزان خالید، سەرپەرشتیاری کەی ناین، تایبەت بە گۆڤاری پێشمەرگە ڕایگەیاند: «لە سەرەتای ٢٠١٤ و دەستپێکردنی شەڕی داعش، هەستم بە گرنگی بوونی یەکەیەکی لەم شێوەیە کردەوە. بۆ ئەمەش بیرۆکەکەم لە ڕێگای پرۆژەیەکەوە پێشکەش بە وەزارەتی پێشمەرگە کرد و وەزارەتی پێشمەرگەش خۆشبەختانە بیرۆکەکەیان لە بەرچاو گرت و کاریان لەسەر کرد. تاوەکو ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی پێشمەرگە بە هاوکاری کۆمپانیای گلۆباڵ و ڕێکخراوی مارشاڵ توانیان یەکەی کەی ناینی وەزارەتی پێشمەرگە دابمەزرێنن. سەرەتا بە چەند قۆناغێک ١٦ سەگی تایبەتیان بۆ ئێمە دابین کرد.»

سەبارەت بە ڕاهێنانی سەگ و سەگەوانەکان، ڕاهێنەری پێشکەوتووی کەی ناین بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: «تیمی کەی ناین دەبێت بەردەوام ڕاهێنانی ڕۆژانەی خۆیان بکەن. ئەمەش گرنگییەکی زۆر باشی هەیە بۆ ئەوەی سەگەکان و سەگەوانەکان نوێبوونەوەی بەردەوام و ئامادەباشی تەواو و خێرایان هەبێت بۆ ئەنجامدانی هەر فەرمانێکی وەزارەتی پێشمەرگە. تیمی کەی ناین تیمێکی ئامادەکراوە لە هەموو ڕوویەکی زانستییەوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆی بەپێی ستانداردە جیهانییەکان.»

تیمی کەی ناین لە هەر ئۆپەراسیۆنێک بەشداری کردبێت، خۆشبەختانە توانیویەتی بە تەواوەتی سەلامەتی هێزەکانی پێشمەرگە گەرەنتی بکات. لەمبارەیەوە مامۆستا کارزان وتی: «لە ساتی دامەزراندنی تیمی کەی ناین تاوەکو ئێستا بەشداری چەندین ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی پێشمەرگەمان کردووە لەسەر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە. خۆشبەختانە لە هەر ئۆپەراسیۆنێک کە تیمەکانی ئێمە ئامادەییان هەبووە، بە شێوەیەکی ئەندازەیی و خێرا ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنمان پاک کردووەتەوە و نەمانهێشتووە هێزەکانی پێشمەرگە تەنانەت زیانێکی بچووکیشیان پێ بگات. ئەمەش بۆ تیمەکەی ئێمە زۆر هاندەر بووە بۆ ئەوەی زیاتر خۆمان ماندوو بکەین لە پێناوی سەلامەتی هێزەکانی پێشمەرگە و هاوڵاتیانی کوردستان.»

ئەم تیمە تەنها بۆ بەشداری کردن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دروست نەکراوە، بەڵکو بۆ هاوکاری خەڵکی سیڤیل و هاوڵاتیانی کوردستانیش


موقەدەم / سەفین سەدرەدین


مولازم ئەول / تەحسین تەها


کارزان خالید گراوی

**«خۆشبەختانە لە هەر ئۆپەراسیۆنێکدا کە تیمەکانی ئێمە ئامادەییان هەبووە، بە شێوەیەکی ئەندازەیی و خێرا ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنمان پاك کردووەتەوە و نەمانهێشتووە هێزەکانی پێشمەرگە تەنانەت زیانێکی بچووکیشیان پێ بگات»**

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

لە ئامادەباشیدایە. مامۆستا کارزان وتی: «تاوەکو ئێستا لەسەر داواکاری پارێزگاری هەولێر و لەسەر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە، تیمی کەی نایني وەزارەتی پێشمەرگە لە کارەساتە سروشتییەکان بەشداری کردووە و توانیویەتی ڕۆڵی خۆی ببینێت.»

وەرزش و ڕاهێنان دووانەی لە یەک دانەبڕاون بۆ بەردەوامی کاری تیمی کەی ناین. مامۆستا کارزان وتیشی: «لە کاتی دەوامی فەرمی و ئەرکدا یاخود لە کاتی تر، سەگەوانەکان پێویستە بەردەوام بن لە ئەنجامدانی وەرزش، بەتایبەت وەرزشی بەهێزکردنی توانای جەستەیی، بەهۆی ئەوەی کە سەگەوانەکانمان لە حاڵەتی پێویستدا بتوانن لەگەڵ سەگەکان ڕێ بکەن. چونکە ڕۆیشتن، ڕاکردن و جووڵە تایبەتییەکانی سەگەوان وزەیەکی زۆری دەوێت و خۆشبەختانە سەگەوانەکانمان توانای جەستەیی تەواویان هەیە بۆ هەموو ئەگەرێک.»

## کار و کاردانەوە و دەستکەوتەکان

سەبارەت بە کارەکانی کەی ناین و کاردانەوەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی، مامۆستا کارزان وتی: «پەیوەندی ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانان زۆر باشە، هەفتانە سەردانمان دەکەن و جیا لەمەش لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمپانیا گەورەکانی تایبەت بە کەی ناین لە پەیوەندی بەردەوامداین. هەم بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری هەم بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەسەر بنەمای کار، چالاکی و داهێنانی ئێمە لە بارەی دۆزینەوەی بۆمب و بەکارهێنانی سیستەمی نوێ. تیمی کەی نایني وەزارەتی پێشمەرگە سێ جار بانگهێشت کراوین بۆ گەورەترین کۆنفرانسی کەی ناین. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەزموونەکانی ئێمە لەم بوارەدا لەوێش ڕێگای نوێیان بۆ باس کردوون لە دۆزینەوەی تەقەمەنی. پێشنیاری ئێمە وەرگیراوە و خراوەتە بەرنامەی تایبەتی کەی ناین و بووەتە بەشێک لە ڕاهێنانەکانی یەکەی کەی نایني وڵاتان.»

لە کۆتاییدا، مامۆستا کارزان، ڕاهێنەری پێشکەوتوو و سەرپەرشتیاری تیمی کەی ناین، بە گۆڤاری پێشمەرگەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا تیمی کەی ناین گەیشتوونەتە ئاستێک کە جێگای باوەڕ و متمانەیە لەسەر ئاستی جیهان و ئامادەییمان هەیە بۆ دروست کردنی چەندین یەکە و گرووپی دیکە. بۆیە بەرنامەمان هەیە و پڕۆژەی تایبەتمان ئامادە کردووە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی لە هەموو فیرقەکانی وەزارەتی پێشمەرگە تیمێکی کەی ناین دروست بکەین. بۆ ئەوەی کارەکانی ئێمە ئاسانتر و خێراتر بکرێت و لە ماوەیەکی کەمدا بگەین بە هەموو میحوەرەکان. جیا لەمانەش لە هەوڵداین بۆ ئەوەی گەر زەمینە لەبار بێت بتوانین لە ناو یەکەکەمان بەشی بەرهەمهێنانی سەگ زیاد بکەین کە ئەمە بە کارێکی زۆر گرنگ دەزانم، بۆ ئەوەی خۆمان سەگ بەرهەم بهێنین و بتوانین بە پێی پێویستی خۆمان ڕێژەی سەگەکان زیاد بکەین و بتوانین کۆنترۆڵی گشت ناوچەکان بکەین.





فەرماندەی شەهید،

# عەمید مەغدید هەرکی..

## چیای وره و شانامەی سەنگەر

● ئا: عەقید ئیدریس ئەحمەد زبیر

زۆرن ئەو شێرە کوڕانەی کە لە ئامێزی خانەوادە نیشتماندۆست و تێکۆشەرەکان فرچکیان بە ناوی کورد و کورردستان گرتووە و بە شیری شۆڕشگێری و پێشمەرگایەتی و ئازادیخوازی گۆشکراون. فەرماندەی جوان و جەسوورمان، (مەغدید هەرکی) یەکێک لەو شێرە کورانەی نیشتمانەکەمانە، کە لە تافی لاوێتییەوە ئاوێتەی هەستی نیشتمانپەروەری بووە و نەخشەڕێگای ژیانی لەسەر تابلۆی پرشنگداری (کوردستان یان نەمان) نەخشاندووە.

عەمید مەغدید هەرکی، بە بیری رۆشنی، بە رەوشتی بەرزی کوردانەی و بە خەباتی پێشمەرگایەتی، چیرۆکێکی شیرینی خەباتی شاخ و شانامەیەکی گرانبەهای ناو سەنگەری کوردایەتی بۆمان نووسیوە و ئەزموونێکی سەنگینی ئازایەتی و فیداکاری بۆ بەجێهێشتین.

گۆڤاری پێشمەرگە بە شانازییەوە، گۆشەی شەهیدانی ئەم ژمارەیەی تەرخان کردووە بۆ هەڵوەستەیەک لە ئاست ئەم قارەمانەی گەلەکەمان و دەربڕینی چەند پەیڤێکی ئەمەکداری بەرانبەر ئەم رۆڵە گیانبەختکردوەی نەتەوەکەمان.

### ژیاننامەی شەهید

فەرماندەی شەهید عەمید مەغدید هەرکی لە بەرواری ١٩٦٩/٧/١ لە خانەوادەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر لە شاری هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە رێکخراوی هێرشی سەر بە سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵان کردووە.

لە ساڵی ١٩٨٧ ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و بووەتە خاوەنی پێنج منداڵی بەناوەکانی (فەرمان، شفا، جەفا، رۆنیا و ئاریا).

لە دەستپێکی راپەرینی ١٩٩١ی گەلەکەمان چەکی بەرگرکردنی لە کورد و کوردستان کردە شان.

لە ساڵی ١٩٩٥ بووەتە ئەندامی بەشی کارگێڕی لە سوپای دوو. لە ساڵی ١٩٩٧ لە هەمان سوپا بووەتە بەرپرسی بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن. لە ساڵی ١٩٩٨ بووەتە بەرپرسی بەشی عەمەلیات لە هێزی دووی سوپای دوو، دواتر بووەتە فەرماندەی بەتالیۆن.

لە بەرواری ١٩٩٨/١٢/١ بەشداریی لە خولی فەرماندەیی لە ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ کردووە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

لەبەر لێهاتوویی و قارەمانی، لە ساڵی ٢٠٠١ کراوە بە فەرماندەی هێزی (٢٥)ی سوپای سێی هەولێر و لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا رۆڵێکی قارمانانەی گێراوە بەتایبەت لە میحوەری مخموور.

لە ساڵی ٢٠٠٤ بە پلەی (موقەدەم) دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆن لە فەرماندەیی زێرەڤانی.

لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ جاری دووەم بەشداریی لە خولی فەرماندەیی ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ کردووە و پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ٢٠٠٦ بووەتە فەرماندەی هێزی دووی سوپای پێنجی زێرەڤانی.

بەشداری لە چەندین خولی پێگەیاندنی کادیران کردووە.

لە ژیانی سەربازی خۆیدا، هەموو پلەکانی یەک لەدوای یەک بڕیوە تاکوو پلەی (عەمید).

بەر لە شەهیدبوونی، قوتابی قۆناغی یەکەمی بەشی کارگێڕی و یاسا بووە لە زانکۆی لوبنانی- فەرەنسی لە هەولێر.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## نموونەی ئازایەتی و فیداکاری

شەهید مەغدید هەرکی، هەر لە تافی لاوێتیەوە ئاوێتەی ژیانی سیاسی و ئازادیخوازی گەلەکەی بوو، بۆیە هەمیشە وەک کەسایەتییەکی نیشتمانی دەبینرا و پابەندێکی سەرسەختی خەبات بوو بۆ ماف و ئازادی و ئاسۆی گەشی خاک و نەتەوەکەی، ئەمەش وای لێکردبوو کە لە هەموو کات و ساتێکدا نموونەی هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و پێشمەرگایەتی بێت و ببێتە چیرۆکێک لە تێکۆشانی شاخ و شانامەیەکی ناو سەنگەرەکانی بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان.

بەر لەشەهیدبوونی لە دیمانەیەکیدا و لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی شەڕی داعش و بەگرییەکانی پێشمەرگەدا، باسی یەکێک لە شەڕەکان دەکات کە تیایدا بڕیاری داوە، ئەگەر تیرۆریستانی داعش بتوانن پێشڕەوی بکەن «ئەوە من بڕیارم دابوو کۆتایی بە ژیانم بێنم».

## بیرمەندێکی فەرەنسی باسی ئازایەتی شەهید مەغدید دەکات

بێرنارد هێنری لیڤی، بیرمەندی فەرەنسی، لە شەڕی داعش، لەمیانەی ئامادەکردنی فلیمێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر پێشمەرگە، سەردانی سەنگەرەکانی پێشەوەی کرد و چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەهید مەغدید ئەنجام دا. ئەم بیرمەندا لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ یەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، باسی چاونەترسی و لەخۆبوردوویی شەهید عەمید مەغدید دەکات و دەڵێت: مەغدید هەرکی کەسایەتییەکی گەورەی پێشمەرگە بوو، چەند هەفتەیەک بەر لە مەرگە تراژیدییەکەی ناسیم ، گفتوگۆی باشم لەگەڵیدا ئەنجام دا، زۆر سەرسام بووم کاتێک بینیم شوێنی مانەوەی ئەو کەمتر پارێزراو بوو لە شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکانی لیواکەی ... لە کۆتاییشدا بوو بە یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی دۆکیۆمێنتارییەکەم.

## وەرگرتنی پلەی شەهادەت

شەهیدی فەرماندە عەمید مەغدید هەرکی وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی و لە بەردەوامی بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان، بەشدارییەکی بەرچاوی لە شەڕی دژ بە داعشدا هەبوو. لەو شەڕەدا و لە پێناو پاراستنی کیانی نەتەوەکەی و بەرزهێشتنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، لەگەڵ پۆلێک لە پێشمەرگە



قارەمانەکانی گەلەکەمان لە رۆژی ٢٠١٥/١٢/١٦ لە چیای زەرتک گیانی خۆی کردە قوربانی کورد و کوردستان و لە ڕۆژی ئاڵای پیرۆزی کوردستان بە خاک سپێردرا.

# سڵاوی ڕێزو وەفا بۆ فەرماندەی شەهید عەمید مەغدید هەرکی ناوی نەمر و هەمیشە یادی بەخێر





# لە شەروەی بناری هەڵەموندەوە بۆ گەرمیانی گڕ و بڵێسە

لەوەتەی ژیان هەیە لە نیشتمانی کوردان، خۆبەختکردن و ڕووبەڕووبوونەوە دژی داگیرکەرانی کوردستان بەردەوامی هەیە. چیا بە چیا و دۆڵ بە دۆڵی ئەم نیشتمانە بە خوێنی لاوانی کورد سوور هەڵگەڕاوە. هەر پەنا بەردێک، سەنگەرێکی بەرگری و گلکۆی پیرۆزی شەهیدێکی نیشتمانە و بووەتە گۆڕی سەربازی ونی ئەم گەل و خاکە. ئەمجارەیان بە وەرەی پۆلایینی پێشمەرگە و فەرماندەیەک ئاشنا دەبین کە لەوەتەی هەستی بە نادادی و ناسۆری گەلەکەی کردووە، شانی داوەتە بەر خەبات و تێکۆشانی بێوچان لە پێناوی مانەوەی گەل و نیشتمانەکەی بە زیندوویی و سەربەرزی. ئەویش لیوا مستەفای شەهید عەبدوڵلا تەهایە.

## ژیاننامەی لیوا مستەفا

ناوی تەواوی مستەفا عەبدوڵلا تەهایە، ناسراو بە مستەفای شەهید عەبدوڵلا تەها. لە بەرواری ١٩٧٢/١٠/١ لە گوندی شەروەی دۆڵەڕەقەی دەڤەری شاوڕێی سنووری ڕانیە لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە هەستی بە جەور و ستەمی گەلەکەی کردووە و لەگەڵ دووکەڵی باروت و ناپاڵم و هێرشە بەردەوامەکانی فاشیستەکان لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلوولدا گەورە بووە. ئەمە بەهۆی سروشت و هەڵکەوتەی ناوچەکەیان بووە کە ناوچەیەکی ئازادکراوی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلوولدا. هەر بەو هۆیەشەوە تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە قوتابخانەی گوندی بەردانگەی دەڤەرەکەیان تەواو کردووە.

ناوبراو ڕۆڵی فەرماندەیەکی ئازا و پێشمەرگەیەکی چاونەترس و شەهیدێکی قارەمان و ناسراوی کوردستانە کە شەهیدی فەرماندە عەبدوڵلا تەهایە، کە دوا پلەی پێشمەرگایەتی جێگری فەرماندەی تیپی ٨٧ی کارۆخ بووە.

## گەشتی پێشمەرگایەتی

لیوا مستەفا لە ساڵی ١٩٨٥ بووە بە پێشمەرگە لە کەرتی شەشی تیپی ٧٨ی کارۆخ لە لای کاک قادر خەبات، فەرماندەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ. بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی سنووری شاوڕێ، کارۆخ، گەڕوومەنجەڵ، کێڵ کێل، دۆڵی باڵیسان و شەڕەکانی بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالی کردووە. لە ساڵەکانی ١٩٨٨، ١٩٨٩ و ١٩٩٠ زۆربەی کات وەک پارتیزانێک لە دەڤەری کارۆخ، دۆڵەڕەقە، سەرکەپکان و دەوروبەری ڕانیە سەرپەرشتی مەفرەزە پارتیزانەکانی کردووە.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی دەیان نەبەردی و ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی سەخت بووە. بەو هۆیەوە سێ جار بە سەختی بریندار بووە. یەکەم بریندار بوونی لە ١٩٨٨/٨/١١ لە شەڕی (گەڕوومەنجەڵ) لە ڕووبەڕووبوونەوەی شاڵاوی ئەنفالی هەشت، دژی بەعسییە فاشیستەکان بوو. دووەم جار لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان لە ١٩٩١/٣/٧ لە گرتنی فەوجێکی سوپای داگیرکەری عێراق لە گوندی قادراوەی سەر بە شارەدێی سەنگەسەری دەڤەری پشدەر بریندار بوو. سێیەم جار لە ٢٠١٤/١٠/٢٠ لە شەڕی دژی تاریکپەرستانی داعش لە سنووری میحوەری قەرەتەپە لە گوندی گرد خەنجەر بریندار بوو کە بووە هۆی کەمئەندام بوونی.

## پلەکانی پێشمەرگایەتی

لیوا مستەفا هەموو پلەکانی فەرماندەیی و ڕێکخراوەیی لێهاتووانە بڕیوە، لە شاخ لە فەرماندەی مەفرەزەوە تاکوو فەرماندەی کەرت. دوای ڕاپەڕینیش درێژەی بە پیشەی پیرۆزی پێشمەرگایەتی داوە و ساڵی ١٩٩٢ بەشداریی سوپای یەکگرتووی کوردستانی کردووە. لە خولی فەرماندەیی لە کۆلێژی سەربازیی قەڵاچوڵان بەشدار بووە و لە پلەی (مولازم) وە تاکوو پلەی (لیوا) ڕۆیشتووە. لە ساڵی ١٩٩٤ بووە بە فەرماندەی تیپ، لە ساڵی ١٩٩٨ کراوە بە فەرماندەی هێز، لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە جێگری فەرماندەی فەوجی دوو لە لیوای بیتوێن و دواتر کراوە بە فەرماندەی هەمان فەوج، لە ساڵی ٢٠١٤ کراوە بە جێگری فەرماندەی لیوای ٢٢ی بیتوێن، دوایین پایەشی فەرماندەی لیوای ٢٢ی بیتوێن بووە.

ئێستا ناوبراو، کەمئەندامی سەنگەرە بە پلەی لیوا کە ڕێژەی کەمئەندامییەکەی ٧٠٪ە، دەستی چەپی ئیفلیج بووە و قاچی ڕاستی لەنگ بووە. ناوبراو ڕابردوویەکی جوان و پاکی هەیە و کەسایەتییەکی خۆشەویستە لە ناو خەڵک و پێشمەرگەدا، تا بڵێی کەسێکی سادە و خاکییە، ناوبراو دوو جار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و خاوەنی هەشت منداڵە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ئەفسەرێکی کورد لە زانکۆی بەرگریی ئەمریکا چیرۆکی سەرکەوتنەکانی دەگێڕێتەوە

● ئامادەکردنی: حەسەن شێخوەسانی

## لە ناوبانگترین زانکۆی سەربازیی جیهانەوە

لە هەنگاوێکی بێوێنە و مێژووییدا، کوردستان ئەمڕۆ شانازی بە یەکێک لە ئەفسەرەکانی خۆی دەکات کە توانیویەتی لە یەکێک لە بەناوبانگترین دامەزراوە سەربازییەکانی جیهاندا -زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکا- بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنێت. ڕائد ڕوکن، ئاری ئەکرەم عەلی، وەک نوێنەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، توانیویەتی سنوورەکان تێپەڕێنێت و ناوی کورد و پێشمەرگە لە گەورەترین ناوەندی ئەکادیمی سەربازیی جیهان تۆماربکات.
ئەم چیرۆکە تیشک دەخاتە سەر گەشتی سەرکەوتنی رائد ئاری، لە کۆلێژی قەڵاچوالانەوە هەتا گەیشتن بە بەرزترین پلەی ئەکادیمی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## پێشمەرگەیەك لە زانکۆدا، ژیاننامەی ئەکادیمی و سەربازی

رائد ئاری ئەکرەم عەلی، گەشتەکەی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە بۆ هۆڵەکانی گەورەترین زانکۆی سەربازیی جیهان درێژەی کێشاوە. ناوبراو کە خولیای زۆری بۆ بواری سەربازی هەبووە، سەرەتا وەک یەکێک لە خوێندکارانی خولی ١٢ی کۆلێژی قەڵاچوالان دەستی بە ڕێگای خوێندنی سەربازی خۆی کرد. لە ساڵی ٢٠٠٩دا، دوای تەواوکردنی سەرکەوتووانەی کۆلێژەکە، بە پلەی ملازمی دووەم چووە ڕیزی هێزەکانی پێشمەرگەوە، بەڵام ئەوە کۆتایی گەشتەکە نەبوو، رائد ئاری کە بەردەوام بێ ئۆقرەیی زانستی هاندەری بووە، نەوەستا و توانی بڕوانامەیەکی بەکالۆریۆس لە زانکۆی جیهان لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەدەست بهێنێت. ئەم هەنگاوە، نیشانەی ئەو بیرکردنەوە ستراتیژییە بوو کە ڕوانینی بۆ ئاسۆی دوورتر هەیە کە بینینی کوردستانە لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

## کوردێك لە زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکا

کاتێک لە مانگی نیسانی ٢٠٢٣دا، رائد ئاری ئەکرەم عەلی پێی نایە خاکی ئەمریکا، تەنها وەک ئەفسەرێکی پێشمەرگە نەچوو، بەڵکو وەک هەڵگری پەیامی گەلێک چوو کە هەزاران ساڵە بەرەنگاری ستەم دەبێتەوە. ئەو وەک ئەفسەرێکی کورد و پێشمەرگە، دەروازەیەکی شکاند و دەرفەتی بۆ ڕەخسا انکوی سوپا - کۆلێژی سرکردایتی و ئەرکانی گشتی سوپای ئەمریکا (CGSC) لە ساڵی ١٨٨١ لە فۆرت لیڤنۆرث لە ویلایەتی کانساس بۆ ماوەی ١٤ مانگ (لە مانگی نیسانی ٢٠٢٣ بۆ مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٤) بخوێنێت.

## لە کلاسدا کوردستانی نیشان دا

لە ماوەیەک کە زۆربەی خوێندکاران تەنها خەریکی تێپەڕاندنی کۆرسەکان بوون، رائد ئاری دوو ئەرکی لەسەر شان بوو: سەرکەوتن لە خوێندن و ناساندنی کوردستان. لە نێو هۆڵەکانی خوێندندا، لە نێوان ئەفسەرانی ئەمریکایی و نێودەوڵەتیدا، ئاری توانی بە نمرەی بەرز و سەرکەوتووانە بڕوانامەی ماستەر لە هونەری ئۆپراسیۆن . هاوکات، دەرفەتێکی زێڕینی قۆستەوە بۆ ئەوەی هاوپۆلەکانی بە مێژووی خەباتی گەلی کورد و ڕۆڵی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ئاشنا بکات.

## قۆناغە سەختەکانی بە سەرکەوتن تێپەڕاند

ئەوەی زۆربەی خەڵک نایزانن ئەوەیە کە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەم زانکۆیە بە چەندین قۆناغی دژوار و کۆرسی قورسی سەربازی و هەمەلایەن تێدەپەڕێت. پێویستە خوێندکار لە گشت کۆرسەکانی خوێندن بە نمرەیەکی بەرز دەربچێت تاکو بتوانێت بەردەوام بێت. بە شانازییەوە، رائد ئاری نەک هەر توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵکو بە نمرەی بەرز گشت قۆناغەکانی بڕی و ناوی کوردی بەرز ڕاگرت.

## گەورەترین دەستکەوتی توێژینەوەی ماستەر

لە ڕۆژێکی دیکەی دەستکەوتی زانستی سەربازیدا، ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٥، لە هۆڵی کۆلێژی ئەرکان، رائد ڕوکن ئاری ئەکرەم عەلی، لەبەردەم لیژنەیەکی پسپۆڕدا توێژینەوەی ماستەری خۆی پێشکەشکرد کە بە ناونیشانی «بۆچی سوپای ئەمریکا لە گواستنەوەی سەرکەوتنە تەکتیکییەکان و ئۆپەراسیۆنەکان بۆ سەرکەوتنی ستراتیژی ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە؟ بەمەش لە هەنگاوێکی دیکەی زانستی سەربازیی سەرکەوتوو بوو .

لیژنەی هەڵسەنگاندن، پاش گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بە یەکدەنگی پەسەندیان کرد و بڕیاری کۆتاییان دا بە پێدانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی سەربازی بەو ئەفسەرە. ئەم سەرکەوتنە دوورە لە خەونی تاکەکەسییەوە - بەڵکو لە پاڵ سەرکەوتنی تەواوی ئەفسەرە هاوپۆلەکانی، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی کوردستانە لە بوارە سەربازییەکاندا.

### ناوەندی پێگەیاندنی مەزنترین فەرماندەکانی جیهان

### لە ١٨٨١ەوە، ١٤٣ ساڵ لە پێگەیاندنی سەرکردەکانی جیهان

زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکا، ئەو ناوەندە ئەکادیمییە مێژووییەی کە ئەمڕۆ دەرگاکانی بۆ کوردستان کردووەتەوە، یەکێکە لە دێرینترین و پێشکەوتووترین زانکۆکانی جیهان لە بواری سەربازیدا، لە ساڵی ١٨٨١ەوە ئەم زانکۆیە بووەتە قیبلەنمای سەرکردە سەربازییەکانی جیهان و هەر ساڵە بە شێوەیەکی زۆر وردبینانە، باشترین ئەفسەران لە گۆشە و کەناری جیهانەوە هەڵدەبژێرێت.

## فێرگەیەك بۆ سەرکردایەتی ٢١مین سەدە

ئامانجی سەرەکی ئەم کۆلێژە تەنها پێگەیاندنی ئەفسەر نییە، بەڵکو دروستکردنی سەرکردەی ستراتیژییە بۆ سەردەمی نوێ. لێرەوە، ئەفسەران فێری سەرکردایەتی، ئەرکان، تاکتیکی پێشکەوتووی سوپا و سیستەمی دیجیتاڵی سەربازی و فەرماندەیی دەبن بە شێوەیەک کە بتوانن ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی سەدەی ٢١ ببنەوە.

### پێگەیاندنی فەرماندەی تەواو

خوێندن لەم زانکۆیە چەند کۆرسێکی سادە نییە، بەڵکو پڕۆگرامێکی تەواوکەرە و گشت قۆناغەکانی هێرش، بەرگری، تاکتیکی و ستراتیژیی سەربازی لە ئۆپەراسیۆنەکاندا دەگرێتەوە. ئەفسەرێک کە لێرە تێپەڕدەبێت، بۆ مەزنترین بەرپرسیارێتییەکانی سەربازی لە ئاستی جیهانیدا ئامادەکراوە.

### کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، سەرکەوتنێک بۆ نەوەکانی داهاتوو سەرەتای ڕێگایەک نەک کۆتایی

سەرکەوتنی رائد ئاری ئەکرەم عەلی و ئەفسەرانی هاوڕێی لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانکۆی بەرگریی نیشتمانیی ئەمریکا، زۆر لەوە گەورەترە کە وەک بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی ئەکادیمی تەماشای بکرێت. ئەم سەرکەوتنە، شکاندنی ئەو بەربەستە دێرینانەیە کە بەردەوام لە بەردەم پێشکەوتنی کورددا هەبوون. بەدەرکەوتنی توانا و لێهاتوویی ئەفسەرانی کورد لە مەیدانی نێودەوڵەتی، پەیامێکی ڕوونە بۆ جیهان کە کوردستان خاوەن کادری پسپۆڕ و دەستەبژێری پێشکەوتوو لە گشت بوارەکاندایە.

ئەم سەرکەوتنە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئاستی زانستی و پیشەیی ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە و سەرەتایەک بۆ کردنەوەی دەرگای زیاتر بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی کورد لە ناوەندە ئەکادیمییە سەربازییە نێودەوڵەتییەکاندا. بە پشتبەستن بە توانا و زانستی نوێ کە لە ڕێگای ئەم جۆرە خولانەوە بەدەست دێت، هێزی پێشمەرگە دەتوانێت گەشە بە ستراتیژی سەربازیی خۆی بدات و زیاتر لە ئاست بەرپرسیارێتییەکانی سەردەمدا بێت.

## نەوەی داهاتوو لەسەر شانی پێشینان

گومانی تێدا نییە کە دەستکەوتەکانی رائد ئاری ئەکرەم عەلی و هاوڕێکانی، ڕێچکەیەکی نوێ بۆ نەوەی داهاتووی ئەفسەران و پێشمەرگە دەکەنەوە، بەدوایدا دەیان و سەدانی دیکە شوێن پێیان هەڵدەگرنەوە.

پەیامی کۆتایی ئەم چیرۆکە، ئەوەیە کە کوردستان بە ئیرادەی ڕۆڵەکانی و بە بڕوا و توانا و لێهاتوویی کادرەکانی، دەتوانێت گەورەترین سنوورەکان ببەزێنێت. ئەو ڕۆژەی کە کوردێک لە باشترین ناوەندی زانستی سەربازیی جیهان، توێژینەوە لەسەر کەلێنەکانی ستراتیژیی ئەمریکا دەکات، ئەو ڕۆژەیە کە کوردستان چووەتە قۆناغێکی نوێی مێژووییەوە. چیرۆکی سەرکەوتووەکان پێیان دەڵێت، کوردستان چاوەڕێی داهاتوویەکی گەشترە.







ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## بڵاوكراوەی نوێ

# گۆڤاری یونیپاس گەیشتە کتێخانەی پێشمەرگە

● ئامادەكردنی: ڕەنج جەعفەر




گۆڤاری «یونیپاس» (UNIPATH) گۆڤارێکی تایبەتە بە بواری سەربازی و ئاسایشی کە لە لایەن فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا (U.S. Central Command) بڵاودەکرێتەوە. ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە (ژمارە ١٣، زستانی ٢٠٢٥) کۆمەڵێک بابەتی گرنگی لەخۆ گرتووە لەوانە: لە لاپەڕە ٦دا بەرگریی مووشەکی هاوبەش بۆ پاراستنەوەی سیستەمی هاوبەش لە کەنداوی عەرەبی بەرچاودەکەوێت، لاپەڕە ١٠ی گۆڤارەکە بە بابەتێک دەستپێدەکات بەناوی کێشەی یەمەن بۆ سەقامگیری، یەکێک لە ئەفسەرە باڵاکانی یەمەن نووسیویەتی کە پەیوەندیدارە بە هەڕەشەی میلیشیاکان لەسەر جووڵەی دەریاوانی و قاچاخچییەتی چەک و پەروەردەی توندوتیژانەی حوسییەکان و کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگەی یەمەنەوە. لاپەڕە ١٤ سوپای قەتەر بەدەوای ڕاهێنانی پێشکەوتووەدا دەگەڕێت، بابەتێکە لەسەر مۆدێرنەکردنی سوپای قەتەر کە بە هاوکاریی سوپای ئەمریکا جێبەجێ دەکرێت. لاپەڕە ١٦ بابەتێکە سەبارەت بە هەڕەشە ئەمنییەکان و سوودوەرگرتن لە ژیری دەستکرد بۆ باشتر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەربازی. لاپەڕە ٢٠ بەدواداچوونێکە لە سەر خولێکی تایبەت بە ئەفسەرانی وڵاتی سعوودی بۆ شارەزابوون لە جەنگی ئەلەکترۆنی. بابەتەکانی دیکە بریتین لە: ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژییە لە پاکستان، ئەردەن و هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، میسر و بەهێزکردنی هێزی دەریایی، حوسییەکان و کارەساتی ژینگەیی، عێراق و شەڕی پاشماوەکانی داعش، پەیوەندی و هاوکارییەکانی ئەمریکا لە گەڵ وڵاتانی پاکستان، ئۆزبەکستان، تورکمەنستان و بەحرەین، لەگەڵ چەندین بابەتی دیکەی سەربازی ئەم گۆڤارەی پڕ لە زانیاری کردووە.

گۆڤاری یونیپاس پردێکی پەیوەندییە لەنێوان فەرماندەیی ناوەندی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە، بۆیە بۆ باشترکردنی گەیاندنی پەیام و زانیارییەکان بە چەند زمانێک بڵاودەکرێتەوە.

# لە کتێبخانەی پێشمەرگەوە


عرفان مستەفا

کتێبی «بوونی نەتەوەیی کورد» عرفان مستەفا نووسیویەتی، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و بەرفراوانە لە بارەی پرسی نەتەوەیی کورد و شوناسی نەتەوەیی لە روانگەی زانستی سیاسی و فەلسەفەی سیاسییەوە. ئەم کتێبە هەوڵێکی زانستییانە و ئەکادیمییە بۆ شرۆڤەکردنی بوونی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی تیۆرە سەردەمییەکانی نەتەوە و نەتەوەخوازیدا.

کتێبەکە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە بە وردی پرسی نەتەوەخوازی و بوونی نەتەوەیی کورد لێکدەداتەوە:

بەشی یەکەم: بیرۆکەی نەتەوە لەنێوان عەقڵ و واقیعدا

لەم بەشەدا، نووسەر تیشک دەخاتە سەر بنەماکانی بیرۆکەی نەتەوە لە روانگەی فەلسەفی و فیکرییەوە. لێرەدا، کۆمەڵێک باس دەخرێتەڕوو، وەک کۆمەڵگەی پیشەسازی وەک زەمینەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە. پەیوەندیی نێوان کلتووری پیشەیی و کلتووری ناکارییدا و فەلسەفەی ئەڵمانی وەک پشتگیرێکی راستەقینەی بیرۆکەی نەتەوە.

بەشی دووەم: تیۆرەکانی پەیدابوونی نەتەوە

ئەم بەشە گرنگییەکی تایبەت دەدات بە تیۆرە جیاجیاکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی نەتەوە، وەک تیۆری عەقڵی و مەملەکەتی خوا وەک بیرۆکەی هەمەکی نەتەوە. هەروەها، نووسەر باس لە تیۆری سروشت و سروشت وەک بنەمای بوونی نەتەوە دەکات. لەم بەشەدا، باس لە چەمکەکانی ئازادی وەک ماهیەتی رۆح و پەیوەندی رۆحی نەتەوە و دەوڵەت دەخاتەڕوو.

بەشی سێیەم: تیۆرەکانی نەتەوەخوازی و دروستکردنی نەتەوە

لێرەدا، نووسەر تیشک دەخاتە سەر تیۆرە هاوچەرخەکانی نەتەوەخوازی و پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە. باس لە پەیوەندیی نێوان نەتەوەخوازی و کلتووری پیشەیی و کلتووری ئێتنیکی دەکات، هەروەها شیکردنەوەی دروستکردنی نەتەوە بە داڕشتنەوەی مۆدێرنانەی کلتووری میللی.

بەشی چوارەم: وێناکردنی کورد وەک نەتەوەیەکی خێڵەکی

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی بوونی کورد وەک نەتەوەیەکی خێڵەکی. لێرەدا، نووسەر باس لە پەیوەندیی نێوان خێڵ و دروستکردنی نەتەوە دەکات، هەروەها پێکهاتە خێڵەکییەکان و کێشەکانی نێوان خێڵە پەرەسەندووەکان و خێڵە وەستاوەکان دەخاتەڕوو. نووسەر هەروەها باس لە شوێنی کورد لە نەخشەی نەتەوەخوازیدا دەکات.

بەشی پێنجەم: بزووتنەوە کوردییەکان لەنێوان کوردبوون و نەتەوەخوازیدا

لە بەشی کۆتاییدا، نووسەر لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە کوردییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ نەتەوەخوازی و کوردبوون دەکات. لێرەدا، باس لە کێشەی بزووتنەوە



کوردییەکان لەناو دەوڵەتە ناکوردییەکاندا دەکرێت و بوونی نەتەوەیی کورد لەنێوان تیۆری عەقڵی و تیۆری دروستییدا شیدەکاتەوە.

ئەم کتێبە چاپی دووەمی بینیوە و لە شاری هەولێر چاپکراوە بە تیراژی ١٠٠٠ دانە. لە لاپەڕەی ناسنامەی کتێبدا، دەردەکەوێت کە کتێبەکە لە بابەتی کوردناسی سیاسیدایە و دیزاینی بەرگەکەی لەلایەن قاسم کەماڵەوە ئەنجام دراوە. هەروەها، تێبینی دەکرێت کە هەموو مافێکی چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ نووسەر پارێزراوە.

ئەم کتێبە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕبایەخە بۆ توێژەران و خوێنەرانی بواری سیاسەت و مێژووی کورد، بەتایبەت ئەوانەی کە بایەخ بە پرسی نەتەوەیی و نەتەوەخوازی دەدەن. بە شێوەیەکی ئەکادیمی و قووڵ، کتێبەکە پرسە هەستیارەکانی پەیوەست بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە کوردییەکان دەخاتەڕوو و لە چوارچێوەی تیۆرە جیهانییەکانی نەتەوەخوازی و فەلسەفەی سیاسیدا شیدەکاتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەروازەی هۆشیاری

نیشتمانی.. سەربازی .. زانیاری جۆراوجۆر..

## تەوەری ژمـــارە
## جەنگی ئابوری

ئامادەکردنی: عەقید قارەمان مەهدی

### پێناسە:

بەکارهێنانی ستراتیژ، تاکتیک ، ململانێ و رووبەڕووبونەوەی کردەیی ئابووری لەلایەن وڵاتێک یان کۆمەڵێک وڵاتەوە بۆ زیانگەیاندن بە ئابووری وڵاتێکی تر، یان کۆمەڵێک وڵاتی تر.

### ئامانج:

فشار خستنە سەر دەسەڵاتی وڵاتێک تا ناچار بکرێت ڕەفتارەکانی بگۆڕێت یان خۆی رادەستی ئیرادەی بەرانبەرەکەی بکات.

### جۆرەکانی:

ئابڵوقە ، سزا ، بایکۆت ، ململانێ و شەڕی دراو ، هێرشی سایبەری ئابووری.

### کاریگەری:

دەتوانێت کاریگەری زۆر خراپی لەسەر ئابووری وڵاتێک هەبێت، وەک دابەزینی ئاستی گەشەی ئابووری، زیادبوونی بێکاری و دابەزینی ئاستی بژێوی و گوزەرانی خەڵک، هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، سازشکردن لەر بەرژەوەندییەکان، تا بەرپابوونی شەڕ.

# جەنگی ئابووری

## بەشێك لە ڕەوتی ژیان

**شەڕی ئابووری ڕەنگە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئابووری بێت، کە وەک بەشێک لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان یان ئاشکراکان، ئۆپەراسیۆنە ئەلیکترۆنییەکان، یان ئۆپەراسیۆنە زانیارییەکان لە کاتی جەنگ یان پێش جەنگدا پەیڕەو دەکرێت. شەڕی ئابووری لە جیهاندا دیاردەیەکە کاتێک ڕوودەدات کە ململانێیەکی ئابووری لە نێوان وڵاتان یان ڕێکخراوە جیاوازەکاندا سەرهەڵبدات.**

ئەم شەڕە پێکدێت لە بەکارهێنانی ئامراز و سیاسەتی ئابووری بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی یان ئابووری دیاریکراو.
چەمکی شەڕی ئابووری گونجاوە بۆ ململانێی نێوان دەوڵەتەکان، بە تایبەت لە کاتی شەڕی گشتگیردا – کە نەک تەنها هێزی چەکداری دەوڵەتی دوژمن دەگرێتەوە، بەڵکو کۆکردنەوەی تەواوی ئابووریی ئەو دەوڵەتەش بۆ هەوڵی جەنگ دەگرێتەوە. لە دۆخێکی وادا، زیانگەیاندن بە ئابووریی دوژمن ڕاستەوخۆ زیان بە توانای شەڕی دوژمن دەگەیەنێت.
سیاسەت و ڕێکارەکان لە شەڕی ئابووریدا لەوانەیە بریتی بن لە گەمارۆی دەریایی، لیستی ڕەش، کڕینی قەدەغەکراو، بەخشین، پچڕاندن یان کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە یان هێڵەکانی دابینکردنی دوژمن، جیاکاری گومرگی، سزای ئابووری، ڕاگرتنی یارمەتییەکان، بەستنی سەرمایە، قەدەغەکردنی وەبەرهێنان و ڕۆیشتنی سەرمایەی دیکە، و دەستبەسەرداگرتنیان. زۆرجار سیاسەتی زەوی سووتاو بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی دوژمنێکی پێشکەوتوو نەتوانێت سەرچاوە بەدەستبهێنێت.
هۆکارەکانی شەڕی ئابووری لە جیهاندا جیاوازن و لەوانەیە بریتی بن لە ناکۆکی بازرگانی، سزا ئابوورییەکان، گەمارۆی بازرگانی، دەستکاریکردنی نرخی ئاڵوگۆڕ، شەڕی بازرگانی، شەڕی نەوت و سیاسەت و ئامرازەکانی دیکە کە کاریگەرییان لەسەر ئابوورییە پەیوەندیدارەکان هەیە.
شەڕی ئابووری لە جیهاندا کاریگەری لەسەر تاکەکان و کۆمپانیاکان و وڵاتان بە گشتی هەیە. لەوانەیە ببێتە هۆی تێکچوونی ئابووریی پەیوەندیدار، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، بەرزبوونەوەی نرخی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان، کەمکردنەوەی قەبارەی بازرگانی جیهانی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی بیانی، کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و سستبوونی گەشەی ئابووری.
جگە لەوەش، ڕەنگە شەڕی ئابووری گرژییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان وڵاتانی شەڕکەر زیاتر بکات. لەوانەیە ببێتە هۆی زیادبوونی ئەگەری شەڕی ڕاستەقینە و لە ئەنجامدا وێرانکاری زیاتر و زیانی مرۆیی لێبکەوێتەوە.
بۆیە پێویستە هەوڵی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی شەڕی ئابووری لە جیهاندا و بەرزکردنەوەی هاوکاری و لێکتێگەیشتنی نێوان وڵاتان. دەوڵەتان پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بدەن لە ڕێگەی ئاشتیانە و پەنا بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن ببەن بۆ ئەوەی گرژی و ململانێکان زیاتر نەبن و گەشەی ئابووری و سەقامگیریی جیهانی چەقبەستوو نەبێت.

# جەنگی ئابووری

## جەنگە بەردەوامەکەی ئێستا و داهاتوو

**ئەو شەڕانەی، جیهان پێش سەردەمی تەکنەلۆجیای مۆدێرن شاهیدی بوو، دەکەوتنە ژێر یەک پێناسەوە، ئەویش ئەو شەڕانە بوون کە پەیوەست بوون بە هێزی چەک و سوپا و ڕادەی توانای راگرتنی بەرانبەر.**

لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و شێوازی ژیان، شێوازەکانی جەنگ هەمەچەشن بوون و چیتر وڵاتان و زلهێزەکان پشت بە توانا سەربازییەکان نابەستن، بەڵکو دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی ئامرازی دیکە بۆ لاوازکردنی لایەنی بەئامانجکراو بەبێ ئەوەی زیانێکی مرۆیی یان ماددی لێبکەوێتەوە، ئەوەش پێی دەوترێت «جەنگی نەرم»، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانبیەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییەکانەوە بەبێ شەڕێکی ڕاگەیەندراو یان ڕاستەوخۆ و بەبێ بەکارهێنانی هیچ کەرەستەیەکی سەربازی یان چەکێک بۆ زاڵبوون بەسەر بەرامبەر، بووە بە زاراوەیەکی باو لە نێوان هەردوو ئۆردوگای ڕۆژئاوادا و ڕۆژهەڵاتدا.
شەڕی ئابووری لەلایەن یاریزانە گەورەکانی ئابوورییەوە بەڕێوەدەچێت، کە وڵاتێک (یان یەکێتیی وڵاتێک کە دراوێکی یەکگرتووی هەیە) بە دەستوەردان لە سیاسەتی دراودا بەکاردەهێنێت لە بازاڕی ئاڵوگۆڕی دراودا بۆ کەمکردنەوەی هێزی کێبڕکێی وڵاتانی دیکە. لایەنێکی دیکەی ناڕاستەوخۆی ئەم شەڕە کاتێکە کە بەرپرسان لە ڕێگەی میدیاوە سیاسەتەکانی دژی وڵاتێک ڕادەگەیەنن، یان هۆشداری دەدەن لە بارودۆخی داهاتوو کە ڕەنگە بەهای دراوی وڵاتی ئامانجدار کەم بکاتەوە. لێرەشدا مۆدێلی چینی-ئەمریکی دێت، کە مەترسیدارترینی شەڕە ئابوورییەکەی ئێستایە، کە بە بڕوای چاودێران، دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕینی سیستەمی ئابووریی جیهانی.
ئەم ململانێ جیهانییە لە شەڕی ئابووریی نێوان وڵاتاندا بەردەوامە، بەو پێیەی زۆرێک لە مۆدێلەکانی ئێستای ئەم ململانێیە دەردەکەون (لە نێوان ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا، ئەمریکا و چین، ئەمریکا و ڕووسیا).
دیمەنی جیهانی ململانێیەکە رکابەری ئێستای نێوان ئەمریکا و چینە کە کاریگەری لەسەر ئابووری جیهانی دەبێت، چونکە ئەم دوو وڵاتە خاوەنی نزیکەی (٤٦٪) ی قەبارەی بازرگانی جیهانیین. لێرەدا کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی شەڕێک بوونەتەوە کە تەنها دەتوانن چاوەڕێی ئەنجامەکانی بکەن.
tisri.org الحرب الأقتصادية الناعمة

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# جەنگ و تێکچوونی ئابووری دوانەی وێرانکەر

ئامادەکردنی: ڕەنجبەر فازڵ

**پەیوەندیی نێوان شەڕەکان و ئابووری وەک جمکبوون وایە. شەڕەکان هەمیشە، بەهۆی قوربانی و برینداربوون و کەمئەندامی هەمیشەیی جەستەیی و دەروونییەوە، لە ڕوانگەی مرۆییەوە زیانی زۆری هەبووە، هەروەها لە ڕووی ئابوورییشەوە، تێچووی زۆرە، وەک تێچووی چەک و تەقەمەنی، وێرانکردنی بینا، کارگە، نەخۆشخانە و ژێرخانی وەک پرد، ڕێگاوبان و هتد.**

کاتێک شەڕەکان هەڵدەگیرسێن، سیستەمە ئابوورییە سەقامگیرەکان کە بەدرێژایی ساڵان بنیاتنراون، تێکدەچن، هێزی کار کەم دەبێتەوە، حاڵەتێکی نادڵنیایی ئابووری زاڵ دەبێت، ڕێژەی هەڵاوسان و قەرزە دەرەکییەکانی وڵاتانی تێوەگلاو لە شەڕەکاندا بەرزدەبێتەوە، خەڵک لە ماڵ و کارگە و کێڵگەکانیان ئاوارە دەبن و بێکاری بەرزدەبێتەوە، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر ئابووری هەیە.

بەڵام تا ڕادەیەک بۆچوونێکی سەیر هەیە، کەسانێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەڕەکان لە ئاستی ئابووریدا سوودبەخشن، بەو پێیەی هاندەری زۆرێک لە کەرتەکانن، وەک پیشەسازی چەک و گێڕانەوەی ژێرخانی ئابووری، کە هەلی کار زیاتر دەڕەخسێنێت، بێکاری کەمدەکاتەوە، بەڵام ئەوانەی ئەم بۆچوونە ڕەتدەکەنەوە دەڵێن، ئەو پارە و هەوڵانەی کە بۆ دروستکردنی چەک و گەڕاندنەوەی ئەو وێرانکارییەی شەڕ بەجێی هێشتووە، دەکرا بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، باشترکردنی پەروەردە ، کەرتی تەندروستی و زیادکردنی خۆشگوزەرانی دانیشتووان خەرج بکرایە.

لە ڕاستیدا هەندێک وڵات لە شەڕەکان سوودمەند دەبن، بۆ نموونە لە دوو ساڵی یەکەمی جەنگی جیهانی دووهەمدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە فرۆشتنی چەک بە وڵاتانی بەشدار لە شەڕەکەدا سوودمەند بوو، بە تایبەتی بەریتانیا، کە لە بەرامبەردا پەنای برد بۆ قەرزکردن لە ئەمریکا بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی شەڕەکە و ساڵانی زۆری خایاند بۆ ئەوەی ئەو قەرزانە بدرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، هەندێک وڵات دەتوانن سوودی ئابووری بەدەستبهێنن ئەگەر شەڕ لە دەرەوەی خاکی خۆیان بکەن، بۆ نموونە کە خواستی ناوخۆیی زیاد دەکات و زۆرێک لە کۆمپانیاکان چالاک دەبن، بەتایبەتی ئەو کۆمپانیایانەی کە دروستکردنی چەک و ئامێری پێویست بۆ شەڕەکان بەرهەم دەهێنن، لەکاتێکدا زیانەکان کارەساتبارن بۆ ئەو وڵاتانەی کە شەڕ لەسەر خاکەکەیانە، شیرازەی ژیان و ئابوورییا تێکدەچێت.



# جەنگی ئابوری
# ئازاری بێ برین!

ئامادەکردنی: هیوا هەژار

**مرۆڤایەتی هەمیشە شەڕی ئابووری بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان و قازانجەکانیان یان بە ئامانجی تێکدانی توانا ئابوورییەکان لە کاتی قەیرانە سیاسی و سەربازییەکاندا ناسیوە. دەتوانرێت بەپێی فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد وەک ستراتیژییەکی ئابووری پێناسە بکرێت، کە لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ئەو ڕێوشوێنانە دامەزراوە کە ئامانجی سەرەکییان لاوازکردنی ئابووریی وڵاتێکی دیکەیە.**

بۆیە شەڕی ئابووری یەکێکە لە کۆنترین جۆرەکانی شەڕە کە مرۆڤایەتی بینیویەتی، وەک چۆن جاران لە شێوەی ململانێ لەسەر سەرچاوە ئابوورییەکاندا دەهات، بەڵام شێوازی ئەم شەڕانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە شێوەی تێکدانی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان لە ڕێگەی جووڵەی هاوردە و سەرمایە و قۆرخکردنی بەرهەمهێنانی کاڵایەک لە وڵاتێکدا بۆ بەرژەوەندیی وڵاتێک.

لە لایەکی تریشەوە هەندێک شەڕی ئابووری هەن کە فۆرمێکی سیستماتیک و دانپێدانراو وەردەگرن، وەک ئەوانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی میساقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یان هەندێک وڵات دژی ئەو وڵاتانەی کە لە پرەنسیپەکانی ئاشتی گشتی لادەدەن و پێشێلکردنی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن ، هەروەها ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ تێکدانی کۆمەڵگە و وڵاتان.

لە سەردەمی شەڕدا شەڕی ئابووری بە فاکتەری پاڵپشتی گرنگ دادەنرێت بۆ کردەوە سەربازییەکان، ئەمەش بەشدارە لە لاوازبوونی ئابووری. سەرەڕای ئەمەش شەڕە ئابوورییەکان لە کاتی ئاشتیدا تەنها لەسەر ڕەهەندی ئابووری دامەزراون، واتە تەنها ئاراستەی ئابووری دەکرێت، واتە هەموو ئەو ڕێکارانەی کە دەتوانرێت لە کاتی شەڕدا بەکاربهێنرێن، دەتوانرێت لە کاتی ئاشتیشدا کەڵکی لێ وەربگیرێن. جیهان ئەمڕۆ ڕووبەڕووی زنجیرەیەک قەیرانی ئابووری بووەتەوە، لەوانە شەڕی ئابووری وەک شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا.

شەڕە ئابوورییەکان لە شەڕە ئاساییەکان کوشندەترن، چونکە توانا ئابوورییەکان لەناو دەبەن و هەروەها ڕەهەندێکی دەروونی پێکدەهێنن کە ڕاستەوخۆ بە فراوانکردنی بازنەی هەژاری و بێکاری و سنووردارکردنی پرۆسەی گەشەپێدان و گەشەکردن دەست دەخاتە سەر ژیانی خەڵک.

بەکارهێنانی چەکی ئابووری لە کاتی شەڕدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی جیهانگیری و پەرەسەندنی زنجیرەی دابینکردن و فراوانبوونی بنکەی بازرگانی جیهانی، شەڕە ئابوورییەکان دەسەڵاتێکی بێوێنەیان پێدراوە تا کاریگەرییەکی وێرانکەر و ئازاربەخشی هەبێت، بەڵام بەبێ برینەکان. بۆیە هەر پچڕانێک لە دابینکردنی کەرەستەی خاو یان کاڵا خۆراکییەکان زۆر زیانبەخشترە لە دۆڕاندنی شەڕێک.

بەکورتی: شەڕە ئابوورییەکان هەمیشە یەکێک بوون و ئێستاش یەکێکن لە توندترین شەڕەکان کە مرۆڤایەتی شاهیدی بووە و ئازاربەخشترە کاتێک وەک ئامرازێکی تەواوکەری شەڕی چەکداری کاری لەسەر بکرێت. لە سایەی هەر شەڕێکی ئابووریدا، ئابووریی جیهانی لە دۆخێکی ژێر هەڕەشەدا دەبێت، ئەمەش پێویستی بە هەوڵی و هاوکاری زیاتری نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی ئابووریی جیهانی لە هەموو شۆک و ململانێیەک بپارێزێت.

/https://maaal.com / الحروب الاقتصادية .. ألمٌ بلا جراح !

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئابووری جەنگ

ئامادەکردنی: ڕائید سۆران

**لە کاتێکدا ساڵانێکە زلهێزەکان بە ئاشکرا کێبڕکێ و ململانێی ئابووری یەکتر دەکەن و ئەمەش بە (جەنگی ئابووری) ناسراوە کە جەنگێکە بەبێ بەکارهێنانی چەک، بەڵام لە هۆکارو ناوەڕۆک و ئامانجی جەنگەکاندا دەستەواژەیەکی دیکەش هەیە کە پێی دەوترێت (ئابووریی جەنگ).**

ئابووریی جەنگ، لەکاتی بەڕێوەچوونی جەنگەکان دێتە ئاراوە، بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی هەموو سەرچاوە نیشتمانییە بەردەستەکان، چ ماددی بێت یان مرۆیی و دووبارە دابەشکردنەوە و بەکارهێنانیان، بەجۆرێک کە گەورەترین بەشیان بۆ خزمەتکردنی جەنگ تەرخان بکرێت، بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنرێت.

شارەزایان، ئابووریی جەنگ بەم شێوەیە وێنا دەکەن: سیستەمی بەرهەمهێنان و کۆکردنەوە و تەرخانکردنی سەرچاوەکانە بۆ پشتیوانیکردن لە پرۆسەکانی ناو جەنگەکان. هەندێک لەو ڕێوشوێنانەی کە گیراوەتەبەر، بریتین لە زیادکردنی ڕێژەی باج و کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان. بە واتایەکی تر، ئەو کۆمەڵە ڕێوشوێنانەی کە دەوڵەت لە کاتی شەڕەکاندا دەیگرێتەبەر، یان کاتێک قەیران و ململانێ ناوخۆییەکان سەرهەڵدەدەن بۆ ئەوەی ئابوورییەکەی بەرگەی ئەو بارودۆخانە بگرێت، بە گرتنەبەری سیستەمێکی بەرهەمهێنان کە کار بۆ دابینکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان دەکات، بۆ دەستەبەرکردنی بەردەوامی لە ئاستی مەدەنی ناوخۆیی، و بۆ سەرکەوتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدا، بەم شێوەیە ناسراوە، ئابووریی جەنگ گۆڕانکارییەکی پێکهاتەیی لە پێکهاتەی ئابووری ئەو دەوڵەت و کیانەدا دروست دەکات کە بە شەڕێکدا تێدەپەڕێت، بەجۆرێک کە بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکان تەرخانکراون بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی شەڕ و چاکسازی، لە بەرامبەردا، خەرجییە گشتییەکان کەم دەکرێنەوە، واتە پرۆژەکانی گەشەپێدان و چاودێریی کۆمەڵایەتی و چالاکییەکانی دیکە کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات کەم دەبێتەوە و دەبنە بابەتی لاوەکی.

چاودێران دەریدەخەن، کە یەکێک لە کاردانەوەکان، کەمیی کاڵاکانە لە کەرتی مەدەنیدا کە لە ئەنجامی زیادبوونی خواست لە کاتی شەڕەکاندا دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی پێویستی هێزە چەکدارەکان بۆ پێداویستییە سەربازییەکانە، جگە لەو ئاڵۆزییەی کە ڕەنگە لە بازارەکاندا بڵاوببێتەوە.

**ڕەهەندەکانی جەنگی ئابوری**

ئەو وڵاتانەی دەچنە ناو شەڕەوە، ئابوورییەکەیان دەگۆڕێت بۆ ئابووریی جەنگ، کە ئەولەویەت لە دەستەبەرکردنی کەرەستەی سەرەتایی وەک سووتەمەنی و خۆراکدایە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە چالاکیی زۆرێک لە کەرتە بەرهەمدارەکان دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت. بۆیە ئابووریی جەنگ لە جەوهەری خۆیدا بە ئابوورییەکی نابەرهەمدار دادەنرێت.

لێرەدا پێویستە جەخت لەوە بکەینەوە، کە بوونی بەهێزیی ئابووری لە ململانێ و شەڕەکاندا، چ وەک هۆکارێکی شەڕ، یان وەک ئامانجێک بۆ چالاککردنی ئابوورییەکانی جەنگ، لە دووبارە داڕشتنەوەی سروشتی ئەو شەڕانە و ڕەهەندەکانیان بەشداری کردووە.

لەم ڕۆژگارەدا شەڕەکان گۆڕاون بۆ ململانێیەکی کۆمەڵایەتی درێژخایەن، توانای تەقینەوەی لە هەر ساتێکدا هەیە. جەخت لەسەر ژێرخانی شارەکان و ناوچە دانیشتووەکاندا دەکاتەوە و چیتر بە سەنگەرەکانی دوور لە دانیشتووان سنووردار نابێت، چونکە لەگەڵ هەموو شەڕێکدا هەمیشە دروشمی ئاوەدانکردنەوە بەرزدەبێتەوە، وەک ئەوەی ئامانج، ئابووری ئاوەدانکردنەوە بێت .

شەڕە ئابوورییەکان ئەوانەن کە بەهۆی ململانێ لەسەر سەرچاوە ئابوورییەکان، یان بەرژەوەندییە ئابوورییەکان کێبڕکێیان لەسەر دەکرێت. سەبارەت بە ئابووریی جەنگ، لەوانەیە مەترسیدارتر بێ لە شەڕە ئابوورییەکان، چونکە ئامانجیان خودی شەڕو بەردەوامبوونی شەڕە.

ئەگەر دەوڵەتەکان ئەکتەری سەرەکی شەڕە ئابوورییەکان بن، بەتایبەت دەوڵەتە گەورەکان، یان بەهێزترین دەوڵەتانی ناوچەیی، ئەوا ئابووریی شەڕەکان زۆرن و ئەکتەر و سودمەندەکانیان هەمەچەشنن. سەرەتا لە ئۆتۆمبێلی پیشەسازی سەربازی لەو وڵاتانەی چەک دروست دەکەن و هەناردە دەکەن و کۆمپانیا ئابوورییە جیهانییەکان، تا دەگاتە ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان کە بۆ بەدەستهێنانی هاوکاریی گەورە، سوود لە شەڕەکان وەردەگرن، بۆیە ڕەنگە هەوڵی درێژکردنەوەی شەڕەکان بدەن.

بەڵام گەڕان بەدوای ئامانجە ئابوورییەکاندا، بەتایبەتی بۆ ئەو زلهێزە نێودەوڵەتیانەی کە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی یان شاراوە بەشدارییان لە گڕگرتنی شەڕەکاندا کردووە ، ڕەنگە یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی ڕوونمان بۆ دابین بکات کە چی ڕوویدا؟ بۆچی ڕوویدا؟ و کێ سوودی لە ڕووداوەکە وەرگرت؟. هەروەها بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوانەی لە جیهانی ئێستادا دەگوزەرێن، پێویستمان بە وەبیرهێنانەوەی ئابووریی جەنگ هەیە، وەک لە حاڵەتی ئۆکرانیا و شەڕە ئابوورییەکانی داهاتوو لە ناوچە جیاجیاکانی ئەفریقا، جا چ جەنگی بچووک بن وەک ئەوانەی کە لەلایەن بۆکۆحەرام، داعش و ئەلقاعیدەوە هەڵگیرسێندران.

سەرچاوە:
ecss.com.eg الحروب الاقتصادية واقتصاد الحروب
https://ar.wikipedia.org/ اقتصاد الحرب
www.rawabetcenter.com / الحروب الاقتصادية سلاح فتاك في اختلال موازين الدول



# شەڕە ئابوورییەکان

## چەکێکی کوشندە بۆ ناهاوسەنگی لە وڵاتاندا

و: گەرمیان

**شارەزایان دەڵێن، شەڕە مۆدێرنەکان و ململانێ ناوخۆییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وایان کردووە، زۆرێک لە وڵاتان بۆ هاوسەنگی لە نێوان ئابووری ناوخۆیی و پێداویستییەکانی خەرجییە مەدەنییە ڕۆتینییەکان لەلایەک و ڕێوشوێنەکانی جەنگ لە لایەکی ترەوە، پلانی ئابووری بگرنەبەر.**

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، شێوازەکانی داگیرکاریی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات و بوو بە جوڵەی هاوردە و سەرمایە لەبری هێزی سەربازی و گەورەترین فۆرمەکانیشی لە جیهانگیری و نەزمی نوێی جیهانیدا دەرکەوت، بەتایبەتی لەسەر وڵاتانی جیهانی سێیەم.

**گرنگترین دەرکەوتەکانی شەڕە ئابوورییەکان**

١. هانابردن بۆ وڵاتانی پەیوەندیدار بە قەرز و سوود و هاتنەئارای مامەڵەیەک کە لەوانەیە ئەنجامەکانی بۆ قەرزدەر قورس بێت، چونکە دانەوەی قەرز پەیوەستە بە کۆتایی شەڕەکان کە ئەویش دیار نییە، بۆ قەرزوەرگریش قورستر دەبێت کە لەشەڕدایە و دوای شەڕیش بەدەست ئاساوارەکانی شەڕەکەوە گیرۆدەدەبێت و کات و توانای دارایی زۆری پێویست دەبێت سەرباری قەرزدارییەکەشی.

٢. دروستکردنی قەیران لە نێوان وڵاتانی دراوسێ کە شەڕی ئابووری دەکەنە ئامانج، بۆ ئەوەی وڵاتانی گەورە لە فرۆشتنی چەک و کەمبوونەوەی سامانی سروشتی ئەو وڵاتانە سوودمەند بن، وەک ئەوەی لە نێوان یەمەن، ئەسیوپیا، سووریا، تورکیا، ئیمارات و ئێران ڕوویدا.

٣. پلان بۆ دەستەبەرکردنی وابەستەیی ئابووری، لەڕێگەی بەستنەوەی ئابووریی وڵاتانی شەڕکەر بە ئابووریی وڵاتە گەورەکانەوە، بە دابینکردنی خۆراک و دەرمان بۆیان، هەروەها دابینکردنی هاوکاریی ئابووری و ساڵانە و هتد، ئەمەش دڵسۆزی ئەو وڵاتە ناکۆکییانە مسۆگەر دەکات بۆ وڵاتانی گەورە لە ڕوانگەی ئابووری و سیاسییەوە.

٤. پاراستنی سەربازی، واتە وڵاتانی پێشکەوتوو گەرەنتی کۆمەڵێک وڵاتی خاوەن سامانی سروشتی دەکەن، بەڵام کە هێزی بەرگری لەخۆیان نییە، پاراستنی سەربازی هەمیشەیی یان کاتیان بۆ دابین دەکەن، لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەکی زەبەلاح و نەوت و سامانی سروشتی دەگمەن.

**جۆرەکانی پارەدارکردنی شەڕە ئابوورییەکان**

شەڕەکان بەگشتی تێچوویان قورسە و دەبێت پارەداربکرێن. شەڕی نێوان دەوڵەتەکان بە گرانتر لە شەڕی ناوخۆ

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

دادەنرێت، چونکە سەرچاوەی زۆر گەورەتر کۆدەکاتەوە، بەڵام پارەدارکردنی ئاسانترە، چونکە دەوڵەتی شەڕکەر خاوەنی کیان و ئامرازەکانی شەرعی و دامەزراوەییە. لە ڕێگەی یاسایی دەتوانێت کۆبکاتەوە و دەستی بەسەردا بگرێت بۆ مەبەستی سەربازی و باجدان و قەرز و بەم شێوەیە کێشە داراییەکان دوادەخرێن.

سەبارەت بە شەڕی ناوخۆش «جەنگی بچووک»ن، بەڵام داراییکردنیان قورسترە، چونکە لێبڕینی باج لە ژێر پەردەی شەرعییەتی دامەزراوەیی ناتوانرێت ئەنجام بدرێت و قەرزکردن قەدەغەیە، جگە لەوەش هێنانی چەک و تەقەمەنی، ئەمەش شتێکە و پێویستی بە هاوکاری دەرەکییە.

کاتێک سەرچاوەی هەناردەکراو بە ئاسانی لەبەردەستدا بێت، بەتایبەتی کانزا بەنرخەکان، پارەدارکردنی شەڕی ناوخۆ دەبێتە پرۆسەیەکی ئاسان، هەرچەندە هانی کڕیارانی دەرەوەی وڵات دەدات بە نرخێکی کەم بیانکڕن، بۆیە دەبنە هاوپەیمانێکی خەمخۆر و پشتیوان، ئەمە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی مەدەنیانەی جەنگەکانە لە ژمارەیەک وڵاتی ئەفریقادا.

**کەناڵەکانی ئاڵوگۆڕ**

کاتێک شەڕ لە نێوان وڵاتان هەڵدەگیرسێت، کەناڵەکانی ئاڵوگۆڕ و دابینکردن، بەهۆی گۆڕینی سنوورەکان بۆ هێڵی ڕووبەڕووبوونەوە دەگیرێن. داخستنی کەناڵە بازرگانییەکان بووەتە چەکێک بۆ خۆی، وەک چۆن لە وڵاتانی شەڕکەر کە خاوەنی ئەم توانایەن، ناچارن بەشێک لە هەوڵە سەربازییەکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی دابینکردنی ستراتیژی یان تەنانەت بۆ سەپاندنی گەمارۆدان، یان گرتنەبەری ڕێوشوێنی گەمارۆدانی یەکتر ئاراستە بکەن.

**ئەو چەکانەی کە لە شەڕی ئابووریدا بەکاردەهێنرێن**

١. بایکۆتی ئابووری :

بایکۆتی ئابووری یەکێکە لە چەکە گرنگەکانی شەڕی ئابووری، لەڕێگەی بایکۆتی تەواوەتی کەلوپەلی وڵاتێک، و هاوردە نەکردنی یان هەناردەکردنی بۆی بەهیچ شێوەیەک، بە بەکارهێنانی ئەو بەرهەمانەی کە کێبڕکێی بەرهەمەکانی ئەو وڵاتە دەکەن و نەدانی هیچ دەرفەتێک بۆ پەرەپێدان بایکۆتکردنی کاڵای خۆراکی بە کاریگەرتر دادەنرێت، چونکە لە پێویستترین کاڵاکانن.

٢. گەمارۆی ئابووری:

بایکۆتی ئابووری دەتوانێت بچێتە ناو بازنەیەکی فراوانتر، بۆ ئەوەی گەمارۆی ئابووری بگرێتەوە، هەروەها ڕێگری لە چوونە ژوورەوە و دەرچوونی کەلوپەل بۆ ناوچەکە لە چوارچێوەی گەمارۆی ئابووری، بە سەپاندنی گەمارۆی دەریایی و ئاسمانی و وشکانی، وەک ئەوەی لەگەڵ عێراق و لیبیا و کوبا ڕووی دا.

ئابلۆقەی ئابووری کوشندەترین چەکی شەڕی ئابوورییە، چونکە لە ئەنجامدا کەمیی دەرمان و خۆراک و بەرکەوتنی سنووردار لەگەڵ جیهانی دەرەوە، کە لە ئەنجامدا لێکەوتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دوورمەودای وەک برسێتی و نەخۆشی لێدەکەوێتەوە.

٣. بازاڕ و قۆرخکاری :

دزەکردنە ناو بازاڕەکانی ناوخۆی وڵاتە گەورەکان کە توانای ئەنجامدانی شەڕێکی ئابوورییان هەیە، یەکێکە لەو چەکە گرنگانەی لەو شەڕەدا بەکارهاتووە، بەمەبەستی لێدان لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دەوڵەت، تا لاواز دەبن و نەتوانێت ڕکابەری بکات و بەرەنگاری ببێتەوە.

٤. دروستکردنی قەیرانی ئابووری:

وڵاتانی پێشکەوتوو توانای دروستکردنی قەیرانی ئابوورییان لە وڵاتانی دیکەدا هەیە، جا قەیرانی دارایی بێت، یان قەیرانی بانکی و دارمانی بازاڕی بۆرسە، هەروەها ئەو قەیرانانەی کە سروشتی سووڕی ئابووری دەگرنەبەر وەک پاشەکشە.

ئەم ئامرازە بۆ دروستکردنی قەیرانی ئابووری خاوەنی ئامرازگەلێکن کە توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکەیان پێدەبەخشێت، وەک تەکنەلۆژیای خێرا، کە وایان لێدەکات دەستکاری پێوەرەکانی بازاڕی بۆرسەی جیهانی یان ناوچەیی بکەن، هەروەها دەنگۆ بڵاوکردنەوە بە ئامانجی تایبەت.

٥. بازرگانی جەنگ و گەندەڵی:

لە هەموو شەڕەکاندا، ئۆپەراسیۆنە گەورەکانی گەندەڵی دەردەکەون، وەک گرێبەستی فرۆشتنی چەک بە دوو لایەنی ململانێ، یان ماندووکردنی سەرچاوەکانی دەوڵەت لەلایەن باندەکانەوە.

گەندەڵی سیستەمێکی تەواو و یەکگرتوو پێکدەهێنێت کە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی نایاساییدا کردووە لەلایەن گەندەڵکارانی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە و یان بازرگانانی جەنگ، ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی ئابووری لە خراپەوە بۆ خراپتر بڕوات، چونکە لە سەرەتای هەر قەیرانێک یان شەڕێکدا، وڵات بە شێوەیەکی خێرا و سەیر دەگۆڕێت و لەگەڵیدا، سەرهەڵدانی چینێکی نوێ لە کۆمەڵگەدا دەست پێدەکات، چینێک کە پێکهاتووە لە کەسانێک کە تازە دەوڵەمەندن و ئەوانەی پارەیان هەیە کە سەرچاوەی نادیارە و زۆرجار هەژان و خاوەن کارێکی سادەن نەک ئەوانەی پارە یان بازرگانییان هەیە.

لەو ناوچانەی کە بەدەست شەڕو پشێوی ئەمنییەوە دەناڵێنن، هەندێکیان لە بازرگانی چەکدا کاردەکەن و دەست دەکەن بە پەرەپێدانی چەکی نوێ، یان تەقەمەنی بە هەموو جۆرەکانییەوە و دەیفرۆشن بە هەردوو لایەنەکانی ململانێ. ئەم تەقەمەنی و چەکانەی کە بە شێوەیەکی نایاسایی بەدەستیان هێناوە، وەک دزینی فرۆشگاکانی چەکی حکومی، یان کڕینی لە ڕێکخراوە بێ مۆڵەتەکان یان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان، ئەوەی گرنگە بۆ ئەوان پێش هەموو شتێک پارەیە.

هەندێکیان خۆراک قۆرخ دەکەن و بە نرخێکی گاڵتەجارانە دەیفرۆشن، بە زۆر و تۆقاندن فشار دەخەنە سەر خاوەن دوکانەکان بۆ بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکان، یان دوکانەکانیان دادەخەن.

کەسانێک هەن کە بازرگانی بە ژیانی گەنجانەوە دەکەن، ئەوان گرنگی بە خەڵک و ململانێ نادەن، بەڵکو گرنگی بە پارە دەدەن. لە ناوچە سنوورییەکان بازرگانی بە مادەی هۆشبەر بە هەموو جۆرەکانییەوە دەکەن و لەوانەیە، لەگەڵ ژمارەیەک بەرپرس ڕێکبکەون و لەلایەن هەردوو لایەنی ململانێکەوە بەرتیلیان پێبدرێت.

rawabetcenter.comالحروب
الاقتصادية سلاح فتاك في اختلال موازين الدول



# جەنگی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر کایە جیاوازەکان

● ئامادەکردنی: هاوکار محەممد

**جەنگی ئابووری، ئاماژەیە بۆ دۆخی ململانێ یان پێشبڕکێی نێوان نەتەوەکان یان قەوارەکان، کە ئامراز و ستراتیژیی ئابووری بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی و ستراتیژیی دیاریکراو یان ئابووری بەکاردێت. ئەم ئامراز و ستراتیجییانە دەتوانن لە باجی گومرگی بازرگانی و سزاکانەوە بۆ هێرشی ئەلیکترۆنی و سیخوڕیی ئابووری مەودایان هەبێت. شەڕی ئابووری دەکرێت لە نێوان وڵاتان، کۆمپانیاکان، یان تەنانەت لەناو تاکە وڵاتێک لە نێوان گروپە بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجام بدرێت.**

(Emma, ٢٠٢٢) جەنگی ئابووری بریتییە لە شیکردنەوەی ستراتیژییەتەکان و پاڵنەرەکان و کاریگەرییەکانی ئەم کردارانە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. لێکۆڵەران و شیکەرەوەکان زۆرجار لێکۆڵینەوە لە حاڵەتە مێژووییەکان و ڕووداوەکانی ئێستا و بەکارهێنانی ئامرازە ئابوورییەکان و تاکتییکەکان دەکەن، لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. تێگەیشتن لە جەنگی ئابووری بۆ بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی دەرئەنجامە ئەرێنییەکان بۆ سیاسەتوانان، ئابوورییناسان و پسپۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان زۆر گرنگە.

**ڕەهەندی مێژوویی جەنگی ئابووری:**

لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەربارەی جەنگی ئابووری چەندین حاڵەت ئاشکرادەکەن، کە ئامراز و ستراتیژیی ئابووری لە ململانێ و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکارهێنراون. ئەم ناکۆکییانە وانەی بەنرخ پێشکەش دەکەن کە دەتوانێت سیاسەتمەداران و ستراتێژیستەکان دەربارەی کاریگەری و کەموکوڕییە شیاوەکانی جەنگی ئابووری ئاگاداربکاتەوە. (Stevens, ١٩٩٩, pp. ٥٣٩-٥٥٦)

ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکی مێژوویی و ئەو وانانەیە کە لێیانەوە فێربووین:

جەنگەکانی ناپلیۆن (١٨٠٣ -١٨١٥): سیستەمی کیشوەری ناپلیۆن هەوڵێک بوو بۆ دابڕاندنی بەریتانیا لەڕووی ئابوورییەوە بە سەپاندنی گەمارۆیەک بەسەر بازرگانی بەریتانیا، لەگەڵ کیشوەری ئەورووپا. لە کاتێکدا کە هەندێک سەرکەوتنی سەرەتایی هەبوو، هەروەها بووە هۆی قاچاخچێتی بەربڵاو، تێکچوونی ئابووری لە ئەورووپا و گرژییە دیپلۆماسییەکان. وانەکە لێرەدا ئەوەیە کە جەنگی ئابووری دەتوانێت دەرئەنجامی نەخوازراوی هەبێت، لەوانە زیانگەیاندن

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بە هاوپەیمانەکانی خۆی و دروستکردنی ئابووریی ژێرزەوی. (Deakin, ٢٠٠٣)

شەڕی ناوخۆی ئەمریکا (١٨٦١- ١٨٦٥): لە ماوەی جەنگی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان، گەمارۆکانی یەکێتیی بەندەرەکانی کۆنفیدراسیۆن و هەوڵەکانی بۆ تێکدانی بازرگانی کۆنفیدراسیۆن، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەوڵەکانی جەنگی باشوور هەبوو. گەمارۆکان و تێکچوونی بازرگانی دەکرێت ئامرازێکی کاریگەربن بۆ لاوازکردنی ئابووریی دوژمن. (Claudia D. Goldin, ١٩٧٥)

جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨-١٩١٤): گەمارۆی بەریتانیا بۆ سەر ئەڵمانیا لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، کاریگەرییەکی وێرانکەری لەسەر ئابووریی ئەڵمانیا و دانیشتووانی مەدەنی هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی سیاسیشی هەبوو، چونکە لە ناسەقامگیری دوای جەنگ بەشداریی کرد. وانەکە ئەوەیە کە ڕێوشوێنەکانی جەنگی ئابووری توند دەتوانێت ببێتە هۆی کێشەی سیاسی و دیپلۆماسیی درێژخایەن.

جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٥-١٩٣٩): جەنگی ئابووری کە لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە دژی هێزەکانی تەوەرە هەڵگیرسا، گەمارۆی بازرگانی و ڕاگرتنی سەرمایەکانی تێدابوو. ئەم هەنگاوانە بوونە هۆی دابڕانی ئابووری تەوەرە و شکستی کۆتایی. وانەکە ئەوەیە کە هەوڵی جەنگی ئابووری ڕێکخراو دەتوانێت هێزێکی بەهێزی لە ململانێیەکی فراوانتردا هەبێت. (Harrison, ٢٠٢٣)

جەنگی سارد (١٩٩١-١٩٤٧): پێشبڕکێی ئابووری تایبەتمەندییەکی سەرەکی جەنگی سارد بوو. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەت، یارمەتی ئابووری و پەیوەندییە بازرگانی و سیخوڕییان بۆ بەدەستهێنانی سوود بەکارهێنا، وانەکە ئەوەیە کە جەنگی ئابووری دەتوانێت بەشێکی تەواوبێت لە ململانێیەکی ئایدۆلۆژیی درێژخایەن. (Nehring, ٢٠١٢) (Kegley, Jr ١٩٩٤)

قەیرانی مووشەکیی کوبا (١٩٦٢): ئەمریکا گەمارۆی بازرگانی بەسەر کوبادا سەپاند، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ دانانی مووشەکی سۆڤییەت لە کوبا. ئەم گەمارۆیە کاریگەریی سیاسی و ئابووری لەسەر ئەمەریکا و کوبا هەبوو، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر پێویستی هاوسەنگییەکی وریایی لە بەکارهێنانی جەنگی ئابووری وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە. (موجل، ٢٠١٠)

ئێران: لە ساڵی (٢٠١٠)، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا سزایان بەسەر پیشەسازیی نەوتی ئێراندا سەپاند، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی ئابووریی ئێران، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥) ڕێککەوتنی ناوەکی ئێران کە بە فەرمی بە پلانی کاری گشتگیر (JCPOA) ناسراوە، توانای سەپاندنی سزای ئابووری نیشاندا بۆ ئەوەی وڵاتێک بهێنێتە سەر مێزی دانوستاندن. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا، نیشانی دا کە هەڵگرتنی سزاکان لەوانەیە سەخت بێت، بۆیە کاریگەریی درێژخایەنی ئەو ڕێککەوتنە هێشتا نادیارە.

ڕووسیا: لە ساڵی (٢٠١٤)، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا سزایان بەسەر کەرتی وزە و دارایی ڕووسیادا سەپاند، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی ئابووریی ڕووسیا (shambaugh, ٢٠٠٢).

بە کورتی، بە درێژایی مێژوو، لە شەڕی ئابووری بۆ لاوازکردنی ئابووری دەوڵەتانی دیکە کەڵک وەرگیراوە. ئەو شێواز و میدیایانەی کە وڵاتان لە ڕێگەیەوە ئەم چەکە ئابوورییە بەکاردەهێنن، بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئامانجەکانی سزا ئابوورییەکانی ئەمڕۆ هەمان ئامانجەکانی سەدەکانی ڕابردوون، ئازاردانی دوژمن بە ئازاردانی ئابوورییەکەی و سنووردارکردنی دەستراگەیشتن بە هێڵی ژیانی دارایی. تێگەیشتن لە بەکارهێنانی مێژوویی جەنگی ئابووری تێڕوانینێکی بەنرخ پێشکەش دەکات بۆ سیاسەتمەدارانی هاوچەرخ و ستراتیجی سەربازی لە کاتێکدا ئەوان بە دیمەنی ئاڵۆزی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکاندا دەگەڕێن.

ستراتیژییەکانی جەنگی ئابووری:

جەنگی ئابووری ستراتیژییەکی ئابوورییە، کە لەلایەن وڵاتانی شەڕکەرەوە بەکاردەهێنرێت، بە ئامانجی لاوازکردنی ئابووری وڵاتانی دیکە. بە شێوەیەکی سەرەکی بە بەکارهێنانی گەمارۆ ئابوورییەکان ئامانجی گرتن یان کۆنترۆڵکردنی دابینکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانە.

**لێرەدا چەند ستراتیژیەتێک دەخەینەڕوو کە لە شەڕی ئابووریدا بەکاردەهێنرێن:**

١-ئابڵۆقە: ئابڵۆقە ئامرازێکی باوی شەڕی ئابوورییە، بریتین لە ڕێگریکردن لە قاچاخی لە نێوان وڵاتانی شەرکەر لە پێش جەنگی پێلۆپۆنێسیاوە لە یۆنانی کۆنەوە پراکتیزە دەکرا.

٢- بایکۆت: بایکۆت یەکێکی ترە لە ئامرازە باوەکانی شەڕی ئابووری، ڕەتکردنەوەی کڕین یان بەکارهێنانی کاڵا یان خزمەتگوزاری لە وڵاتێک یان کۆمپانیایەکی دیاریکراو (shambaugh, ٢٠٠٢).

٣-سزا: سزا بریتییە لە سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر وڵاتێک یان کۆمپانیایەکدا، لەڕێگەی گەمارۆی بازرگانی، جیاکاری گومرگی، بەستنی سەروەت و سامانی سەرمایە، ڕاگرتنی یارمەتییەکان، قەدەغەکردنی وەبەرهێنان و ڕۆیشتنی سەرمایەی دیکە و زەوتکردنی.

٤-کڕینی ڕێگریکراو: بریتییە لە کڕینی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکان بۆ ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی نەیارێک.

٥-پاداشت: پاداشت بریتییە لە دابینکردنی هاندان بۆ هاندانی وڵاتێک یان کۆمپانیایەک بۆ گۆڕینی سیاسەت یان ڕەفتارەکانی گرتن یان کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی دوژمن، یان هێڵەکانی دابینکردن. یان کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی دوژمن، هێڵەکانی دابینکردن ستراتیژییەکی دیکەیە کە لە شەڕی ئابووریدا بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بریتییە لە دەستبەسەرداگرتن یان کۆنترۆڵکردنی سەروەت و سامانی نەیارێک، بۆ لاوازکردنی ئابوورییەکەی.

٦-ئۆپەراسیونە ئەلیکترۆنییەکان: بریتین لە بەکارهێنانی تۆڕەکانی کۆمپیوتەر بۆ تێکدان یان زیانگەیاندن بە ئابووریی نەیار و سیستەمی دارایی، کۆمپانیاکان، یان ژێرخانە گرنگەکان. تێکدانی سەقامگیری ئابووریی نەتەوەیەک دەتوانێت ئامانجێکی ستراتیژی بێت (Deakin، ٢٠٠٣).

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

٧-کۆنترۆڵکردنی وزە و سەرچاوەکان: کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سەرەکییەکانی وزە، وەک نەوت و گازی سرووشتی، دەتوانێت فاکتەرێکی گرنگ بن، لە جەنگی ئابووریدا. نەتەوەکان دەتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر سەرچاوەکاندا بەکاربهێنن، وەک هێزێک لە دانوستانە نێودەوڵەتییەکاندا.

٨-دزینی موڵکی ڕۆشنبیری: سیخوڕی ئابووری، لەوانە دزینی خاوەندارێتی ڕۆشنبیری و نهێنی بازرگانی، جۆرێکە لە جەنگی ئابووری. دەتوانێت کێبڕکێیەک بۆ قەوارەیەک دابین بکات لەسەر حسابی کەسێکی تر (Kegley Jr، ١٩٩٤).

٩-ئەو کردارانەی کە لە کەرتی داراییدا ئەنجام دراون، وەک دەستکاریکردنی ڕێژەی سوود یان بازاڕی سەرمایە، دەکرێت بەشێک بن لە جەنگی ئابووری. ئەمەش دەتوانێت ببێتە هۆی ناسەقامگیری ئابووری لە نەتەوەی ئامانجکراودا. بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە، هەواڵی ساختە و پڕوپاگەندە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ناسەقامگیری ئابووری یان چاندنی دابەشبوون لە نەتەوەیەکی ئامانجدا (Emma، ٢٠٢٢).

١٠-کۆنترۆڵکردن یان تێکدانی زنجیرە سەرەکییەکانی دابینکردن دەتوانێت ڕێگایەک بێت بۆ بەدەستهێنانی سوودی ئابووری. بۆ نموونە: کۆنترۆڵکردنی چین بەسەر کانزا دەگمەنەکانی زەوی، کە لە بەرهەمهێنانی ئەلیکترۆنیدا بەکاردێت، لە زنجیرەکانی دابینکردنی جیهانیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە.

١١-کێبڕکێی زاڵبوونی جیهانی: جەنگی ئابووری دەتوانێت ببێتە بەشێک لە ململانێ جیۆپۆلیتیکییە فراوانەکان بۆ زاڵبوونی جیهانی، ئەمە پێشبڕکێی نێوان ئەمریکا و چین دەگرێتەوە. (Stevens، ١٩٩٩)

کاریگەرییەکانی جەنگی ئابووریی:

لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی جەنگی ئابووری: بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئابوورییەوە کاریگەری لەسەر هێزی شەڕکەری دوژمن هەیە. هەروەها زیانگەیاندن بە ژیان و موڵکی هاووڵاتیان ئەگەری هەیە کاریگەری ویرانکەری هەبێت لەسەر هاووڵاتیانی مەدەنی وڵاتی ئامانجدار، لەوانە زیادبوونی مردنی منداڵان و هەژاری و چالاکی ئابووریی نایاسایی لەگەڵ ئەنجامە نەرێنییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. کاریگەرییەکانی شەڕی ئابووری دەتوانێت بەرفراوان و درێژخایەن بێت، پشت بە چەندین هۆکار دەبەستێت، لەوانە توانای نەیار بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا سنووردارەکان، لە ناوخۆدا، بەدەستهێنانی لە وڵاتانی دیکە. لێرەدا هەندێک لە کاریگەرییەکانی شەڕی ئابووری دەخەینەڕوو:

١-باج و سزا بازرگانییەکان: یەکێک لە ئامرازە باوەکانی جەنگی ئابووری، سەپاندنی باجی گومرگی بازرگانی و ئابڵۆقەی ئابوورییە. ئەم ڕێوشوێنانە دەتوانرێت ، بۆ سزادان یان فشارخستنە سەر وڵاتێکی دیکە بۆ سنووردارکردنی دەستگەیشتنیان بە بازاڕەکان یان پاراستنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان (shambaugh ,٢٠٠٢)، بەکاربهێنرێن. کاریگەرییەکانی جەنگ لەسەر ئابووریی جیهانی دەکرێت درێژخایەن و سەخت بێت و ئاراستە ئابوورییە نەرێنییەکانی پێشوو خراپتربکات وەک بەرزبوونەوەی هەڵئاوسان و هەژاریی و زیادبوونی نەبوونی ئاسایشی خۆراک و خراپبوونی ژینگە (ROGOFF، THE LONG-LASTING ECONOMIC SHOCK OF WAR، بلا تاریخ)، هەروەها جەنگی ئابووری دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئابووری تاکی وڵاتان هەبێت.

٢- بەرزبوونەوەی هەڵاوسان: شەڕی ئابووری دەتوانێت هەڵاوسانی دوای پەتاکە خراپتر بکات، کە پێشتر لە زۆربەی جیهاندا گەیشتبووە بەرزترین ئاستی چەند دەیەیەک.

٣- هەژاری: شەڕی ئابووری دەتوانێت تێچووی زیاتر بەسەر دانیشتووانی گشتی نەیاردا بسەپێنێت، وەک برسێتی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، یان زیادبوونی چالاکییە ئابوورییە نایاساییەکان (shambaugh، ٢٠٠٢)

٤-زیادبوونی نائاسایشیی خۆراک: شەڕی ئابووری دەتوانێت ببێتە هۆی کەمیی سووتەمەنی و خۆراک، ئەمەش دەتوانێت نائاسایشیی خۆراک زیاتر بکات.

٥- جیهانگەرایی: شەڕی ئابووری دەببێتە هۆی داماڵینی جیهان، کە ئەمەش کەمبوونەوەی بازرگانی نێودەوڵەتی و یەکگرتنی ئابوورییە.

٦-خراپتربوونی تێکچوونی ژینگە: شەڕی ئابووری دەبێتە تێکچوونی ژینگە، چونکە وڵاتان ڕەنگە گەشەی ئابووری لە پێشینە بن لە پاراستنی ژینگە (ROGOFF، THE LONG-LASTING ECONOMIC SHOCK OF WAR، بلا تاریخ)

٧-زیانێکی لاوەکی بە ژیان و موڵکی مەدەنی: شەڕی ئابووری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هێزی شەڕکەری دوژمن دەبێت و دەتوانێت زیانێکی لاوەکی بە ژیان و موڵکی مەدەنی بگەیەنێت (ROGOFF، The Long-lasting Economic Shock of War، بلا تاریخ)

٨-کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکان لەسەر هێزی سەربازی: کاریگەریی ڕێوشوێنە ئابوورییەکان لەسەر هێزی سەربازی نەیار ناڕاستەوخۆن، بە بەراورد بە خێرایی چالاکییە سەربازییەکان (Harrison، ٢٠٢٣).

٩- تێچوونەکان لەسەر وڵاتی دەستپێشخەر: هەرچەندە زۆرجار شەڕی ئابووری بە تەواوکارێکی ئارادەیەک هەرزان یان بەدیلێک بۆ بەشداریکردنی سەربازی دادەنرێت، بەڵام تێچوونەکان بەسەر وڵاتی دەستپێشخەردا دەسەپێنێت، بە ڕێگریکردن لە دەستراگەیشتن بە ئاڵوگۆڕی ئابووری لەگەڵ وڵاتی ئامانج.

گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە جەنگی ئابووری دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورەی هەبێت، نەک تەنها لەسەر سەقامگیری ئابووری نەتەوەکان، بەڵکو لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانیش. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی ڕێوشوێنی تۆڵەسەندنەوە، ئازاردانی خەڵکی مەدەنی بێتاوان، و لە هەندێک حاڵەتدا ببێتە هۆی ناکۆکییەکی فراوانتر. بە کورتی، شەڕی ئابووری دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاو و درێژخایەنی لەسەر ئابووری و دانیشتووانی وڵاتانی ئامانجدار، هەروەها لەسەر وڵاتی دەستپێشخەر هەبێت. کاریگەریی جەنگی ئابووری پشت بە ژمارەیەک فاکتەر دەبەستێت، لەوانە




توانای دوژمن بۆ بەرهەمهێنانی کاڵای سنووردارکراو لە ناوخۆدا یان بۆ کڕینی لە وڵاتانی تر. کاریگەریی جەنگی ئابووری دەکرێت بەربڵاو بێت و تێچووەکان دەخاتە سەر وڵاتە دەستپێکەکە بە ڕێگریکردن لە دەستگەیشتن بە ئاڵوگۆڕی ئابووری لەگەڵ وڵاتە ئامانجکراوەکەدا. لە لایەکی دیکەوە جەنگی ئابووری ئامرازێکە بۆلاوازکردنی دوژمن، بە ڕێگریکردن لە دەستگەیشتنی بە سەرچاوە فیزیکی و دارایی و پێویستییەکانی تر.

سەرچاوەکان:


The .(١٩٧٥) .Claudia D. Goldin, a. F economic cost of the American Civil War: Estimates and implications. .٣٥ ,Journal of Economic History

Economic .(٢٠٠٣) .Deakin, R .Information Warfare

What Is Economic Warfare .(٢٠٢٢) .E. k and What It Means for U.S. Consumers. Retrieved from https://money.usnews.com/money/personal-finance/articles/what-is-economic-warfare-and-what-it-.means-for-u-s-consumers

Economic Warfare: .(٢٠٢٣) .Harrison, M .economic and social research council

How did the .(١٩٩٤) .Kegley Jr, C. W cold war die? Principles for an autopsy. ,Mershon International Studies Review .٤١-١١ ,٣٨

What was the Cold .(٢٠١٢) .Nehring, H .War? Oxford University Press UK

ROGOFF, K. (n.d.). The Long-lasting Economic Shock of War. Retrieved from https://www.imf.org/en/Publications/the-long-lasting-/٠٣/٢٠٢٢/fandd/issues .economic-shock-of-war

ROGOFF, K. (n.d.). THE LONG-LASTING ECONOMIC SHOCK OF WAR. Retrieved from https://www.imf.org/en/Publications/fandd/the-long-lasting-/٠٣/٢٠٢٢/issues .economic-shock-of-war

economic warfare. .(٢٠٠٢) .Shambaugh, g They were retrieved from https://www.britannica.comhttps//www.britannica.com/topic/economic-warfare.

World War II .(١٩٩٩) .Stevens, D. G Economic Warfare: The United States, .Britain, and Portuguese Wolfram

موجل, ٢. ف. (٢٠١٠). تاريخ علاقات الدولية

# جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا

## لێکەوتە و ڕەهەندە ئابوریەکانی



**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گاز لەسەر ئاستی جیهان، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕووسیا یەکێکە لە گرنگترین وڵاتەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و گاز لە جیهاندا، هەروەها بەهۆی سەپاندنی سزای ئەورووپی-ئەمریکی بەسەریدا، جیهانی هاوردەکردنی وزە کەمیکردووە و نرخەکانیش بەرزبوونەتەوە. شەڕەکە کاریگەریی زۆری لەسەر ئابووریی وڵاتانی تازەپێگەیشتووی ئەورووپا و ئاسیا هەیە، بەتایبەتی دوای وەستانی ئابووری و خاوبوونەوە لە دوای پەتای کۆڤید-١٩.**

ڕووسیا لە ڕووی بەرهەمهێنانی نەوتەوە لە پلەی دووەمی جیهان و لە پلەی سێیەمی بەرهەمهێنانی غازی سروشتیدایە، هەروەها لە ڕیزبەندی پێنج وڵاتی سەرەکیی هەناردەکاری کانزاکانی وەک ئاسن، نیکل و ئەلەمنیۆمە، لەگەڵ هەموو ئەوانەش، بە گەورەترین هەناردەکاری دانەوێڵە لە جیهاندا دادەنرێت. ئۆکرانیا لە پلەی یەکەمدایە لە بەرهەمهێنانی گوڵەبەڕۆژە، لە پلەی شەشەمی بەرهەمهێنانی گەنمەشامی و لە پلەی حەوتەمی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەیە.

کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تەنیا لە نرخی نەوت و گازدا سنووردار نەبوو، نرخی دانەوێڵە و خۆراکیش بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەوە، دوای پەککەوتنی بەندەرەکانی ئۆکرانیا کە دەڕواننە دەریای ڕەش، ملیۆنان تۆن دانەوێڵەی ئۆکرانیا لە وڵاتەکەدا گیربوون. بۆیە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و مرۆییەکان هۆشدارییان لە برسێتی گەورە لە زۆرێک لە وڵاتان دا.

جگە لەوانەی سەرەوە، بازاڕی ئۆتۆمبێل لە ئەنجامی پچڕانی دابینکردنی کانزا خاوەکان، وەک ئاسن و نیکلی پێویست بۆ دروستکردنی پاتری ئۆتۆمبێلی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

کارەبایی، کاریگەریی زۆری لەسەر بوو. هەروەها کانزای پالادیۆم کە لە دروستکردنی ئامێرەکان کە دەردانی کاربۆن لە ئۆتۆمبێل و پیشەسازی نیمچە هێڵکارەکان کەم دەکاتەوە، بەو پێیەی ڕووسیا بە گەورەترین بەرهەمهێنەری کانزای پالادیۆم و سێیەم گەورەترین بەرهەمهێنەری کانزای نیکڵ لە جیهان دادەنرێت. هەروەها دابینکردنی ئەو نیمچە ڕێبەرانەی کە لە پیشەسازی ئۆتۆمبێلدا بەکاردەهێنرێن، بەهۆی پچڕانی هەناردەکردنی غازی نیۆن لە ئۆکڕانیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بوو کە بە گەورەترین بەرهەمهێنەری ئەم غازە لە جیهاندا دادەنرێت بە ڕێژەی ٧٠٪ی کۆی بەرهەمی جیهانی، بەتایبەتی دوای پەککەوتنی بەندەرەکانی ئۆدێسا و ماریوپۆل، ئەو دوو شارەی کە نزیکەی ٣٠ هەزار مەتر سێجا غازی نیۆنیان بۆ هەر مانگێک لە ڕێگەی کارگەکانی ئینگاس و کرایۆین بەرهەم دەهێنا. گومانی تێدا نییە کە هەموو ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی ئۆتۆمبێل لە ئاستی جیهاندا، تەنانەت هەندێک لە کارگەکانی ئۆتۆمبێل لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات بە تەواوی کارکردنیان وەستاندووە.

لە لایەکی ترەوە شەڕ کاریگەریی قوڵی لەسەر کەرتی گواستنەوە و کەشتیوانی نێودەوڵەتی هەبووە، بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی فڕۆکەوانی، وڵاتانی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا ڕێگرییان لە هێڵە ئاسمانییەکانی ڕووسیا کرد کە ئاسمانی خۆیان بەکاربهێنن و ڕووسیاش بە هەمان شێوە وەڵامی دانەوە. ناچارکردنی هێڵە ئاسمانییەکان بۆ ئەوەی مەودای زیاتر ببڕن تا بگەنە شوێنی مەبەست، کە ئەمەش تێچووی گەشتەکانی زیاتر بەرزکردەوە. جگە لەوەش کۆمپانیاکانی گواستنەوەی بارهەڵگری شەمەندەفەری ئەورووپی قەدەغەکرابوون کە بازرگانی لەگەڵ کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسنی ڕووسیا بکەن، ئەمەش هاتوچۆی بارهەڵگری لە نێوان ئاسیا و ئەورووپادا پەکخست.

وێنەکە بۆ ئەورووپا و ڕووسیا بەتایبەتی تاریک دەردەکەوێت، بەڵام کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تەنیا لە ئەورووپادا سنووردار نەبووە، بەڵکو بۆ هەموو جیهان درێژ بووەتەوە، ئەمەش لەڕێگەی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکانەوە بە گشتی بەدی دەکرێت. بەرزبوونەوەی تێچووی کەشتیوانی بۆ ئەو وڵاتانەی غاز، دانەوێڵە و... هاوردە دەکەن، کاریگەریی نەرێنی لەسەر وڵاتان بە گشتی و وڵاتە هەژارەکان بەتایبەت هەبووە، ئەویش لە کاتێکدا شەڕە بەرپاکرا، کە جیهان بۆ دەرچوون لە ئاسەوار و لە دەرئەنجامە زیانبارەکانی پەتای کۆرۆنا، هەوڵەکانی چڕکردبووەوە.

www.blog.arab-platform.com



# کاریگەرییەکانی جەنگ

## لەسەر هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە



فۆتۆ : ئومێد

عەمیدی مافپەروەر/ محەممەد سدیق

**جەنگی ئابووری ئامرازێکە کە زۆرجار بەهۆی ململانێی سەربازیی تەقلیدییەوە سێبەری لەسەرە و کەمتر بەدیاردەکەوێت، بەڵام گرنگییەکەی لە ڕۆژانی ئەمڕۆی جیۆپۆلەتیکی مۆدێرندا ئەوەندە زۆرە کە هەرچەند باس لە کاریگەرییەکەی بکرێت هێشتا زیادەڕەوی تێدانییە. لەم ساڵانەی دواییدا ڕێوشوێنە ئابوورییەکان تادێن زیاتر دەبنە ئامرازێکی بنەڕەتی بۆ هەردوو ئەکتەر و قەوارەی دەوڵەتی و نادەوڵەتی، لەوانەش هەرێمی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هۆی جەنگی ئابوورییەوە، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی پێگە ستراتیژییەکەی لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ناجێگیردا، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو بووەتەوە.**
**لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی باسی جەنگی ئابووری و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان و هێزەکانی پێشمەرگە بکەین.**

### پێناسەی جەنگی ئابووری

جەنگی ئابووری ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی ڕێوشوێنی ئابووری بۆ لاوازکردن یان ناسەقامگیرکردنی نەیارێک بەبێ ئەوەی پەنا بۆ کردەوەی سەربازی ڕاستەوخۆ ببات. لەوانە، پەنابردنە بەر ئامرازەکانی وەکو سزا ئابووری و ئابلۆقەدان، سنووردارکردنی بازرگانی، سڕکردنی سەروەت و سامانی قەوارەکە لە بانکەکانی جیهان، کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە گرنگەکان و هتد... ئەم تاکتیکانە دەتوانرێت لەلایەن دەوڵەتەکان، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، یان تەنانەت ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانەوە بەکاربهێنرێت کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بازاڕە جیهانییەکان هەیە. ئامانج لێی تێکدانی ژێرخانی ئابووری بەرامبەر و پەکخستنی توانای دابینکردنی بودجەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانە، یان هاندانی گۆڕانکاریی سیاسی لەڕێگەی فشاری ئابوورییەوە.
جەنگی ئابووری دەتوانرێت وەک درێژکراوەی سیاسەت پێناسەبکرێت کە ئامانج لێی، لاوازکردنی بنکەی ئابووری دەسەڵاتی نەیارێکە. ئامانجەکانی جەنگی ئابووری لایەنی سەربازیش دەگرێتەوە و تەنانەت دەتوانین بڵێین، ئامانجی سەرەکی جەنگی ئابووری، لێدانە لە سێکتەری سەربازیی بەرامبەر. هەروەک لیژنەی بەرگریی ئیمپراتۆری بەریتانیا پێناسەی جەنگی ئابووری ساتەوەختی جەنگی دووەمی جیهانی دەکات و دەڵێت «ئامانجی جەنگی ئابووری تێکدانی ئابووریی دوژمنە بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەردەوامبوونی جەنگەکە (جەنگی دووەمی جیهانی) (١) بکرێت». کاتێک ئەم پێناسەیە لەلایەنێکی فەرمی وەکو حکومەتی بەریتانییەوە دەردەچێت، جەخت لەسەر مەبەستی ستراتیژیی سەربازیی پشت ئەو ڕێوشوێنە ئابوورییانە دەکاتەوە کە لە کاتی ململانێکاندا دەگیرێنەبەر، هەروەها تیشک دەخاتە سەر گرنگیی دووانەی سەقامگیریی ئابووری و توانای وڵات بۆ بەڕێوەبردنی جەنگی سەربازی! بەشێوەیەک بەردەوامبووونی جەنگی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەربازی بە سەقامگیریی ئابووری وڵاتەکەوە دەبەستێتەوە.

هەرێمی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ناوەندی ناوچەیەکی ئابووریی ئاڵۆزدایە. ئاستەنگە ئابوورییە بەردەوامەکان کە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم دەبنەوە، تاکلایەن و تاک ڕەهەند نین، بەڵکو دەرئەنجامی هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکین، کە زۆرجار بەهۆی ململانێ جیۆپۆلەتیکییە فراوانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە خراپتردەبن. جێبەجێکردنی ستراتیژیی جەنگی ئابووری لەلایەن دەوڵەتانی دراوسێ و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئابووریی کورد و هێزی پێشمەرگە هەبووە و دەبێت.

## ڕۆڵی نەوت لە جەنگی ئابووریی هەرێمی کوردستان

نەوت گرینگترین ئامراز و سەرچاوەی ئابوورییە لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی زیاتر لە ٩٠٪ی داهاتی حکومەتی هەرێم پشت بە نەوت دەبەستێت، هەم بووەتە سەرچاوەیەک و هەم بووەتە چەکێک لە ململانێ سیاسی و سەربازییەکانی هەرێمدا. لەدوای دۆزینەوەی یەدەگێکی زۆری نەوت لە کوردستان، حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی فشارێکی توندی پەیوەندیدار بە هەناردەکردنی نەوت بووەتەوە، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە.

ناتوانین چاوپۆشی لەوە بکەین کە بەڕاستی حکومەتی فیدراڵی عێراق بەهۆی یەدەگی نەوتی کوردستانەوە ڕێوشوێنی ئابووری بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی هەرێم بەکارهێناوە، بەتایبەتی کاتێک هەرێم دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کرد بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری خۆی، حکومەتی ناوەندی پشکی حکومەتی هەرێمی لە بودجەی نیشتمانی ڕاگرت و گرفتی دارایی توندی لێکەوتەوە. ئەمەش بووە هۆی دروووستبوونی بەربەست لە توانای حکومەتی هەرێم بۆ بەردەوامبوونی هێزی پێشمەرگە لە جەنگی دژی داعش و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بۆ دانیشتووانەکەی.

هەروەها لە ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦ هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر کاریگەری جەنگێکی گەورەتری ئابووری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا لەنێوان وەبەرهەمهێنانی نەوت لە جیهاندا، بەشێوەیەک هەریەکە لە وڵاتانی ئەمریکا و سعوودیە لەدژی یەکتر بەرهەمهێنانی نەوتیان بەرزکردەوە، سعوودیاش بۆ ناچارکردنی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی ئاستی وەبەرهەمهێنان لەڕێگای ڕێکخراوی ئۆپیکەوە، ملیۆنان بەرمیل نەوتی زیادەی ڕۆژانەی خستە بازاڕەوە بەمەش نرخی بەرمیلێک نەوت لە ١١٠ دۆلارەوە دابەزی بۆ ٥٠ دۆلار و پاشان لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٦ گەیشتە ٢٧ دۆلار! هاتنەوەی ئێران بۆناو بازاڕی نەوت لەدوای هەڵگرتنی بەشێکی سزاکان لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی ڤەنزوێلا و نەوتی قاچاغی داعش، هەمووی دەتوانرێت وەکو ململانێیەکی ئابووری گەورە سەیربکرێت بەتایبەتی لەنێوان سعوودیا و ئەمریکادا کە ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی کردەسەر هەرێمی کوردستان. هەروەها کاریگەریی خستەسەر توانای هێزەکانی پێشمەرگە. کاتێکیش دەبینین چۆن جەنگی ئابووریی نێوان چەند وڵاتێک کاریگەریی خستە سەر توانای هێزەکانمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش، بەڕاستی ناتوانین ئەم تەوەرە بەبێ بەها سەیربکەین و گرنگی تایبەتی پێنەدەین.

ئەکتەرە هەرێمایەتییەکانی وەک ئێران و تورکیاش، بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی هەرێم، کاریگەریی خۆیان لەسەر بۆڕی نەوت و ڕێگا بازرگانییەکان بەکارهێناوە. بۆنموونە، تورکیا بە کۆنترۆڵکردنی ئەو بۆرییە سەرەکییەی کە نەوتی هەرێم و عێراقی دەگواستەوە بۆ بازاڕە جیهانییەکان، هەوڵیداوە لە چەند ڕووێکەوە فشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان . هەروەها داواکاریی ئێران بۆ بەرهەمنەهێنانی غاز ڕەنگە بەشێک بێت لە جەنگێکی گەورەتری ئابووری لەنێوان ئێران و ڕووسیا لەلایەک و وڵاتانی خۆرئاوا لەلایەکی تر.

## کاریگەری لەسەر هێزی پێشمەرگە

تەحەددای ئابووری کە لە ئەنجامی ئەم گۆشارەکانی جەنگی ئابوورییەوە دروست دەبێت، لێکەوتەی دوورمەودای بۆ هێزی پێشمەرگە هەیە. پێشمەرگە زۆر پشت بەو سەرچاوە داراییە دەبەستێت کە لەبەردەستی حکومەتی هەرێمدایە، بەبێ بودجەی جێگیر، ئامادەیی پێشمەرگە و بەدەستهێنانی ئامێر و تەکنۆلۆژیای پێویست دەکەوێتە ژێر مەترسییەوە. جەنگی ئابووری کە هۆکاری هەڵگیرسانی قەیرانی ئابوورییە لە وڵاتدا، دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە کاریگەریی خراپ بکاتە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەوانە:

- ئاستەنگ لەبەردەم مۆدێرنکردنی پێشمەرگە: ئەو ئاستەنگە ئابوورییانەی هاتوونەتەڕێ، ڕێگری لە توانای حکومەتی هەرێم کردووە بۆ مۆدێرنکردنی ئامێرە سەربازییەکان و وەبەرهێنان لە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکاندا. لە کاتێکدا سەرکەوتنی پێشمەرگە لە بەرگریکردن لە کوردستان لە دژی داعش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئەمریکا، بەڵام ئاڵۆزیی دارایی ناوچەکە وایکردووە دەستخستنی چەکی نوێ و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو قورس بێت. لەوانە دەستخستنی ئامێرە تەکنەلۆژییە بەرزەکانی وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سیستەمی پەیوەندی و زرێپۆش کە بۆ شەڕی مۆدێرن گرینگن، قورس کردووە. لەبیریش نەکەین کە ئابلۆقەی چەک و تەقەمەنی بەشێکە لە جەنگی ئابووری.

- پچڕانی ڕێگای لۆجیستی: گەمارۆ و سنووردارکردنی بازرگانی، ڕێگای دابینکردنی پێداویستییە لۆجیستییەکان بۆ هێزی پێشمەرگە پڕ لەمپەر و ئاڵۆز کردووە. نەتوانینی دەستڕاگەیشتن بە بازاڕە نێودەوڵەتییەکان وایکردووە هاوردەکردنی پێداویستی و ئامێرە پێویستەکان قورس بێت، لەوانە پارچەی یەدەگ بۆ ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان، ئامێری پێشکەوتوو، چەکی قورس هتد... ئەم پچڕانانە تەحەدای لۆجستییان دروستکردووە کە

ڕەنگە توانای ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگە لە ساتەوەختە گرنگەکاندا تێکبدات. لە ساڵانی نەوەتەکان و سەرەتای سەدەی ٢١ بەهۆی سزا ئابوورییەکانی سەر عێراقەوە کە کاریگەرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی گرتبۆوە، نەتوانرا وەکو پێویست هێزی پێشمەرگە بە مۆدێرن بکرێت. ئێستاش ئەو ئاستەنگە یاساییانەی حکومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان دروستی دەکات کە ڕێگری لە دەستڕاگەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە بازاڕە جیهانییەکانی چەک و تەکنەلۆژیای نوێی سەربازی بەتایبەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سیستەمی بەرگری ئاسمانی دەکات.

## بەرەنگاربوونەوەی جەنگی ئابووری

لە کاتێکدا جەنگی ئابووری تەحەدای گەورە دەخاتەڕوو، بەڵام دەرفەت بۆ هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت کە ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی ستراتیژی بگرێتەبەر. حکومەتی هەرێم دەتوانێت سەرنج بخاتە سەر هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی داهات و وابەستەیی بە داهاتی نەوت کەم بکاتەوە، بەوەش، چاکسازی و ڕیفۆرمی گشتی ئابووری ئەنجامبدات و وەبەرهێنان لە کەرتەکانی وەک کشتوکاڵ، تەکنەلۆژیا و گەشتیاری و پیشەسازی دەتوانێت لە دروستکردنی ئابوورییەکی خۆڕاگرتر و قوڵتر یارمەتیدەربێت، ئابوورییەک کە کەمتر بەرەوڕووی فشارە دەرەکییەکان ببێتەوە. جگە لەوەش بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی سزاکان و سنووردارکردنی ئابووری زۆر گرنگە. حکومەتی هەرێم بە هەمەچەشنکردن و زیادکردنی هاوبەشە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی، دەتوانێت کەمتر پشت بە بازرگانیکردن لەگەڵ دراوسێیەکانی ببەستێت و ئەو فشارە کەم بکاتەوە کە لە وڵاتانی دراوسێیەوە دەکرێتە سەر ئابوورییەکەی.

لەڕووی ستراتیژیی سەربازییەوە، هێزی پێشمەرگە دەتوانێت زیاتر پشت بە داهێنان و ئیمکاناتی ناوخۆیی ببەستێت و بۆ پێشخستنی تواناکانی خۆی، زۆرترین سەرچاوە بەردەستەکانی ناوخۆ بەکاربهێنێت. هەروەها بەشێکی گرنگی بەرنامەکانی مەشق و ڕاهێنان و پرۆژەی مۆدێرنکردن پێویستە سەرنجیان لەسەر بەرزکردنەوەی کارایی و کارامەیی شەڕ بێت، تەنانەت کاتێک چەک و سەرچاوە دەرەکییەکانیش سنوورداربن. هێزی پێشمەرگەی کوردستان نموونەی مێژوویی سەرکەوتووی لەم بوارەدا هەیە، نموونە تەنانەت کاتێک چەک و سەرچاوە دەرەکییەکانیش لە ساڵانی شۆڕشی ئەیلول و نوێدا سنورداربوون، بە بەکارهێنانی تاکتیکی جیاواز، گورزی کوشندەیان لە سوپای پێشکەوتووی حکومەتی فاشیست دەوەشاند. هەروەها لە جەنگی دژی داعش کەمیی سەرچاوە و تەکنۆلۆژیا و سنووورداری توانای ئابووری و کەمی ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە و فراوانی ناوچەی جەنگی بە لێدانی خەندەق و ساتێر و دەرکردنی کەمین و بۆسەی شەوانە و هێرشی پێچەوانە و بەرگرییەکی توند و سەرسەختانە قەرەبووکردەوە. لە ئێستاشدا جێبەجێکردن و خۆگونجاندن لەگەڵ پرۆسە چاکسازییەکانی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، لەپێناوی بەدەستهێنانی هاوکاری و هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان و کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی جەنگی ئابووری لەسەری زۆر گرنگە.

## ئەنجام

جەنگی ئابووری ئامرازێکی پەرەسەندوو و بەهێزە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هەیە. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم بەو دۆخە سیاسی و ئابوورییە ئاڵۆزەدا دەڕوات، دەبێت خۆی لەگەڵ گۆڕانی سروشتی جەنگدا بگونجێنێت. خۆڕاگریی پێشمەرگە و هێزی گەل و داهێنانی ستراتیژی دیاری دەکات کە هەرێم تا چەند کاریگەرانە بەرگەی فشار و لێکەوتەکانی جەنگی ئابووری دەگرێت و لە بەرامبەریاندا بەهێزتر دەردەکەوێت.

پەراوێز:
١. Della Torre, G. (٢٠٢٠). Theorizing Economic Warfare.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



فۆتۆ : ئومێد

## ڕۆڵی سوپا

# لە یەکخستنی نەتەوەدا

● ئامادەکردنی: ڕائید ئارام ناسیح

**لە مێژووی هاوچەرخدا، سوپا یەکێکە لە کاریگەرترین دامەزراوەکانی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی یەکخستن و بونیادنانی نەتەوەدا گێڕاوە. گرنگی ئەم ڕۆڵە لەوەدایە، سوپا نەک تەنیا وەک هێزێکی چەکدار، بەڵکوو وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی کاریگەریی قووڵی لەسەر پێکهاتە و داینامیکیەتی کۆمەڵگە هەبووە.**



سوپای مۆدێرن، بە تایبەت دوای شۆڕشی فەرەنسی، گۆڕانکارییەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و بوو بە دامەزراوەیەک کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەخۆدەگرت. ئەم گۆڕانکارییە، کە بە «دیموکراتیزەکردنی جەنگ» ناسراوە، بوو بەهۆی ئەوەی سوپا ببێتە شوێنێک بۆ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی. لە سەردەمی ئێستادا، سەرەڕای گۆڕانکارییە تەکنۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکان، سوپا هێشتا ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی یەکخستنی نەتەوەدا دەگێڕێت. ئەم ڕۆڵە لە وڵات بۆ وڵات جیاوازە و پەیوەندی بە مێژوو، کولتوور و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی-سیاسی هەر وڵاتێکەوە هەیە.

لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، سوپا وەک دامەزراوەیەکی یەکخەر و پێکهێنەری کۆمەڵگە سەیر دەکرێت. بیرمەندی ناوداری کۆمەڵناسی، ماکس ڤێبەر، جەخت لەسەر ڕۆڵی سوپا لە پرۆسەی دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن دەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو، مۆنۆپۆلی هێزی فیزیکی، کە سوپا سەرەکیترین ئامرازیەتی، یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن.

ئەنتۆنی سمیت، یەکێک لە گرنگترین تیۆریسییەنەکانی ناسیۆنالیزم، باس لە ڕۆڵی دامەزراوە سەربازییەکان لە دروستکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەییدا دەکات. بە بۆچوونی ئەو، سوپا لە ڕێگەی دروستکردنی میتۆلۆژیای

جەنگ و قوربانیدان، یارمەتی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدات. هەروەها، سوپا وەک شوێنێک بۆ تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کاردەکات.
بەنێدیکت ئەندەرسۆن، لە کتێبە ناودارەکەیدا «کۆمەڵگەی خەیاڵکراو»، ئاماژە بە ڕۆڵی سوپا لە دروستکردنی هەستی برایەتی و یەکێتی نێوان ئەندامانی نەتەوەدا دەکات. بە بۆچوونی ئەو، خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ یەکێک بووە لە گرنگترین میکانیزمەکانی دروستکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی لە سەردەمی مۆدێرندا.

## میکانیزمەکانی یەکخستن

سوپا لە ڕێگەی چەندین میکانیزمی جیاوازەوە ڕۆڵی خۆی لە یەکخستنی نەتەوەدا دەگێڕێت:
١. سیستەمی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێت، کاریگەرترینی ئەم میکانیزمانەیە. لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە، گەنجانی سەر بە گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێکەوە دەژین و کاردەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نوێ و بەهێزبوونی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی.
٢. لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنانەوە، سوپا ڕۆڵێکی گرنگ لە پەرەپێدانی کەسایەتی و بەهاکانی تاکدا دەگێڕێت. پرۆگرامەکانی پەروەردە و ڕاهێنانی سەربازی تەنیا فێرکردنی چەک و تەکنیکە سەربازییەکان ناگرنەوە، بەڵکو پرۆگرامێکی فراوانی پەروەردەیی و کولتووری پێشکەش دەکەن. لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامانەوە، سەربازەکان زانیاری و بەهای کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی فێردەبن، کە ئەمەش یارمەتی دروستکردنی کەسایەتی نیشتمانپەروەر دەدات.
٣. سوپا لە ڕێگەی دروستکردنی سیمبول و نەریتی هاوبەشەوە، یارمەتی بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی دەدات. ئاڵا، سروودی نیشتمانی، یونیفۆرم و ڕێوڕەسمە سەربازییەکان نموونەی ئەو سیمبولانەن کە سوپا بۆ دروستکردنی هەستی هاوبەش و یەکێتی نەتەوەیی بەکاریان دەهێنێت. ئەم سیمبولانە دەبن بە بەشێک لە میتۆلۆژیای نەتەوەیی و یارمەتی بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی دەدەن.

## نموونە مێژووییەکان

### لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا و ناپلیۆن

لە کاتی شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩-١٧٩٩) سوپای فەرەنسا بووە هۆی یەکخستنی فەرەنسا و پاراستنی شۆڕشەکە لە بەرانبەر هەڕەشە دەرەکییەکان. ناپلیۆن بۆناپارت سوپای فەرەنسای بەهێزکرد و لە ڕێگەی جەنگەکانەوە زۆرێک لە ناوچەکانی ئەورووپای یەکخست و سیستەمی یاسایی و کارگێڕی یەکگرتووی لە فەرەنسا و ناوچە داگیرکراوەکاندا دامەزراند.

### ئەڵمانیا لە سەردەمی ئۆتۆ فۆن بسمارک

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بیسمارک، سەرۆک وەزیرانی پرۆسیا، لە ڕێگەی جەنگ و دیپلۆماسییەتەوە توانی ئەڵمانیا یەکبخات. سوپای پرۆسیا ڕۆڵێکی سەرەکی لە جەنگەکانی یەکخستنی ئەڵمانیادا بینی، وەک جەنگی ئەڵمانیا-دانمارک (١٨٦٤)، جەنگی نەمسا- پرۆسیا (١٨٦٦)، و جەنگی فەرەنسا- پرۆسیا (١٨٧٠-١٨٧١).

### ئیتاڵیا لە سەدەی نۆزدەهەم

لە سەدەی نۆزدەهەمدا، سوپا ڕۆڵێکی گرنگی لە یەکخستنی ئیتالیادا بینی. جوزێپێ گاریبالدی، سەرباز و شۆڕشگێڕێکی ناسراوی ئیتاڵی، لە ڕێگەی هێزە چەکدارەکانییەوە یارمەتی یەکخستنی ناوچەکانی ئیتالیای دا. لە ساڵی ١٨٦١، شانشینی یەکگرتووی ئیتالیا دامەزرا و سوپا بووە هۆی پاراستنی یەکێتییەکە.

### ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جەنگی ناوخۆیی

لە جەنگی ناوخۆیی ئەمریکا (١٨٦١-١٨٦٥)، سوپای یەکێتی (Union Army) ڕۆڵی خۆی لە یەکخستنی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕزگارکردنی ویلایەتەکانی باشوور لە هەوڵی جیابوونەوە، نواند. لە ئەنجامی جەنگەکە، ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و بەهێز مایەوە.

## کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکان

کاریگەریی سوپا لەسەر پرۆسەی یەکخستنی نەتەوە، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە. لەڕووی ئەرێنییەوە، سوپا توانیویەتی ڕۆڵێکی کاریگەر لە بەهێزکردنی یەکێتیی نیشتمانیدا بگێڕێت. ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نوێ لە نێوان گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بووە. بۆ نموونە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروا، خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ بووە هۆی ئەوەی گەنجانی سەر بە چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان یەکتر بناسن و پەیوەندیی دۆستایەتی دروست بکەن.
هەروەها سوپا ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی هەستی هاوبەشی نەتەوەییدا هەبووە. ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی سیمبول و نەریتی هاوبەش، هەروەها بەشداریکردن لە ڕووداوە گرنگە مێژووییەکان. بۆ نموونە، لە فەرەنسا، بەشداریی سوپا لە شۆڕشی فەرەنسی و جەنگە نیشتمانییەکاندا بوو بە بەشێکی گرنگ لە میتۆلۆژیای نەتەوەیی فەرەنسی.
لە لایەنی پەروەردەییەوە، سوپا توانیویەتی ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشەپێدانی تواناکانی تاکدا بگێڕێت. لە زۆربەی وڵاتاندا، سوپا پرۆگرامی فێرکردنی پیشەیی و تەکنیکی پێشکەش دەکات کە یارمەتی گەنجان دەدات تواناکانیان پەرەپێبدەن. هەروەها، لە هەندێک وڵاتدا، سوپا ڕۆڵێکی گرنگی لە نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوکردنەوەی خوێندەواریدا هەبووە.
لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەریی سوپا لەسەر پرۆسەی یەکخستنی نەتەوە، هەندێک لایەنی نەرێنیشی هەبووە. یەکێک لە گرنگترین ئەم لایەنانە مەترسی میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگەیە. لە هەندێک وڵاتدا، بەهێزبوونی ڕۆڵی سوپا بووەتە هۆی پەرەسەندنی کولتووری سەربازی کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییە مەدەنییەکان و ئازادییە تاکەکەسییەکان هەبووە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

هەروەها، زۆرجار بەکارهێنانی سوپا بۆ یەکخستنی نەتەوە بووە بە هۆی کەمکردنەوەی هەمەچەشنەیی کولتووری. لە هەندێک وڵاتدا، سوپا وەک ئامرازێک بۆ سەپاندنی کولتوور و زمانی گرووپێکی دیاریکراو بەسەر گرووپەکانی تردا بەکارهێنراوە. ئەمەش بووەتە هۆی لاوازبوونی کولتووری کەمینەکان و چەوساندنەوەیان.

## ئاڵنگارییەکانی سەردەم

لە سەردەمی ئێستادا، ڕۆڵی سوپا لە یەکخستنی نەتەوەدا لەگەڵ چەندان ئاڵنگاری گرنگ ڕووبەڕوو بووەتەوە. یەکێک لەم ئاڵنگارییانە گۆڕانی شێوازی جەنگ و پێویستی سوپای پیشەییە. لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوودا، سیستەمی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ جێگای خۆی داوە بە سوپای پیشەیی. ئەمەش کاریگەریی لەسەر ڕۆڵی یەکخەری سوپا هەبووە، چونکە ئێستا تەنیا بەشێکی کەم لە گەنجان پەیوەندیی بە سوپاوە دەکەن.

ئاڵنگارییەکی دیکە، پەیوەندیی بە گۆڕانکارییەکانی چەمکی نەتەوە و سەروەرییەوە هەیە. لە جیهانی هاوچەرخدا، بەهۆی جیهانگیری و پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندی، چەمکی نەتەوەی یەکگرتوو و سەروەریی نەتەوەیی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەمەش وای کردووە پێویست بێت سوپا خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بگونجێنێت.

هەروەها، زیادبوونی خەرجیی سەربازی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەربازی ئاڵنگارییەکی تری گرنگە. لە زۆربەی وڵاتاندا، بودجەی سەربازی بەشێکی گەورە لە داهاتی نەتەوەیی داگیردەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەکان بۆ پرۆژە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان.

## دەرەنجام

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین سوپا وەک دامەزراوەیەکی گرنگی دەوڵەت، ڕۆڵێکی دوو لایەنەی لە پرۆسەی یەکخستنی نەتەوەدا گێڕاوە. لەلایەکەوە، سوپا توانیویەتی لە ڕێگەی میکانیزمە جیاوازەکانی وەک خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، پەروەردە و ڕاهێنان و دروستکردنی سیمبول و نەریتی هاوبەشەوە، یارمەتی دروستکردنی هەستی هاوبەشی نەتەوەیی و یەکخستنی کۆمەڵگە بدات. لەلایەکی دیکەوە، زۆر کات بەکارهێنانی سوپا بۆ یەکخستنی نەتەوە کێشە و ئاڵۆزی دروست کردووە. میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە، کەمکردنەوەی هەمەچەشنەیی کولتووری و زیادبوونی خەرجی سەربازی نموونەی ئەم کێشانەن. هەروەها، لە سەردەمی ئێستادا، گۆڕانکارییە جیهانییەکان و پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان وایان کردووە پێویست بێت سوپا خۆی لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکاندا بگونجێنێت.

کەواتە، لە داهاتوودا پێویستە ڕۆڵی سوپا لە یەکخستنی نەتەوە، بە شێوەیەکی هاوسەنگ و گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم ڕێکبخرێتەوە. ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی گونجاندنی ڕۆڵی سوپا لەگەڵ بەها دیموکراتییەکان و پێداویستییە نوێیەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ هەیە.

سەرچاوەکان:

Samuel p. Huntington; The-Soldier and the State: The Theory and Politics of Civil-Military Relations. Harvard University Press ۱۹۵۷.

Ronald R. Krebs; A School for -the Nation? How Military Service Does Not Build Nations, and How It Might. International Security ۲۰۰٤.

Barry Ross Posen; Nationalism,-the Mass Army, and Military Power. International Security ۱۹۹۳.





# توانای جەستەیی

## نهێنی سوپایەکی بەهێز

● ئامادەکردنی: سەروان باپیر

هەمیشە لەڕووی جەستەییەوە تەندروست بوون بۆ ئامادەیی سەربازی زۆر گرنگ بووە. سەربازەکان بۆ سەدان و هەزاران ساڵە کە لە شەڕدا بەشداریان کردووە، پشتیان بە لێهاتوویی جەستەیی و توانای بەرگەگرتن و چالاکی خۆیان بەستووە. لە ئێستادا بەهۆی ئاڵۆزییە نوێیەکانی جەنگ و ئەو داواکارییانەی لەسەر هێزە مۆدێرنەکان هەیە، توانای جەستەیی بەپێچەوانەی باوی هەندێک خەڵکەوە گرنگییەکەی لەدەست نەداوە و بەڵکو دەتوانین بڵێین لە هەموو کاتێک گرنگترە. بۆ هێزی پێشمەرگە، مانەوە لە جەستەیەکی تەندروست و وەرزشیدا، هەم بۆ کاریگەریی ئۆپەراسیۆن و هەمیش بۆ ئاسایشی نیشتمانی زۆر گرنگە، ئەمە جگە لەوەی کە بابەتێکی تەندروستی کەسیشە.

### بۆچی ئەم بابەتە گرنگە؟

لە مەیدانی شەڕدا، داواکارییە جەستەییەکان چڕ و سەخت و پێشبینی نەکراون. زۆرجار سەربازەکان پێویستە ئامێر و پێداویستی قورس هەڵبگرن و زەوی و ناوچە سەختەکان ببڕن و شەڕی دەستەویەخە بکەن و بەبێ پشوودان، بەرگەی ماندووبوونی جەستەیی درێژخایەن بگرن. توانا و لیاقەی جەستەیی دڵنیای دەدات لەوەی سەربازەکان دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی ئەم تەحەددایانە ببنەوە.
سەربازێکی تەندروست لەڕووی جەستەییەوە هێزی هەڵگرتنی باری قورس و توانای ڕێپێوانی مەودادوور و چالاکی و جووڵەی خێرا و کارای لە سیناریۆ جیاوازەکانی شەڕدا هەیە. بۆ

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێشمەرگە کە زۆرجار لە ناوچە نارێک و شاخاوییەکانی کوردستاندان یاخود لە دەشتە گەرمەکانی باشوردان، دەبێت بۆ دەورییەی درێژخایەن و جێگیربوون و جوڵەی خێرا و شەڕی لەناکاو لەگەڵ هێزەکانی دوژمن ئامادەبن. بێگومان بەبێ توانای جەستەیی پێویست، تەنانەت زیرەکترین سەربازیش لە مەیدانەکەدا تووشی زەحمەتی و ئاستەنگ دەبێتەوە و پەکی دەکەوێت.

راهێنان و توانای جەستەیی تەنها پەیوەندیی بە جەستەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دەروونیشەوە هەیە. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە راهێنانی جەستەیی بەردەوام، توانای خۆڕاگری دەروونی بەرزتر دەکاتەوە(١)، کە ئەمەش بۆ کارمەندانی سەربازیی زۆر پێویستە. ئەو خۆڕاگرییە دەروونییەی کە لە ڕێگەی ڕاهێنانی توندی جەستەییەوە پەرەی سەندووە، یارمەتی سەربازەکان دەدات لە ژێر فشاردا بەئارامی بمێننەوە، بڕیاری خێرا بدەن و لە کاتی ئۆپەراسیۆنە درێژخایەنەکاندا تەرکیزیان ڕابگرن.

بۆ پێشمەرگە خۆڕاگریی دەروونی بەهۆی سروشتی تەحەدا و مەترسیداری ئەرکەکانیان بە تایبەتی گرنگە. ڕاهێنانی جەستەیی دەرچەیەک بۆ خۆڕاگری فشاری دەروونی دابین دەکات، یارمەتی باشترکردنی باری دەروونی دەدات و متمانە بەخۆبوون بەرزدەکاتەوە، هەموو ئەمانەش بۆ پاراستنی مۆراڵ و کاریگەریی و تەرکیز لە ساتەوەختی شەڕکردندا زۆر گرنگن.

جگە لەمانە، وەرزش و توانای جەستەیی دەتوانێت مەترسی برینداربوون و پێکان بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە. جەستەیەکی باش کەمتر تووشی برینداربوون دەبێت و کاتێک برینداربوونیش ڕوودەدات، کەسانی تەندروست لەڕووی جەستەییەوە خێراتر چاک دەبنەوە. ڕاهێنانی جەستەیی، ماسولکە و جومگەکان باشتر دەکات. هاوکات بەرگەگرتن و لیاقەی دڵ و خوێنبەرەکان بەرزتر دەکاتەوە و ماندوویتی کەمدەکاتەوە، ئاسانترە بڵێین، کەمی توانای ماسولکە و جومگە و بەستەرەکان و کەمی لیاقە، هۆکارێکی سەرەکین بۆ برینداربوون و پێکان لە مەیدانی شەڕدا.

بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کە لە دەرەوەی شار و ناوچە دوورەدەستەکانی ئۆپەراسیۆندان، ئیمکانات و سەرچاوە پزیشکییەکان سنووردارن. خۆپاراستن لە برینداربوون و پێکان زۆر پێویستە. ڕاهێنانی جەستەیی بەردەوام یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی سەربازەکان تەندروست و بەتوانا دەمێننەوە، هیلاکی و ماندوویتی کەمدەکەنەوە و هەروەها کاتی ئۆپراسیۆنەکانیش لەکاتی پێویستیدا درێژدەکەنەوە. نیگەران نابین لەوەی لەکاتی درێژەکێشانی ئۆپراسیۆنەکاندا پێشمەرگەکان هیلاک و شەکەت بن و توانای شەڕکردن لەدەست بدەن.

## جۆرە سەرەکییەکانی وەرزشی جەستەیی سەربازی

وەرزشی سەربازی بەسەر چەندین جۆری جیاوازدا دابەش دەبێت کە سەربازەکان بۆ سەختییەکان و داواکارییە جەستەیی و دەروونییەکانی مەیدانی شەڕ ئامادە دەکەن. وەک باسمان کرد، بۆ هێزی پێشمەرگە، پاراستنی باری جەستەیی زۆر گرنگە بۆ کاریگەریی ئۆپەراسیۆنەکان و ئاستی خۆڕاگری و سەرکەوتنی گشتیی ئەرکەکان. ئەم جۆرە وەرزشانەی خوارەوە لە هەر لایەنێکدا ڕێگایەکی تەواون بۆ پەرەپێدانی توانا جەستەیی و دەروونییەکان:

**١- ڕاهێنانەکانی هێز**

هێزی ماسولکە بۆ کارمەندانی سەربازیی بابەتێکی بنەڕەتییە، چونکە ئەگەر ماسولکەیان لاوازبێت، ئەوا ناتوانن ئامێری قورس هەڵبگرن، بەشداری شەڕی جەستەیی بکەن و ئەرکە قورسەکانی وەک بەرزکردنەوە، ڕاکێشان، پاڵنان یان سەرکەوتن و هەڵگەڕان ئەنجام بدەن.

**ڕاهێنانەکان:** بەرزکردنەوەی قورسایی و یاری لەشجوانی، ڕاهێنانی کێشی جەستە (پاڵدان، ڕاکێشان)، و ڕاهێنانی کاراییەکان کە تەقلیدی سیناریۆی جیاوازی شەڕ دەکەنەوە، وەک هەڵگرتنی تەقەمەنی یان هاوڕێ بریندارەکان یاخود هەڵگرتنی پێداویستی و کەلوپەلی قورس.

**سوودەکانی:** بارستە و قەبارەی ماسولکەکان زیاد و سەقامگیریی جومگەکان باشتر دەکات و هێزی جەستەیی بە گشتی بەرزدەکاتەوە.

**گرنگی لە شەڕدا:** سەربازێکی بەهێز دەتوانێت ئامێر و چەک و پێداویستییەکان بۆ مەودا و ڕێگای دوور هەڵبگرێت، مامەڵە لەگەڵ ئەرکە جەستەییەکان بکات و لە ژێر فشاردا پرۆسەی جێبەجێکردن و توانای کارکردن بپارێزێت.

**٢- ڕاهێنانەکانی ڕێکوپێکی و بەرگەگرتنی دڵ**

ڕاهێنانەکانی ڕێکوپێکی جەستەیی وا لە سەربازەکان دەکات بەبێ ماندووبوون لە چالاکیی جەستەیی درێژخایەن بەردەوام بن، لەوانە لە کاتی ڕێپێوانی درێژخایەن، یاخود دەورییە درێژخایەنەکان، یان شەڕوپێکدادانی چڕ. هەروەها لیاقە و خۆڕاگری سەرباز ئەوە دیاریدەکات کە بەخێرایی چەند و تا دووری چەند سەربازێک دەتوانێت ڕابکات، کە ئەمەش جیاوازە لە ڕاهێنانەکانی ماسولکە. چونکە زیاتر بەرگەگرتن و ماندوونەبوونی دڵ لەکاتی لێدانی خێرادا بڕیار لەسەر مانەوەی سەربازەکە دەدات لە دۆخی چالاکی چڕ و خێرادا نەک گەورەیی ماسولکەکانی بەشەکانی تری جەستە وەکو ڕان و دەست.

**ڕاهێنانەکان:** ڕاکردن، مەلەکردن، پاسکیلسواری، و ڕاهێنانە چڕییە بەرزەکان (HIIT)، ئەمەش ئەو یارییانەن کە لەماوەیەکی کورتدا خێرایی لێدانی دڵ دەگەیننە نێوان ٪٨٠ بۆ ٪٩٥ وەکو ڕاهێنانی پەت پەتێن، یاخود ڕاکردنی بەرزترین ئاستی خێرایی هەتا هێزت تێدا بمێنێت، پاشان پشوویەکی کورت و دووبارە دەستپێکردنەوە بە ڕاکردن.

**سوودەکانی:** کارایی دڵ و سییەکان باشتر دەکات، ماندوویتی کەمدەکاتەوە و ماسولکەکانی دڵ بەهێز دەکات، هەروەها کاتی حەسانەوە و پشوودان کەمتردەکاتەوە.

**گرنگی لە شەڕدا:** توانا و بەرگەگرتن دڵنیای دەدات لەوەی سەربازەکان دەتوانن لەگەڵ داواکارییە جیاوازەکانی ئۆپەراسیۆندا بەردەوام بن، وریایی خۆیان بپارێزن و بە شێوەیەکی کاریگەر لە کاتی ئەرکە درێژخایەنەکاندا بەبێ ماندووبوون و پسانەوە بەردەوام بن. بەزمانێکی سادە، ئاستی توانای پێشمەرگە ئاستی

نەپسانەوەیەتی.

ئەم دوو جۆرە ڕاهێنانە کە ڕاهێنانەکانی هێزی ماسولکە و لیاقەن، دوو جۆری سەرەکین بۆ پەرەپێدانی توانای گشتی جەستەیی پێشمەرگە، بەڵام بێگومان جۆری تری ڕاهێنان هەن کە توانای جیاوازی تایبەتی بەرزدەکەنەوە، وەکو ڕاهێنانەکانی خێرایی و گورجوگۆڵی کە خێرایی جوڵەکانی پێشمەرگە و گورجوگۆڵی لە گۆڕینی ئاڕاستە لەکاتی جوڵەی خێرادا بەرزدەکاتەوە. ئەمەش زیاتر ئەو ڕاهێنانەن کە یاریزانانی تۆپی پێ ئەنجامی دەدەن، بەڵام بێگومان سوودێکی زۆریان لە مەیدانی شەڕدا دەبێت، یاخود ڕاهێنانەکانی جیمناستیک کە جووڵەی پێشمەرگەکان نەرمتر و فراوانتر دەکات بەتایبەتی بۆ ژینگە و ناوچەیەکی سەختی شەڕ پێویست دەبن وەکو چوونە ناو تونێل یاخود سەرکەوتن بەسەر دیوار و بەرزایی و بەربەستەکاندا. هەروەها ڕاهێنانەکانی هونەری جەنگی و شەڕکردنی وەکو کۆنگ فوو و تایکواندۆ و هتد... کە بۆ حاڵەتی شەڕی دەستەویەخەدا دەبنە پێویستییەکی زۆر گرنگ و بنەڕەتی بۆ سەرکەوتن بەسەر توانای جەستەیی سەربازی دوژمن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕاهێنانە دەروونییەکان بۆ ڕاگرتنی وورەی سەرباز لەژێر فشاردا نابێت لەبیربکرێن.

## ئەنجام

بەرنامەیەکی باشی ڕاهێنان و وەرزشی سەربازی دەبێت هەمەچەشن بێت و هەموو ڕاهێنانەکانی هێز، توانا و بەرگەگرتن، خێرایی، نەرمی و سەقامگیریی دەروونی لەخۆبگرێت. مەشقکردن لەم جۆرە جیاوازانەی وەرزشدا لەڕووی جەستەییەوە بەتەواوی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سروشتی داواکاری ئەرکەکانیان ئامادە دەکات تا لەڕووی دەروونییەوە خۆڕاگربن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر تەحەددایەک و سەختییەک. وەرزشە سەربازییەکان نەک تەنها ئەدا و تەندروستیی تاکەکان بەرزدەکاتەوە، بەڵکو سوپایەکی کارامە و بەهێز و خێرا و بەلیاقە و بەتوانات بۆ دروستدەکات کە لەهیچ تەحەددایەکی جەستەیی ناترسێت و هیچ دۆخ و ژینگەیەک ڕێگری لێ ناکات و چۆکی پێدانادات.

**پەراوێز:**

١. Plante, T. G., & Rodin, J. (١٩٩٠). Physical fitness and enhanced psychological health. Current Psychology: A Journal for Diverse Perspectives on Diverse Psychological Issues, ٩(١), ٣–٢٤.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## هونەرەکانی جەنگ

# ئەنجامدانی شەڕی شەوانە

● ئامادەکردنی : موقەدەم میرزا داود

**شەڕی شەوانە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازییە کە لە شەودا ئەنجام دەدرێت و تەواوکەری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ترە، بەو پێیەی یەکەکان دەبێت بتوانن ئەرکەکانیان لە ژێر هەر بارودۆخێکی نالەباری بینیندا ئەنجام بدەن.**

١.لە ڕابردوودا تاریکی لە کاتی شەڕەکاندا ماوەی پشوودان بوو بۆ ئەو سوپایانەی کە لە ڕۆژدا شەڕیان دەکرد و شەڕەکان لە کاتی خۆرهەڵاتن لە بەیانیدا دەستیان پێدەکرد و تا خۆرئاوابوون بەردەوام دەبوون. ئەمەش لەبەر ئەوەی کە سوپاکان لە کۆندا پشتیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و شەڕی ڕووبەڕوو بە شمشێر دەبەست، بەڵام هەندێک ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە شەودا ئەنجام دەدران، وەک جووڵەکردن و گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، گەمارۆدانی قەڵا و شورەکان، ئەنجامدانی هێرشێکی لەناکاو بۆ سەر شوێنە گرنگەکانی دوژمن و کوشتنی سەرکردەکانیان.

٢.دەرکەوتنی کەرەستەی شەڕی نوێ و چەکی بەهێز و پەرەسەندنی هێزی ئاسمانی، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی هێز و خێرایی فڕۆکەکان، بووە هۆی ئەوەی زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکان لە شەودا ئەنجام بدرێن. بێگومان ئامێرەکانی چاودێریکردن و بینینی شەوانە وەک دووربین و کامێراکانی بینینی شەوانە و کامێراکانی گەرمی و ڕادارەکان و و جۆرەکانی تری ئامێری ڕووناککەرەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو بوون بە ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی شەوانەدا.

٣.ئاشکرایە کە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی شەوانە، پێویستی بە ڕاهێنانی تایبەت هەیە، چونکە لە شەودا تایبەتمەندییەکانی وەک سنوورداربوونی بینین و ترس، ڕێگری لە سەربازەکان دەکات کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری شەڕ بکەن و ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. بۆیە پێویستە هەمیشە سەربازەکان بە ڕاهێنانی گونجاو بۆ شەڕی شەوانە ئامادە بکرێن و پەرە بە ڕۆحی مەعنەوی و شەڕکردن و بوێرییان بدرێت، لە ڕێگەی :-

أ.ڕەواندنەوەی ترسی مرۆڤ لە تاریکی.
ب.بەکارهێنانی دروستی چەک و کەرەستەی تاکەکەسی لەکاتی گونجاودا.
ج.فێربوونی تەکنیک و جووڵەکانی شەڕی شەوانە.
د.بەرزکردنەوەی ئاستی توانای شەڕکردنی سەربازەکان بۆ بەشداریکردن لە شەڕی شەوانە.
ه.فێرکردن و ئاشنابوون بە جیاکردنەوەی دەنگەکان و بۆنی شتە جیاوازەکان.
و.فێرکردنی چۆنیەتی خەملاندنی ئاراستەکان و مەودای دەنگەکان.
ز.ڕاهێنان لە سەر ئارامی و خۆڕاگری و دان بەخۆداگرتن.
ح.دەستبەجێ ئاگادارکردنەوەی فەرماندەکەی لە هەر شتێکی بیستراو یان بینراو.

٤.بنەماکانی ئۆپەراسیۆنی شەوانە:
أ.کتوپڕی :
ئاشکرایە کە کتوپڕی یەکێک بووە لە توخمە گرنگەکانی جەنگ بە درێژایی مێژوو، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئامێرەکانی سۆراغکردن و چاودێریکردنەوە،

گرنگییەکەی لە شەڕە مۆدێرنەکاندا زیادی کردووە. زانراوە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکاندا، تاریکی دەرفەتی شاردنەوەی باش بۆ هێزەکان دابین دەکات و بەو پێیە پێویستە کتوپڕی، قۆستنەوەیەکی سەرکەوتووانەی توانا و کارامەییەکانی یەکە هێرشبەرەکان بێت.

ب.دەستپێشخستن:

دەستپێشخستن یەکێکە لە پرەنسیپە گرنگەکانی جەنگ، بریتییە لە جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆن یان پلان یان لێدان، یان پەلاماردانێکی شەڕانگێزییە لە کاتێکی گونجاودا و پێش ئەوەی دوژمن دەست بە هێرشکردن بکات، بەجۆرێك کە دوژمن بکەوێتە وەها بارودۆخێکەوە کە کاردانەوە و کردارو هەڵسوکەوتەکانی بەرئەنجامی ئەو هێرشە پێشخراوە بێت کە کراوەتە سەری.

ج.هاوکاری و کۆنترۆڵکردن:

پرەنسیپی هاوکاری و کۆنترۆڵکردن لە شەڕی هاوچەرخدا دوای سەرهەڵدانی ئۆپەراسیۆنی چەکە هاوبەشەکان دەرکەوت، بۆ ئەوەی هاوکارکردنی یەکتر لە نێوان چەکە جۆراوجۆرە بەشدارەکانی شەڕەکەدا بەدەستبهێنرێت، ئەوا پێویستە هەموو چەک و یەکە بەشدارەکانی شەڕەکەدا ئامێری بینینی شەوانەیان هەبێت.

د.مۆڵدان (الحشد):

مۆڵدان (الحشد)، بریتییە لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هێزەکان و دانانی لە حاڵەتی ئامادەیی شەڕدا و گەیاندنیان بۆ ئەو ناوچانەی کە شەڕ لێیەوە دەست پێدەکات، لەبەرئەوەی مەحاڵە سوپا لە هەموو شوێنێکدا وەك یەك بەهێز بێت، بۆیە مۆڵدان (الحشد) خۆی لە چڕکردنەوەی هێز و ئەو ئامرازانەی تەقەکردن دەبینێتەوە کە لەبەردەستی هێزە هێرشبەرەکاندایە بەو ئاراستە گرنگانەی کە لە ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا پێویستیان پێیەتی، بۆیە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی شەڕەکە، پێویستە هێزەکان بە خێرایی و بە وردی و لە ماوەیەکی کورتدا پێش هێرشەکە کۆبکرێنەوە.

ه.بەردەوامبوون لە شەڕ :

بەردەوامیدان بە شەڕ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئامرازەکانی ئاگر و شەڕکردن و ناردنی هێزی نوێ بە درێژایی شەڕەکە، چونکە ڕەنگە درێژە بەو شەڕە بدرێت و تا ڕۆژ بەردەوام بێت، یان بە پێچەوانەوە ئەو شەڕەی کە لە ڕۆژدا دەستی پێکردبێت تا شەو بەردەوام بێت. بۆیە پێویستە دوژمن لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخێکدا، بخرێتە ژێر فشاری بەردەوامەوە.

٥.بەکارهێنانی هەستەکان لە شەودا:

أ.هەستی بینین:

ئاشکرایە ئاستی بینین لە شەودا هاوشێوەی ڕۆژ نییە و سنووردارە و دووچاری چەندین گرفت دەبێتەوە، بۆیە پێویستە کە چاو لە سەر تاریکی ڕابهێنرێت و بۆ بینینی ئامانجەکە سوود لە هێڵی ئاسۆیی وەربگیرێت.

هەروەها هۆکارەکانی وەك : کەمی ڤیتامین A لە جەستەدا، هەڵامەت و سەرئێشە و ماندوویێتی زۆر، بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و جگەرەکێشان و خواردنەوەی مەی، کاریگەرییان لەسەرتوانای بینینی شەوانە هەیە.

ب.هەستی بۆنکردن:

هەستی بۆنکردنیش یەکێکی ترە لەو هەستانەی کە بە لەبەرچاوگرتنی ئاراستەی با، ئەمیش وەک دەنگەکان، یارمەتیدەرن بۆ دۆزینەوە و ئاشکراکردنی دوژمن. وەک بۆنی چێشتلێنان و خواردن دروستکردن و بۆنی ئاگر و جگەرە و تووتن و پاشەڕۆی مرۆڤ. بۆنی مرۆڤەکان پەیوەستە بە سیستەمی خۆراکییەوە، بۆنی ئەو سەربازانەی خواردنی سەرەکییان گۆشتە جیاوازە لە بۆنی ئەو سەربازانەی کە خواردنیان سەوزە و برنجە. بۆن لە ناوچە نزمەکاندا ماوەیەکی زۆرتر لە هەوادا دەمێنێتەوە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



ج.هەستی بیستن:
لە شەودا ناتوانرێت زۆر پشت بە بینین ببەسترێت، بۆیە پێویستە مەشق لە سەر باشتر کردنی توانای گوێگرتن و ناسینەوەی دەنگەکان بکرێت. بۆ ئەوەی بەباشی دەنگەکان ببیسترێت، پێویستە لەسەر سەرباز زۆر هێمن بێت، کەمێک بۆ پێشەوە خۆی لاربکاتەوە و دەمی بکاتەوە و گوێی بسوڕێنێتەوە بەرەو سەرچاوەی دەنگەکە.
دەنگ لەشەودا باشتر لە ڕۆژ دەبیسترێت لەبەر کەمبوونەوەی ژاوەژاو، لە هەوای فێنک و شێدار باشتر لە هەوای وشک و لە هەوای سارد باشتر لەهەوای گەرم دەبیسترێت. گوێگرتن لەدەنگە جیاوازەکان یارمەتیدەرە بۆ ئاشکراکردنی دوژمن. نموونەی ئەمانە:
یەکەم: دەنگی پێی سەربازەکان لەکاتی ڕۆیشتنیان یان ڕاکردن و بازدان.
دووەم: دەنگی بەرکەوتنی کڵاو یان پێڵاو یان جەستەی سەرباز بە گەڵا و لق و چڵی درەختەکان.
سێیەم: دەنگی کۆکە یان پژمین یان قسەکردنی سەرباز لەگەڵ یەکتردا.
چوارەم: دەنگی دارمانی بەرد و خۆڵ لە ئەنجامی بەسەردا ڕۆیشتنی سەرباز.

٦.بنەما سەرەکیەکانی جووڵەی شەوان:
جووڵەکردنی شەوان زۆرتر پێویستی بە ئاگاداربوون و چاودێریکردنە. ئاشکرا بوون بە هۆی ژاوەژاوەوە زیاتر باوە و پێویستە بزانیت چۆن بەرامبەر ڕووناکی لە شەودا کاردانەوەت دەبێت، چون زیاتر لەوەی کە دەبینیت، دەبێت بیبیستیت. بۆیە بێدەنگی لە کاتی جووڵەکردندا زۆر گرنگە و پێویستە ڕەچاوی هەندێك خاڵ بکرێت لەوانە:
أ.بۆ ئەوەی جووڵەکردنەکەت بێدەنگ بێت، بە هێواشی جووڵە بکە.
ب.جووڵەکردن سنووردار بێت (دووریەکی کورت بە کاتێکی کەم). ناوبەناو بوەستە، بەهۆی دووربینی شەوان چاودێری بکە. لەپاشاندا گوێبگرە، دووبارە جووڵەکردن دەست پێبکە. وەستان پەنایەکدا ئەگەر هەبوو، بەڵام ئەگەر نەبوو خۆت لەسەر زەوی درێژ بکە.
ج.ئەوەندەی دەکرێت بە شوێنێکدا بڕۆ کە پاک کرابێتەوە بۆ دوورکەوتنەوە لە دروست بوونی ژاوەژاوی ناپێویست.
د.سوودوەرگرتن لە دەنگەکانی وەک با، باران، ئامێرەکانی گواستنەوە، فڕۆکە و شتی لەو جۆرە لەکاتی جووڵەکردندا.
ه.ڕاکردن و جووڵەکردنی خێرا لەشەودا دەبێتە هۆی دروستکردنی ژاوەژاو، هەروەها مەترسی کەوتن بەسەر بەربەستەکانیشی هەیە. بۆیە خۆت دوور بگرە لە ڕاکردن بە شەو مەگەر زۆر پێویست و ناچاری بێت.
و.لە کاتی بیستنی هەر دەنگێکی گومانلێکراو، ئەوا بە هێواشی و بەبێدەنگی خۆت درێژبکە و پاشان گوێ بگرە و کەمێک دەمت بکەرەوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە دۆزینەوەی ئاراستەی دەنگەکە.

٧.تەقەکردن لە شەودا:
أ.کاتێک دەست بە تەقەکردن بکە کە دڵنیا بیت لەوەی دوژمن بەتەواوی کەوتووەتە ژێر ئاگری چەکەکەت و فیشەکت بەفیڕۆ ناچێت و بەر ئامانج دەکەوێت.
ب.هیچ کاتێک بەبێ ئامانج تەقە مەکە.
ج.بۆ ئاشکراکردنی دوژمن لە سەنگەری لاوەکییەوە تەقەی لێبکە و سەنگەری سەرەکیت ئاشکرا مەکە بۆ دوژمن.
د.لەبەر ئەوەی بینین لە تاریکیدا لاوازە، با هەردوو چاوت لە کاتی تەقەکردن لە ئامانج کراوە بێت.
ه.بۆ پێکانی ئامانج باشترە بە دەستڕێژ (صلية) تەقە بکرێت.
و.دوای تەقەکردن باشترە کەمێک بۆ لای ڕاست یان چەپ شوێنەکەت بگۆڕیت.

سەرچاوەکان:
١. https://defense-arab.com
(دراسة تفصيلية لعمليات القتال الليلية)
٢. https://irarmy.blog.ir
(رزم شبانه؛ مهمترین نکات)

# سەربازە زۆر بەهێزەکان

## ئەفسانەیەك بوو بە واقیع

وەرگێڕان: ئاکام شوانی

هەمیشە و لە سەرتاسەری جیهاندا، سوپاکانی جیهان هەوڵیان داوە خاوەنی سەربازە زۆربەهێزەکان بن، تاکوو بتوانن بارێکی زۆر لە کەلوپەلە جەنگییەکان هەڵبگرن و هەستی ترس و ئازاریان تێدا نەبێت و بۆ ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی بخەون یان خواردن بخۆن، لە ئەرکدابن. هەروەها ئارەزووی ڕاهێنان و ئامادەکردنی سەربازەکان زاڵ بووە بەسەر زۆرێك لە سەرکردەکانی سوپادا، بۆئەوەی بتوانن بۆ چەندان مانگ بەردەوام بن لە شەڕکردن بێ وەستان یان پشوودان و سەرکەوتوو بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان لە کەشوهەوای گەرم یان سارد و توند، هەروەها بەسەر زەوییە شاخاوییە سەختەکان یان خۆڵی بیابانە گۆڕاوەکان زاڵ بن. نەك تەنیا ئەوە، بەڵکوو دەیانویست سەربازەکان پارێزگاری لە خۆیان بکەن، بە جۆرێك کە فیشەکەکان لە جەستەیان بدەنەوە و گوللە تۆپەکان زیانیان پێنەگەیەنێت. لەم چوارچێوەیەدا، شارەزایانی سەربازی ئاماژە بەوە دەکەن کە وەرگرتنی تەکنۆلۆژیای نوێ بۆ بەهێزکردنی توانای سەربازیی مرۆیی بووە بە ڕێگایەکی نوێ لە پێشبڕکێی چەکداری لە ئاستی جیهاندا، ئەمەش کاریگەری لەسەر بیروباوەڕە بەرگرییەکان و پلانی جەنگی هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردنی سەربازەکان لەگەڵ چەکدا.

### دوو هێندەکردنی توانای جەستەیی

لە بەرانبەردا، زۆر کەس تەماشای ئەو هیوایانە دەکەن وەك ئەوەی شتێکی مەحاڵ بێت یان چیرۆکێك بێت لە فیلمی خەیاڵی زانستی، بەڵام تێپەڕینی ساڵەکان سەرکەوتوو بوو لە سەلماندنی ئەوەی کە خەونەکە دەتوانێت ببێت بە ڕاستی و دەتوانرێت توانای جەستەیی تاکەکان و سەربازەکان دوو هێندە بکرێت، چونکە زانایان لە ماوەی ئامادەکارییەکان بۆ جەنگی دووەمی جیهانی گەیشتنە دەرمانێکی پزیشکی کە بە (D-IX) ناسراوە، ئەویش دەرمانێکە پشت بە «میسامفیتامین» دەبەستێت کە دەتوانێت توانای جەستەیی بە شێوەیەکی بەرچاو دوو هێندە بکات. لە ماوەی تاقیکردنەوەکانیدا لەسەر نیشتەجێبووانی کەمپەکانی دەستبەسەرکردنی نازییەکان، ئاستی توانا جەستەییەکانیان بەرزبووەوە و لە واناياندا بوو ڕۆژانە ٩٠ کیلۆمەتر بەپێ بڕۆن لەگەڵ هەڵگرتنی جانتایەکی پشت کە کێشەکەی ٢٠ کیلۆگرام بوو بێ ئەوەی هیچ پشوو بدەن، بەڵام جەنگ کۆتایی هات پێش ئەوەی هیتلەر بتوانێت ئەم دەرمانە بە شێوەیەکی فراوان بەرهەم بهێنێت.

هیتلەر تاکە سەرکردە نەبووە کە لە بیرۆکەی «سەربازە زۆر بەهێزەکان» وردبووەتەوە، لە ساڵی ٢٠١٤دا جیهان سەرسام بوو کاتێك سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا، باراك ئۆباما ڕایگەیاند «پیاوی ئاسنین» دروست دەکرێت، ئەویش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی سوپای ئەمەریکا دەستی کردووە بە کارکردن لەسەر پرۆژەی «جلوبەرگی کارپێکەری هێرشبەری تاکتیکی سووك» کە بە (TALOS) ناسراوە، ئەویش بریتییە لە جلوبەرگێکی پارێزەر کە سەربازەکان دەیپۆشن، دەتوانن هێرش بکەنە سەر قەڵاکانی دوژمن و ئاگری چەکەکان لە جەستەیان بدەنەوە.

لە ساڵی ٢٠١٧دا، سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمێر پۆتین ڕایگەیاند کە مرۆڤایەتی بەم نزیکانە دەتوانێت شتێك دروست بکات «لە بۆمبی ئەتۆمی خراپتر»، ئەویش ئاماژەیە بۆ ئەوەی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەربازەکان دەتوانن بەرگری بکەن و بکوژن بێ ترس یان هەستکردن بە بەزەیی یان پەشیمانی و ئازار. ئۆکرانیا، ڕووسیا تۆمەتبار دەکات بەوەی کە سەربازەکانی دەخاتە ژێر تاقیکردنەوەی بایۆلۆژییەوە کە دەیانگۆڕێت بۆ دێوەزمەی مرۆیی لە شەڕی ئێستای نێوان هەردوو وڵاتەکە.

لە ساڵی ٢٠٢٣دا، ڕۆژنامەی «وۆڵ ستریت جۆرناڵ» لێدوانی بەڕێوەبەری پێشووی هەواڵگریی نیشتیمانیی ئەمەریکا، جۆن ڕاتکلیفی بڵاوکردەوە کە تیایدا بە ئاشکرا چین بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر ئەندامانی سوپای ئازادیخوازی گەلی چین بۆ ئامادەکردنی سەرباز بە توانای باشترکراوی بایۆلۆژی تۆمەتبار دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتێکی دەستەی ڕادیۆی بەریتانیا، هێزە چەکدارەکانی فەرەنسا گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵکراوە بۆ دەستکردن بە ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئامادەکردنی «سەربازی باشترکراو»، ڕاپۆرتەکە ئەو مەرجانەی دیاریکردووە کە پێویستە کاریان لەسەر بکرێت بۆ پەرەپێدانی ئەو چیپانەی لە سەربازەکاندا دەچێنرێن و ئەو تەکنەلۆژیایانەی دیکە کە بۆ باشترکردنی ئەدای جەنگ لە داهاتوودا دیزاین کراون.

بەپێی دەستەکە، وەزارەتی بەرگریی فەرەنسا پێی وایە، دەوڵەتانی دیکەش ئەم تواناییانە دەدۆزنەوە و پێویستە فەرەنساش هاوشانیان بڕوات.

## بیروباوەڕە سەربازییەکان و جەنگەکانی داهاتوو

لە ڕابردوودا، زۆربەی بیروباوەڕە سەربازییەکان جەختیان لەسەر پەرەپێدانی ئامێرەکان بوو لە جیاتی مرۆڤەکان، بەڵام ئەمە لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکان لە زانستەکانی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هات و بوو بەهۆی دروستبوونی بوارێکی فرەپسپۆڕی کە بە «بەهێزکردنی مرۆیی» ناسراوە، ئەویش توانای گۆڕینی هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی جەنگە نوێیەکانی هەیە.

زۆرکات، تەکنۆلۆژیای جەنگی بە شێوەیەکی بەردەوام جەختی لەسەر پلاتفۆرمە جەنگییە پێشکەوتووەکان یان دەستکردەکان بووە کە سەربازەکان دەیانپۆشی یان بەکاریان دەهێنا بۆ شەڕکردن، بەڵام ئەو پێشکەوتنە خێراانەی زانست و تەکنۆلۆژیا کە پەیوەندییان بەو بوارانەوە هەیە، دەستیان کردووە بە تەمومژاویکردنی ئەو هێڵەی لە نێوان تەکنۆلۆژیا و مرۆڤدا هەیە.

ئەم گۆڕانکارییەش لە دوای ئەو پێشکەوتنەوە هات کە لە بواری ڕۆبۆت و ژیری دەستکرد لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ڕوویدا، ئەمەش وایکرد سیاسەتداڕێژان، زانایانی لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو و شارەزایانی بەرگری نیگەران بن لەوەی کە ژینگەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ بە خێرایی زاڵ دەبن بەسەر ئەو توانا مەعریفییە مرۆییانەی پەیوەندییان بە خێرایی بڕیاردانەوە هەیە لە سایەی زیادبوونی کردارە زاتییەکان لە ئیدارەدانی ڕێوشوێنە سەربازییەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا، ئەمەش یەکێکە لەو بوارانەی هێشتا مرۆڤ تیایدا دەسەڵاتێکی بەرچاوی بەسەر تەکنۆلۆژیاکانی ژیری دەستکرددا هەیە، بەڵام هۆکارگەلێك هەن کە لەو باوەڕەدابین ئەم بابەتە بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگۆڕێت.

شارەزایانی سەربازی پێیان وایە سەربازە زۆر بەهێزە سەربەخۆکان کە ژیری دەستکرد کۆنترۆڵیان دەکات، لە داهاتوویەکی نزیکدا بەهۆی پێشکەوتنی خێرای سیستەمە زیرەکەکان و تەکنۆلۆژیای نانۆییەوە دەبن بە واقیعێکی ڕاستەقینە، ئەمەش وادەکات تاکەکان لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە بەهێز بکرێن، تاکوو بتوانن بارێکی زۆر گەورەتر لە کەلوپەلی شەڕ هەڵبگرن لەوەی کە سەربازانی دوژمن دەتوانن هەڵیبگرن. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بە ئاسانی لەگەڵ سیستەمە بێ سەرنشین و ڕۆبۆتییەکاندا تێکەڵ دەبن.

شارەزایان ڕوونی دەکەنەوە، ئەو سەربازانە توانای ئەوەیان هەیە ئەرکەکانیان بە خێرایی و کاریگەرییەکی زۆر زیاتر ئەنجام بدەن، بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوەتر و وێرانکەرانەتر ڕەفتار بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی سروشتی جەنگ و زیادکردنی قەبارە و خێرایی شەڕکردن.

## ناکۆکییەکی گەرم

هێشتا گفتوگۆی ئەخلاقی دەربارەی پەرەپێدانی سەربازە زۆر بەهێزەکان گەرمە و پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کاتی دانانی سیاسەتی تایبەت بە بەهێزکردنی توانای مرۆیی سەربازە شەڕکەرەکان ئەوە لەبەرچاو بگرێت، چونکە بیرۆکەی ئامادەکردنی «سەربازی زۆر بەهێز» کە هەستی بەزەیی یان هاوسۆزی یان ترسیان نییە، دەتوانێت ببێتە هۆی نەمانی بنەماکانی یاسای ململانێ چەکدارییەکان، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئامادەکردنی ئەو سەربازانە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئەرکەکانی متمانەی کۆمەڵایەتی و سەربازی.

سەرەڕای ئەو نارەزاییە ئەخلاقییە زۆرانەی کە ڕووبەڕووی بانگەشەکردن بۆ بەهێزکردنی توانای مرۆیی سەربازەکان دەبێتەوە، بەڵام شارەزایانی زانستەکانی داهاتوو ئاماژە بەوە دەکەن کە نابێت چارەنووسی شەڕەکان تەنیا بۆ فەلسەفەی ئەخلاقی بەجێبهێڵدرێت، بەڵکوو پێویستە سیاسەتە تایبەتەکان بە بەرچاوگرتنی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەچاوکردنی سنوورەکانی دەوڵەتان بەڕێوەببرێن.

سەرەڕای ئەوەش، بەڵام هەندێك کۆمپانیای قازانجبەخش و حکومەت کە ئەو سیستەم و ئامرازە زانستی و دەرمانیانە پەرەپێدەدەن، پاساو دەهێننەوە بەوەی کە ئەوان یارمەتی مرۆڤایەتی دەدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییە سەختەکان و هەوڵ دەدەن مرۆڤایەتی لە قربوون بپارێزن.

بەڵام ڕاستی و واقیع ئاماژە بەوە دەکەن کە ملمڵانێکان لە نێوان چاکە و خراپە و هەروەها لە نێوان پاراستنی کۆنترۆڵی ئەخلاقی و بەهێزکردنی پێشکەوتنی زانستی بۆ پاراستنی مرۆڤایەتی، هێشتا گەرمە، بەڵام پێویستە حکومەتەکان بە باشی ئەوە بزانن و بە ئاگا بمێننەوە کە ئەم شتە دەکرێت هەنگاوێك بێت بەرەو کۆنترۆڵکردنی هزری مرۆڤ و حکومەتەکان، لەبەرئەوە هەمووان داواکارن کە بەردەوام بن لە گەڕان بەدوای چارەسەری پارێزراو و ئەخلاقیدا تا بتوانن ڕووبەڕووی خاوەن نیازە شاراوەکان ببنەوە.

سەرچاوە: www.nationshield.ae

# گرنگی هێزی یەدەگ لە بەرگری نیشتیمانیدا

## هەرێمی کوردستان بە نموونە

● ئامادەکردنی: ڕەوا موسا

**لە ستراتیژی سەربازی مۆدێرن دا، ڕۆڵی یەدەگی سوپا بۆ دەستەبەرکردنی بەرگری نیشتمانی و ئاسایش و سەقامگیری زۆر گرنگە. زۆرێک لە وڵاتان هێزێکی یەدەگی باش-ڕێکخراو دەپارێزن بۆ یارمەتیدانی سوپا و بەشەکانی تری سەربازی لە کاتی قەیران و ململانێ و حاڵەتە نائاساییەکان و کارەساتە سرووشتییکاندا. ئەم یەدەگانە وەک بەشێکی گرنگی پێکهاتەی بەرگری نەتەوەیی کاردەکەن، بەهۆیەوە وڵاتان دەتوانن بەخێرایی وەڵامی هەڕەشەکان بدەنەوە بەبێ ئەوەی پێویستیان بە سوپایەکی هەمیشەیی گەورە و پڕ مەسرەف هەبێت. ئامانجی هەر یەکەیەکی سەربازی یەدەگ دابینکردنی سەرباز و ئەفسەری ڕاهێنراوە بۆ هەمان مەبەستی یەکە هاوشێوەکەی لەناو سوپادا لەکاتی پێویستی و قەیرانەکاندا.**

### هێزی یەدەگ چییە؟

هێزی یەدەگ هێزێکی سەربازییە لە کارمەندانی ڕاهێنراو پێکهاتوون کە لە خزمەتێکی چالاکدا نین و دەوام ناکەن بەڵام دەتوانرێت لە کاتی پێویستدا کۆبکرێنەوە. بە پێچەوانەی سەربازە هەمیشەییەکان کە دەبێت دەوامی سەربازی ئەنجامبدەن، هێزە یەدەگەکان بە شێوەیەکی گشتی کاری مەدەنییان هەیە، دەکرێت سەربازێکی یەدەگ مامۆستا یاخود کارمەندی کۆمپانیا یاخود دوکاندار و خاوەن بزنس بێت، جارجارە بەپێی بەرنامەیەکی کاتی دیاریکراو مەشق و ڕاهێنانیان پێدەکرێت بۆ پاراستنی ئامادەیی و توانا سەربازییەکانیان.

یەدەگەکان درێژکراوەیەکی بنەڕەتی هێزە چەکدارە ئاساییەکانن، کە هێزی مرۆیی و شارەزایی و پشتیوانی لۆجستی زیاتر لە کاتی جەنگ، حاڵەتە فریاگوزارییە نیشتمانییەکان، یان کارەساتی سروشتیدا دابین دەکەن.

زۆرێک لە وڵاتان، لەوانە ئەمریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئیسرائیل، هێزی یەدەگی بەهێزیان پەرەپێداوە. ئەم هێزانە وەک هێڵی دووەمی بەرگری کاردەکەن، وڵاتان لە ڕێی هێزێکی یەدەگی بەهێز و پێشکەوتووەوە دەتوانن لە جەنگە درێژخایەنەکان بەردەوام بن بەبێ ئەوەی کارمەندان و سەربازانی هەمیشەیی سوپا شەکەت و ماندوو بکەن. بوونی هێزێکی یەدەگی کارامە توانای خۆڕاگری وڵات زۆر زیاتر بەرز دەکاتەوە وەک لەوەی تەنها سوپایەکی هەمیشەیی هەبێت بەبێ پاڵپشتی هێزی یەدەگ، هەروەها پێگەی نیشتیمانی لە بەرامبەر هەڕەشە دەرەکی و ناوخۆییەکان بەهێزتر دەکات.

### ئەرکی هێزی یەدەگ

یەدەگەکانی سوپا چەندین ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدەن کە پاڵپشتی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانی دەکەن لەوانە:

پاڵپشتی یەکە سەربازییەکان: لە کاتی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

جەنگ یان قەیرانەکاندا، ڕەنگە یەکە سەربازییە هەمیشەییەکان پێویستیان بە هێزی زیادە هەبێت بۆ بەردەوامبوونی ئۆپەراسیۆنەکان. هێزە یەدەگەکان بەخێرایی هێزی مرۆیی زیاتر دابین دەکەن، ئەمەش ڕێگە بە سوپا دەدات توانا ئۆپەراسیۆنییەکانی خۆی بەخێرایی فراوان بکات. ئەم پاڵپشتییە دڵنیای دەدات لەوەی وڵاتێک دەتوانێت کاریگەری شەڕکردن بپارێزێت و توانای بەرگریکردن لە خۆی درێژ بکاتەوە.

هاوکاری مرۆیی و بەرپەرچدانەوەی کارەسات : زۆرجار داوا لە یەدەگەکانی سوپا دەکرێت بۆ هاوکاریکردن لە هەوڵەکانی فریاگوزاری کارەساتە سرووشتییەکان، وەک بوومەلەرزە، لافاو هتد... ڕاهێنانیان لە بواری لۆجستی، گەڕان و ڕزگارکردن و یارمەتییە پزیشکییەکان، وایان لێدەکات لە کاتی باری نائاسایی نیشتمانیدا سەرمایەیەکی بەنرخ بن. هێزە یەدەگەکان هاوکارییەکی گرنگ دابیندەکەن و بەشداری دەکەن لە هەردووک ڕووی ئاسایشی نیشتمانی و سەلامەتی مەدەنیدا.

پشتگیری کارامەیی تایبەتمەند: زۆرێک لە یەدەگەکان کارامەیی ناوازە و بەکەڵک لە پیشە مەدەنییەکانیانەوە دەهێنن، لەوانە پزیشکی، ئەندازیاری، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و لۆجستی. ئەم کارامەییانە توانای ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەرز دەکەنەوە بە پێشکەشکردنی شارەزایی تایبەتمەند کە ڕەنگە لە هێزە هەمیشەییەکانی سوپادا بەردەست نەبن. بۆ نموونە دەتوانرێت پزیشک و پەرستار لە یەکەکانی یەدەگدا لە کاتی قەیرانی پزیشکی یان حاڵەتە فریاگوزاریەکانی کاتی جەنگ کۆبکرێنەوە.

ڕێگریکردن و ئامادەکاری نیشتمانی: هێزێکی یەدەگی بەهێز وەکو ڕێگرییەک بۆ دەستدرێژییە ئەگەرییەکان دەبیندرێت. زانینی ئەوەی کە وڵاتێک دەتوانێت بە خێرایی هێزێکی یەدەگی ڕاهێنراوی باش کۆبکاتەوە و بانگیان بکاتەوە بۆ ئەرکی سەربازی، دوژمنان لە دەستپێکردنی جەنگ بێهیوا و دوودڵ دەکات. سەرەڕای ئەوەش، سیستەمێکی بەهێزی یەدەگ دڵنیایی دەدات لەوەی کە وڵات بەئامادەیی دەمێنێتەوە بۆ هەر هەڕەشەیەکی ئەمنی پێشبینینەکراو، جا چ ناوخۆیی بێت یاخود دەرەکی.

کەمکردنەوەی بودجەی بەرگری: بەڕێوەبردنی سوپایەکی گەورەی هەمیشەیی لەڕووی داراییەوە گران لەسەر حکومەت دەکەوێت، پێویستی بە سەرچاوە و بودجەیەکی زۆر هەیە بۆ مووچە و شوێنی مانەوە و لۆجستی. هێزە یەدەگەکان بەدیلێکی کاریگەر لە ڕووی تێچوونەوە دابین دەکەن، ڕێگە بە حکومەتەکان دەدات ئامادەیی سەربازی بپارێزن بەبێ ئەوەی بارگرانی دارایی بەردەوامی هێزێکی گەورەی هەمیشەییان لەسەر بێت. بە پشتبەستن بە یەدەگەکان، وڵاتان دەتوانن بودجەی بەرگری کەمتر و کاریگەرتر بکەنەوە.

## بەشداریکردنی مەدەنی و هەستی یەکبوونی نیشتمانی

بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی: خزمەتکردن لە سوپای یەدەگدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ زیادکردنی شانازی و یەکگرتوویی نەتەوەیی، پەروەردەکردنی هەستی سەربەخۆیی و پەرەپێدانی ئامانجی بەکۆمەڵ لە نێو گەلی کورددا. چونکە پەروەردەی سەربازی دەتوانێت هەستێکی بەهێزی ئیتیما و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگادا بچەسپێنێت بەبێ ڕەچاوکردنی ناوکۆکییە سیاسییەکان و کێشەکانی ناوخۆ.

## ئەنجام

ڕۆڵی هێزی یەدەگ لە بەرگری نیشتمانیدا زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە ئاسایش و خۆڕاگری و ئامادەیی ستراتیژی. وڵاتانی جیهان پشت بە هێزی یەدەگی باش-داڕێژراو دەبەستن بۆ پشتیوانیکردنی سوپای هەمیشەیی خۆیان و وەڵامدانەوەی حاڵەتە فریاگوزاریەکان و ڕێگریکردن لە هەڕەشە ئەگەرییەکان. واتا لە زانستی سەربازی مۆدێرندا بوونی هێزی یەدەگ بۆتە پێویستییەکی حەتمی نەک بارگرانی و بڕادەیەک کە بیانووی بۆ بهێندرێتەوە و دیبەیتی لەسەر بکرێت بۆ درووستکردن یاخود هەڵوەشاندنەوەی!.



پێشمەرگە
گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات



# چەمکی (( ئەزموون ))

## تاقیگەی ڕووداوەکان .. فێرگەیەك بۆ بیرکردنەوە

ئامادەکردنی: هۆشمەند جەبار

ئەزموون، واتا بڕیار و پلانەکانی ڕابردوو، واتا ڕووداوەکان و ئاڕاستە و دەرئەنجامەکانی ڕابردوو، واتا هەڵە و ڕاستییەکان، تاقیکردنەوەکان، شکست و سەرکەوتنەکانی پێشوو. ئەم هاوکێشەیە لە بواری سەربازیدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە لە دێرزەمانەوە شەڕ بووەتە بەشی سەرەکی لە ژیانی مرۆڤایەتی و پانتاییەکی فراوان و پڕ لە ڕووداوی جۆراوجۆرە. بۆیەشە لە ناوەندەکانی خوێندن و مەشق و فێرگەکانی ڕاهێناندا بایەخی بەرچاوی پێدراوە و بۆ فێربوون و مەشقەکان سوودی لێ وەردەگیردرێت.

پرۆسەی زانین و شیکردنەوە و فێربوون لە ئەزموونەکانی ڕابردوو کارێکی نوێ نییە، چونکە مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوە و سوودوەرگرتن لە ڕووداوەکان و لەئاکامدا دانانی پلانی نوێ، بەردەوام بەدوای زانیاریی زیاتر و کاری باشتردایە.

گەشەسەندنی خێرای مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکەمدا، بەتایبەتی لە ڕێژەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و ئۆپەراسیۆنی زانیارییدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە زانین و لێشاوی خێرای زانیاری کۆمەڵگە و بوارە جیاجیاکان بخاتە پێشبڕکێوە، براوەکانیش ئەوانەن کە دەتوانن باشتر و خێراتر لەوانی تر فێرببن و هەوڵی باشتر و ئۆپەراسیۆنی بەهێزتر ئەنجام بدەن. بۆیە پرۆسەی زانین و بەرهەمهێنانی ئەزموونەکان بووەتە هەوڵێکی بنەڕەتی بۆ هەر ڕێکخراو و کەرت و بوارێک کە بیەوێت بمێنێتەوە و لە پەرەسەندن دوانەکەوێت.

گرووپ و ڕێکخراو و هێزەکان هەمیشە جەخت لەسەر فێربوون و باشتربوون دەکەنەوە لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی: یەکەم، بۆ ئەوەی لە هەڵەکانی ڕابردوو دووربکەونەوە. دووەم، بۆ بەدەستهێنانی ڕێگەی باشتر بۆ سەرکەوتنی زیاتر. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، ساڵانی ڕابردوو شایەتی زیادبوونی خواستی جێبەجێکردنی بنەماکانی فێربوونی ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی کاریگەر لەناو دامەزراوەکانی بوارە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە و سوپاکان لە پێشەنگی ئەو دامەزراوانەدا بوون. پلانی سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان لە سوپاکاندا، بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی و باشترکردنی توانای شەڕکردن بە بەکارهێنانی ئەزموونەکانی سەرکردەکان و هێزە چەکدارەکان وەک دیدگا و بنەمایەکی هەڵسەنگاندن ڕۆڵی هەبووە، کە دەبێتە هۆی باشترکردنی ئۆپەراسیۆنەکان یان چالاکییە سەربازییەکان لەسەر ئاستی ستراتیژی، ئۆپەراسیۆنی یان تاکتیکی.

### چەمکی ئەزموونەکان

ئەو وانە و کردەوانە دەگرێتەوە کە لە ڕووداو و چالاکییەکانی ڕابردوو وەرگیراون و پێویستە لە کردار و ڕەفتارەکانی ئایندەدا چالاکانە لەبەرچاو بگیرێن.

زۆرجار وانەکانی ئەزموونەکان تیشک دەخەنە سەر خاڵە بەهێزەکان یان لاوازییەکان لە ئامادەکاری و دیزاینکردن و جێبەجێکردندا کە ڕۆڵیان لەسەر ئەنجامدان و دەرئەنجام و کاریگەرییەکان هەیە. لە بواری سەربازیدا، پێویستی بە ئەنجامدانی شیکاری وانە فێربووەکان و دەرهێنانی زانیاری هەیە دوای کردارەکان (ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕ یان

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

مەشقکردن). سەرکردەکان پێویستە مەودای پێداچوونەوەی ستانداردی دوای کردار فراوانتر بکەن. ڕێبازی بنیاتنانەوەی ڕووداو بەکاردەهێنرێت یان تاکەکان ڕۆڵ و تێڕوانینەکانی خۆیان بۆ ڕووداوەکە دەخەنەڕوو. سەنتەرێکی سوپای ئەمریکا (CALL) لە ساڵی ١٩٨٥ەوە کار بە بەرنامەی سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان دەکات و وانەکان و باشترین پراکتیزەکان کۆدەکاتەوە، شیکاری دەکات، بڵاویدەکاتەوە و لە ئەرشیف دەیانپارێزێت. بۆ ئەم مەبەستە، ڕاپۆرت و پێداچوونەوەی دوای کۆکردنەوە، چاوپێکەوتنی تاکەکەسی و گرووپیی بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ پشکنینی بەڵگەنامە پەیوەندیدارەکان.

## فێربوون لە ڕابردوو بۆچی؟

وانەی فێربوون لە ئەزموون، یان شیکاری دوای شەڕ و دیاریکردنی وانە باش و خراپەکان، زاراوە گەلێکن کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بۆ وەسفکردنی کەسانێک، شتەکان و چالاکییەکان بەکاردەهێنرێن کە لە پرۆسەی فێربوون لە ئەزموونەوە بۆ بەدەستهێنانی باشتربوون، بەشدارن. بیرۆکەی وانە فێربووەکان لە هەر ڕێکخراو و دامەزراوەیەکدا ئەوەیە کە لە ڕێگەی پلانێکی فەرمی بۆ فێربوون تاکەکان و ڕێکخراوەکە دەتوانن مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی هەمان کێشە کەم بکەنەوە و چانسی دووبارەبوونەوەی سەرکەوتنەکان زیاد بکەن. وانەی فێربوو بەشێکی سەرەکییە لە متمانەپێکردن، توانا و گونجاندن لە شەڕدا و پەرەپێدانی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی مەترسی و باشترکردنی کاریگەریی ئۆپەراسیۆن و توانا و گەشەپێدانی پێوەرەکانی جەنگ.

ئەم پرۆسەیە پشتگیری لە ڕاهێنان و پلاندانان دەکەن بۆ هەردوو مەشق و ئۆپەراسیۆن، هەروەها پرۆسەی پەرەپێدانی توانای شەڕکردن. سەنتەری وانە فێربووەکانی هێزی دەریایی ئەمریکا سەرنج دەخاتە سەر تاکتیک، تەکنیک و ڕێکارەکان کە گرنگی ڕاستەوخۆیان بۆ هێزە ئۆپەراسیۆنییەکان هەیە. بەم شێوەیە، بۆشایی و باشترین پراکتیزەکان دەستنیشان دەکات و چارەسەرەکان پێشنیازەکات لە سەرانسەری بوارەکانی عەقیدەی سەربازی، ڕێکخستن، ڕاهێنان، ئامێر، سەرکردایەتی و کارمەندان.

## ناتۆ و سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان

ئەزموونەکان بەشێکی سەرەکی لە چوارچێوەی سەربازیی ناتۆ و بنەمایەکی کارپێکراون لە شەڕ و پەرەپێدانی جەنگدا. دەتوانرێت وانە لە هەر چالاکییەکەوە وەربگیرێت (ئۆپەراسیۆنەکان، مەشقەکان، ڕاهێنانەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانە)، هەروەها لە سیستەمی ناتۆدا هاتووە کە «ئامانج لە ڕێکارەکانی سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان، فێربوونە بە شێوەیەکی کارا لە دابینکردنی پاساوی دروست بۆ دەستکاریکردنی شێوازی ئێستای ئەنجامدانی کارەکان، بە مەبەستی باشترکردنی ئەدای کارکردن». هەروەها ناتۆ توانای سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان بەم شێوەیە پێناسە دەکات «توانای سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکان بۆ سەرکردە، پێکهاتە و پرۆسە و ئامرازەکانی گرتن و شیکردنەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی چاکسازی لەسەر هەر بابەتێک و پەیوەندیکردن و هاوبەشکردنی ئەنجامەکان بۆ بەدەستهێنانی باشتربوون، دابین دەکات».

ئامانجی ناتۆ ئەوەیە، بە مەبەستی وەرگرتنی توانای زیاتر بۆ باشترکردنی ئەدای کارکردن لە ئۆپەراسیۆنەکاندا بە شێوەیەکی کارا، لە ئەزموونەوە فێربێت. ئەم توانایە دەبێت پێکهاتە و پرۆسە و ئامراز و ڕاهێنانی دروست بۆ شیکردنەوە و گرتنەبەری ڕێوشوێنی چاکسازی لەسەر هەر پرسێک لەخۆبگرێت.

لە پشتبەستن بە ئەزموونەکان هەمیشە دەبێت ڕەچاوی ئەو بنەما زانستییە بکرێت، کە ناکرێت بەتەنها پەند و وانەی ئەزموونێکی ڕابردوو بکرێتە پێوەر بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی یان ئۆپەراسیۆنێک، بەڵکو پێویستە هەڵسەنگاندنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بکەین، زیان و قازانجەکەی لە تەرازوو بدەین، ئاستی گونجانی تاوتوێ بکەین، لەگەڵ دۆخی هەمەلایەنەی هەنووکەیی و سروشتی پلانەکە، یان ئەو ئۆپەراسیۆنەی دەمانەوێت ئەنجامی بدەین.



www.aljundi.ae
تحليل ما بعد المعركة .. الدروس المستفادة
defense-arab.com أهمية دراسة التاريخ العسكري



سوپا بەهێزەکانی جیهان

# سوپای بەریتانیا

## نمونەیەك لە پێشكەوتن

● ئامادەکردنی: ئەحمەد مەلا شێخ

**بۆ دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حوکمڕانی و دەوڵەتداری، هەر کیان و ڕێکخراو و گرووپێک، پێویستە بەر لە هەموو شتێک بیر لە دروستکردن و بنیاتنانی سوپایەک بکاتەوە، لەم سۆنگەیەشەوە وڵاتێکی کۆن و گەورەی وەک بەریتانیا هەر لەزووەوە ئەو هەنگاوە ناوە و گرنگییەکی زۆری بە سوپاو دامەزراوە سەربازییەکانی داوە.**

سوپای مۆدێرنی بەریتانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٠٧، لەگەڵ ئەو پێشینەیە لە سوپای ئینگلیزی و سوپای سکۆتلەندا کە لە کاتی ڕێکخستنەوەیان لە ساڵی ١٦٦٠ دروستکراون. زاراوەی سوپای بەریتانیا لە ساڵی ١٧٠٧ دوای کردەوەکانی یەکێتیی سۆڤییەت لە نێوان ئینگلتەرا و سکۆتلەندا وەرگیراوە. ئەندامانی سوپای بەریتانیا سوێند دەخۆن بۆ پاشا وەک فەرماندەی گشتی خۆیان، بەڵام یاسای مافەکانی ساڵی ١٦٨٩ و یاسای داوای ماف لە ساڵی ١٦٨٩ پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەیە بۆ ئەوەی سوپایەکی هەمیشەیی لە کاتی ئاشتیدا بپارێزێت. بۆیە پەرلەمان بە دەرکردنی یاسای هێزە چەکدارەکان لانیکەم پێنج ساڵ جارێک متمانە بە سوپا پەسەند دەکاتەوە. سوپاکە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە بەڕێوەدەبرێت و لەلایەن سەرۆکی ئەرکانی گشتییەوە فەرماندەیی دەکرێت. سوپای بەریتانیا لە جەنگە گەورەکانی نێوان زلهێزەکانی جیهاندا بەشدار بووە، لەوانە جەنگی حەوت ساڵە، جەنگی شۆڕشگێڕی ئەمریکا، جەنگەکانی ناپلیۆن، جەنگی کریمە و جەنگی جیهانی یەکەم و جەنگی جیهانی دووەم. سەرکەوتنەکانی بەریتانیا لە زۆربەی ئەم جەنگە چارەنووسسازانەدا، ڕێگەی پێدا کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکانی جیهان هەبێت و خۆی وەک یەکێک لە زلهێزە سەربازی و ئابوورییە پێشەنگەکانی جیهان جێگیر بکات و یاسا و سیستەمە سەربازییەکەی ببێتە بنەما بۆ زۆربەی سوپاکانی جیهان. لە کۆتایی جەنگی ساردەوە، سوپای بەریتانیا لە ژمارەیەک ناوچەی شەڕدا جێگیر کراوە، زۆرجار وەک بەشێک لە هێزێکی گەشتیاری، هێزێکی هاوپەیمانی یان بەشێک لە ئۆپەراسیۆنێکی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان.

### مێژوو .. پێکهاتە و تواناکان

سوپای بەریتانیا یەکێکە لە کۆنترین سوپا تایبەتەکانی جیهان، کە مێژوویەکی درێژ و پڕ ڕووداوی گرنگی هەیە. خاوەن پێکهاتە و ئەرک و توانای تایبەتی خۆیەتی.

مێژوو:

- سوپای بەریتانیا لە ساڵی ١٦٦٠دا ڕێکخرا، دوای شەڕی ناوخۆیی ئینگلیز (١٦٤٢–١٦٥١) و دامەزراندنی سوپای نوێی مۆدێل (New Model Army).

- لە سەدەی ١٨ و ١٩دا، سوپای بەریتانیا ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتیی بەریتانیا و شەڕەکانی وەک شەڕی ناپلیۆنی و جەنگی جیهانی یەکەم.

- لە جەنگی جیهانی دووەمدا (١٩٣٩–١٩٤٥)، سوپای بەریتانیا یەکێک بوو لە هێزە سەرەکییەکانی هاوپەیمانان، بەتایبەت لە شەڕەکانی ئەفریقا و ئەورووپادا.

### شوناس و پێکهاتەکانی

سوپای بەریتانیا بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی شانشینی یەکگرتووو لەژێر فەرمانی پەرلەمانی بەریتانیا و پاشا چارڵزی سێیەم (وەک سەرۆکی سیمبۆلیکی) کاردەکات.

پێکهاتە سەرەکییەکانی:

١/ **هێزی پیادە:** پێکهاتووە لە ڕشتە سەرەکییە ناسراوەکانی وەک گاردی شاهانە و هێزی پیادە و سەربازەکانی سکۆتلەندا.

٢/هێزی چەکدار: پێکهاتووە لە هێزی تانک و ئۆتۆمبێلە چەکدارەکانی وەک تانکی چالێنجەر.

٣/ **هێزی ئاسمانی سوپا:** پێکهاتووە لە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

فرۆکە و هەلیکۆپتەری سەربازی و ئاپاچی وفرۆکەی تایفۆن .

**٤/ هێزی ئەندازیاری:** بەرپرسن لە دروستکردنی ڕێگاو سەنگەرەکان و چارەسەرکردنی تەقینەوەکان بەگشتی.

**٥/ هێزی پشتگیریکردن:** بەرپرسن لە دابینکردنی خۆراک و کەلوپەلی لۆجستی.

**٦/ هێزی ئامادە:** پێکهاتووە لە (١١٠٠٠٠) سەدو دەهەزار سەرباز کە هەشتا هەزار سەربازی چالاک و سی هەزار سەربازی یەدەکن.

## ئەرکە سەرەکییەکان:

١/ پاراستنی خاکی بەریتانیا و پشتگیریکردنی ئاشتی جیهانی لە ڕێی ناتۆ و نەتەوەیەکگرتووەکان.

٢/ئۆپەراسیۆنە نێودەوڵەتییەکان: وەک لە عێراق و ئەفغانستان و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا (وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی ڕووسیا).

٣/ یارمەتیدانی کارە مرۆییەکان: وەک ڕووداوە سروشتییەکان و بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە خێرا تەشەنەسەندووەکان وەک کۆڤید ١٩ و ئەوانی تر.

## ئامێرە سەربازییەکان:

١/ تانکی چاڵێنجەر٢

٢/ هەلیکۆپتەری ئاپاچی و فرۆکەی جەنگی ئەی ئێیچ٦٤ کە بەکاردێت بۆ تێکشکاندنی تانک و بەرپەرچدانەوەی مووشەکی پێشکەتووی وەک ئێن ئێل ئەی دەبلیوو.

## پێشهاتەکانی سەردەمی نوێ:

کەمکردنەوەی بوودجە: لە دوای کۆتایی جەنگی سارد، ژمارەی سەربازەکان کەمکراوەتەوە و شەپۆلە ئەلیکترۆنییەکان، تەکنەلۆژیای نوێ، بەکارهێنانی ڕۆبۆت، درۆن، شەڕی سایبەری، ڕۆڵی زۆرتریان پێ دراوە.

کاریگەریی شەڕی ئۆکرانیا: پێداچوونەوە بە پلانی بەرگریی بەریتانیا.

سوپای بەریتانیا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی جیاوازی لە سەدەی بیست و یەکدا هەبووە، بەتایبەت لەدوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراق لە ٢٠٠٣ و شەڕی داعش کە ئەم ڕۆڵە بەگشتی لەم خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە:

**١/ شەڕی عێراق (٢٠٠٣-٢٠٠٩):**

سوپای بەریتانیا لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا بەشداریان لە ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێندا کرد. بەرپرسیار بوون لە باشووری عێراق (بەتایبەت شاری بەسرە) و کاریان کردە سەر ئاسایش و دروستکردنی دەسەڵاتی نوێ.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئیسلامییەکان: لە ساڵانی ٢٠٠٤ بۆ ٢٠٠٩، هێزەکانی بەریتانیا ڕووبەڕووی تیرۆری گرووپەکانی وەک قاعیدە بوونەوە و شەڕی زۆریان لە ناوچەکانی وەک عەمارە و بەسرە ئەنجامدا.

کشانەوە لە ٢٠٠٩: بەریتانیا هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە و تەنها ژمارەیەک ڕاوێژکاریان مانەوە.

**٢/ شەڕی داعش: (٢٠١٤-٢٠١٧)**

پشتگیریکردنی هێزەکانی عێراق و کوردستان: بەریتانیا یەکێک بوو لە وڵاتە سەرەکییەکانی هاوپەیمانی نێوودەوڵەتی کە پشتیوانی هێزەکانی عێراق و پێشمەرگەی کوردستانی لە شەڕی دژی داعشدا کرد.

ڕاوێژکاری سەربازی و فرینی ئاسمانی: هێزەکانی بەریتانیا ڕاوێژکاریان بۆ هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە کرد، هەروەها فرۆکە جەنگییەکانیان وەک تۆرنادۆ و تایفۆنیان بۆ ڕووبەڕووبونەوە و بۆمبارانی داعش بەکارهێنا.

دابینکردنی چەک: بەریتانیا چەکی پێشکەوتووی وەک مووشەکی (ئێن ئێل ئەی دەبل یوو)ی بۆ پێشمەرگە نارد کە بۆ تێکشکانی تانک و دڕعەکانی داعش کاریگەربوو.

**٣/ پەیوەندیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان:**

ڕاهێنانی پێشمەرگە: لەساڵانی دوای ٢٠١٤، هێزەکانی بەریتانیا بۆ بەرەوپێشبردنی شەڕی دژی تیرۆر، ڕاهێنانی تایبەتیان بۆ پێشمەرگە ئەنجامدا.،

کاریگەریی دیپلۆماسی: بەریتانیا یەکێکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە.

**٤/ ڕۆڵی ئێستای هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکەدا:**

پاراستنی ئاسایش: یەکە بچووکەکانی بەریتانیا تا ئێستا لە عێراق ماونەتەوە بۆ پشتگیریکردنی حکومەتی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆرستییەکانی تر.

پرۆژەکانی بنیاتنانەوە: یارمەتیدانی عێراق لە دروستکردنەوە و بنیاتنانەوەی هێزە شەرکەرەکان و سوپا و ڕێکخراوە ئاسایشییەکان.

گۆڕینی سیاسەتی سەربازی: ئەرکی سەربازیی بەریتانیا لە عێراق لە ئێستادا زیاتر چەسپاندنی ئاسایش و پەروەردەکردنی هێزەکانی عێراقە.

ڕەخنەکان و مشتومڕەکان:

شەڕی ٢٠٠٣ و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕووخانی دەسەڵاتی ناوەندی و بەرزبوونەوەی ئاستی تیرۆریزم لە ناوچەکەدا و دەستوەردانی وڵاتان و هەواڵگرییەکانیان بۆ نانەوەی پشێوی بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بێ گوێدانە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی خەڵکی سڤیل.

کێشەی نێونەتەوەیی: هەندێک ڕەخنەگر پێیان وایە پشتگیری یەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمدا هەیە.

سوپای بەریتانیا لە عێراق و کوردستاندا ڕۆڵێکی ئاڵۆزی لە نێوان پشتگیریی سەربازی و دیپلۆماسیدا هەبووە ، ئەم ڕۆڵە ئەمڕۆش بەردەوامە، بەڵام ئاستی بەشدارییەکانی بەهۆی گۆڕینی پلانەکانی بەریتانیا و فشاری نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە.

سوپای بەریتانیا تاکو ئێستا بە یەکێک لە کاریگەرترین هێزە چەکدارەکان لە جیهان ماوتەوە. پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناتۆ و وڵاتانی ئەورووپا ڕۆڵێکی گرنگیان لە دۆخ و هاوکێشە سەربازی و ئەمنییەکاندا هەیە.

سەرچاوەکان:
- پێگەی فەرمی سوپای بەریتانیا، Gov.uk
- ڕاپۆرتەکانی ناتۆ.
- ڕاپۆرتەکانی بی بی سی.



# ڕووبەرت گرین و ستراتیژیی جەنگ
## کتێبی (٣٣) و کاریگەرییە تیۆرییەکان

● ئامادەکردنی: سان هاوکار

ستراتیژیی جەنگی ڕۆبێرت گرین لە کتێبی (٣٣)دا، گەڕانێکی گشتگیرە لە بیرکردنەوەی ستراتیژی، کە لە نموونە مێژوویی، سیاسی، سەربازی و کلتوورییەکان وەرگیراوە. کتێبەکە بەسەر پێنج بەشی جیاوازدا دابەشکراوە، هەریەکەیان باس لە فۆرمەکانی جیاوازی ستراتیژییەکانی جەنگ دەکەن:

١. شەڕی خۆئاراستەکراو: گرنگی بە کۆنترۆڵکردنی مێشکی مرۆڤ و زاڵبوون بەسەر گومانی خۆ و بنیاتنانی خۆڕاگری دەدات.

٢. شەڕی ڕێکخراوەیی: لە سەرکردایەتی تیم و زنجیرەی فەرماندەیی دەکۆڵێتەوە و پاڵنەرە لە داینامیکی گرووپدا.

٣. شەڕی بەرگری: بنەماکان پێشکەش دەکات کە کەی پاشەکشە بکرێت و هێرشی دژە هێرش و پاراستنی سەرچاوەکانکەی بێت.

٤- شەڕی هێرشبەری: باس لە هێرشکردن دەکات بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە و لە مانۆڕکردن لە نەیارەکان و بەکارهێنانی زانیاریی هەواڵگری.

٥. شەڕی ناتەقلیدی : تیشک دەخاتە سەر فریودان و چەواشەکاری و شەڕی دەروونی.

هەر ستراتیژێک بە نموونەی مێژوویی لە کەسایەتییەکانی وەک سون تزو، ناپلیۆن، مارگریت تاچەر و ئەسکەندەری گەورە لە چوارچێوەیەکدا دانراوە. ئەم ئاماژانە ئەوە دەردەخەن کە چۆن بنەماکانی شەڕ دەتوانرێت لە ژیانی هاوچەرخدا بەکاربهێنرێن، چ لە بازرگانی، سیاسەت، یان پەیوەندییە کەسییەکان.

### خاڵە بەهێزەکانی کتێب

١. تێڕوانینێکی مێژوویی دەوڵەمەند: گرین کۆمەڵێک چیرۆکی بەرفراوان لە سەردەم و کلتوورە جیاوازەکانەوە پێکەوە دەبەستێتەوە. توانای کۆکردنەوەی وانەکانی مێژووی سەربازی و ئەدەب و سەرکردایەتی مۆدێرن، کتێبەکە دەکاتە سەرنجڕاکێش و پەروەردەیی.

٢. بەکارهێنانی پراکتیکی: بە گرنگیدان بە بنەما گشتگیرەکانی ستراتیژیی گرین، کەیسێکی بەهێز دەخاتەڕوو، کە شەڕ تەنها لە سەنگەرەکانی شەڕدا سنووردار نییە، پەیوەندی بە ژینگە کێبڕکێکارەکانەوە هەیە، لە ژیانی ڕۆژانەدا، وەک شوێنی کار و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان.

٣- قووڵایی دەروونی: کتێبەکە نەک تەنها ستراتیژییەکانی جەنگ، بەڵکو لە دەروونناسی سەرکردایەتی و ململانێ و خۆدیسیپلین دەکۆڵێتەوە. ستراتیژییەکانی وەک ستراتیژیی زەمینی مردن (دروستکردنی بەپەلە بە لابردنی هەموو بژاردەکان بۆ پاشەکشە) تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن بیرکردنەوە دەتوانێت سەرکەوتن دیاری بکات.

٤. چوارچێوەی گشتگیر: بەو (٣٣) ستراتیژییەی کە دابەشکراوە بەسەر بەشە ڕوونەکان، خوێنەران دەتوانن بە شێوەیەکی هەڵبژێرداو سەرنج بخەنە سەر ستراتیژییەکانی پەیوەندیدار بە دۆخەکانیانەوە. (٣٣) ستراتیژیی جەنگ وەک دەستنووسێک بۆ تێگەیشتن لە بنەما ستراتیژییەکانی کارپێکراو بۆ لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان خروانەتەڕوو. بە تایبەتی بۆ تاکەکان لە ژینگە کێبڕکێیەکاندا بەنرخە- خاوەنکاران، سەرکردەکان، یان دانوستانکاران- کە پێویستیان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و تاکتیکی هەیە.

### خاڵە لاوازەکانی

١. ناڕوونی: گرنگیدانی گرین بە ستراتیژییەکانی وەک فریودان و شەڕی دەروونی، دەتوانرێت بۆ خوێنەران کێشەدار بێت، هەندێک ستراتیژی، بە تایبەتی لە «جەنگی ناتەقلیدی»دا، هێڵی نێوان کێبڕکێی دادپەروەرانە و ئیستغلالکردنی بێبەزەییانە کاڵ دەکەنەوە.

٢. پێکهاتەی دووبارەبووەوە: لە کاتێکدا چیرۆکی دووبارە بووەوەی مێژوویی. هەر ستراتیژییەک نەخشێکی هاوشێوە پەیڕەو دەکات- پێشەکی، نموونەی مێژوویی و لێکدانەوە- کە ڕەنگە خوێنەران کە مامەڵە لەگەڵ کتێبەکەدا تووشی کێشەبکات.

٣- سینیسیزم: کتێبەکە ڕوانگەیەکی نەیارانە لە بنەڕەتدا بۆ ژیان گریمانە دەکات، کە تێیدا ململانێ حەتمییە و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای داینامیکی دەسەڵات دامەزراون. ئەم دیدگایە ڕەنگە دەنگدانەوەی لەگەڵ تاکە کێبڕکێکارەکاندا هەبێت، بەڵام ئەوانەی بەدوای هاوکاری و هاوسەنگیدا دەگەڕێن، نامۆ بکات.

٤- نموونەی هەڵبژێردراو: زۆرجار گرین کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک ناپلیۆن یان چەنگیزخان شکۆمەند دەکات، چاوپۆشی لە دەرئەنجامی کردەوەکانیان دەکات. جەختکردنەوە لەسەر «بردنەوە بە هەر نرخێک بێت» ڕەنگە لەگەڵ خوێنەران نەگونجێت کە بەدوای ستراتیژیی هاوسەنگ و ئەخلاقیدا بۆ سەرکەوتن دەگەڕێن.

باشتر وایە کتێبەکە وەکو ئامرازێک نزیک بکرێتەوە کە هەموو ستراتیژێک لە هەموو چوارچێوەیەکدا گونجاو نابێت، بەڵام تێڕوانینەکانی بۆ ڕەفتاری مرۆڤ، داینامیکی دەسەڵات و چارەسەرکردنی ململانێکان بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگر بەهێزن. ئەو خوێنەرانەی کە بەدوای ڕێنماییەکدا دەگەڕێن بۆ بڕیاردان و سەرکردایەتیکردن و گونجاندنیان، ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەکی بەنرخ دەزانن.

دەتوانین بڵێین، کارەکانی گرین بوێرانەیە و زۆرجار جەمسەرگیرییە و دەتوانرێت کاریگەریی فیکری لە بەڕێوەبردنی تەحەددیات و کێبڕکێدا دروست بکات.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# ئارامی و پشوودان
# خەوتنی سەرباز لە کەمترین ماوەدا

ئامادەکردنی: شاڵاو عومەر

لە کاتێکدا هەندێک کەس تەنها بە دانانی سەریان لەسەر بالیفەکە دەخەون، هەندێکی تر لە جێگاکانیاندا بە زەحمەت چاوەکانیان دادەخەن. ئەگەر ڕاهاتوویت شەوانە بەئاگای لە جێگادا و مێشکت بەزەحمەت لە خێرایی بیرکردنەوەدا دەوستێت و ناتوانیت بگەیتە ئەو خەوتنە خۆشەی کە تامەزرۆیت، ئەوا لێرەدا هەواڵە خۆشەکە دەخەینەڕوو.

شێوازێکی سەربازی نهێنی هەیە کە دەوترێت یارمەتی هەر کەسێک دەدات تەنها لە ماوەی دوو خولەکدا بخەوێت. ئەم کارە کە سوپای ئەمریکا بەکاری دەهێنێت، یارمەتی سەربازەکانی دەدات لە دۆخێکی کەمتر سەلامەتدا وەک بەرەکانی شەڕ بخەون، بۆ دڵنیابوون لەوەی سەربازەکان بەهۆی ماندوێتی و فشاری زۆرەوە هەڵە ناکەن. ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەمای ئەمانەی خوارەوە گەڵاڵە کراوە:

یەکەم: ئارامکردنەوەی ماسولکەکانی دەموچاو، لەوانە زمان و چەناگە و ماسولکەکانی دەوروبەری چاو.

دووەم: تا دەتوانیت شانەکانت بۆ خوارەوە ڕابکێشە.

سێیەم: هەناسەدان، ئارامکردنەوەی سنگ و قاچەکانت، لە ڕانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە قاچەکان.

چوارەم: پێویستە ١٠ چرکە بەسەر بەریت و هەوڵی پاککردنەوەی مێشکت بدەیت پێش ئەوەی وا بیربکەیتەوە کە لە یەکێک لەم سێ وێنەیەی خوارەوەدایت:

- پاڵکەوتن لە بەلەمێکی درێژ و سووکدا لەسەر دەریاچەیەکی ئارام، جگە لە ئاسمانێکی شین و ڕوون لە سەرووی خۆتەوە هیچی تر نییە.
- لە ژوورێکی ڕەش پاڵکەوتوویت لەناو جۆلانەیەکی مەخمەلی ڕەشدا.
- بەخۆت بڵێ "بیر مەکەرەوە، بیر مەکەرەوە، بیر مەکەرەوە" بۆ ماوەی نزیکەی ١٠ چرکە.

دەوترێت ئەم شێوازە ٩٦٪ سەرکەوتوو دەبێت بۆ ئەوانەی دوای ٦ هەفتە پراکتیزەی دەکەن. ئەگەر ئەوە کار نەکات - وەک شارەزای خەوی بەریتانی، دکتۆر. نیل ستانلی دەڵێت: گرنگترین هۆکار بۆ خەوتن، هێورکردنەوەی دەروونە. ئەگەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بابەتە هەستت بە خەواڵوویی کرد ئەوا تۆ لەو کەسانەی بە ئاسانی بەم شێوازە دەخەویت.

# چەك و تەكنەلۆجیای سەربازی داهێنان و پێشكەوتن

● ئامادەکردنی: ژوان

## فرۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژ

فەرەنسا فرۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژی تاقیکردەوە. ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە بەرپرسانی سەربازی فەرەنسا لە نزیکەوە چاودێریی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا دەکەن بۆ ئەوەی وانە لە شێواز و دەرکەوتەکانی مەیدانی شەڕ وەربگرن. ئەم فرۆکە فەرەنسییە، مەودای ٨٠ کم دەبڕێت و تا ٣ کاتژمێر لە ئاسمان دەمێنێتەوە، توانای هەڵگرتنی تەقەمەنی ٢ بۆ ٣ کیلۆگرامی هەیە.

## تانکی نوێی هایدرۆجینی K٣

نوێترین داهێنانی کۆمپانیای هیۆندایە کە بریتییە لە تانکی هایدرۆجینی K٣ و پێشکەوتنێکە لە جیهانی تانکی شەڕدا، کە نوێترین تەکنەلۆژیای سەربازی تیا بەکارهاتووە و ئاسۆی نوێ لە بواری شەڕی مۆدێرن دەکاتەوە. تانکەکە بە شێوەیەک دیزاین کراوە کە هێزێکی هێرشبەری بەدۆراو بێت، توانای شەڕکردنی بێ وێنەی هەبێت و تیمەکەی لە بەهێزترین چەک بپارێزێت. تایبەتمەندیی تەکنیکی پێشکەوتووی تێدایە، لەوانە: سیستەمی پاڵنەری هایدرۆجین، چەکێکی سەرەکی پێشکەوتوو، سیستەمێکی پاراستنی چالاک کە تانکەکە لە مووشەک و گوللەی دژە تانک دەپارێزێت.

## فرۆکەی چینی CH_٧

فرۆکەی CH-٧ نوێنەرایەتی هەنگاوێکی چۆنایەتی دەکات لە تواناکانی فرۆکە بێ سەرنشینەکانی چین. CH-٧ باڵەکانی بە دیزاینێکی نوێ ڕێکخراوە. فرۆکەکە پشت بە تایبەتمەندییە داینامیکییەکان دەبەستێت بۆ ئەوەی لە دۆزینەوەی ڕادار دووربکەوێتەوە، هەروەها توانای جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سیخوڕی و هێرشکردنی هەیە.

## مووشەکی هایپەرسۆنیکی زیرکۆن

وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا یەکەم گرتە ڤیدیۆیی مووشەکی ٣M٢٢ زیرکۆنی سوپەرسۆنیکی کروزی بڵاوکردەوە. ئەم مووشەکە مەودای ڕۆیشتنی درێژخایەن و خێرایی نزیکەی ١٥٩ کیلۆمەتری لە خولەکێکدا هەیە.

زیرکۆن بە پلەی یەکەم وەک مووشەکێکی دژە کەشتی دیزاین کراوە، توانای هێرشی وشکانی لاوەکی هەیە و تا ڕادەیەکی زۆر مەحاڵە لەلایەن سیستەمە بەرگرییە ئاسایییەکانی ئێستاوە ڕێگری لێبکرێت.

## نەهەنگی بکوژ

هێزی دەریایی ئەمەریکا تاقیکردنەوەی ژێردەریایی XLUUV ی ئەنجامدا کە بێ سەرنشینە و بە ئۆرکا ناسراوە، بۆ ئەنجامدانی ئەرکی نهێنی دروستکراوە، لەنێویاندا «چاندنی مین».

## چاکەتی نوێی دژە گولە

ڕووسیا لە پێشانگای ئایدێکس ٢٠٢٥ جلوبەرگێکی سەربازیی نوێی بەپێی ستانداردی Br٤+ نمایشکرد کە گوللە نەبڕەو دەتوانێت سەربازەکان لە چەکی کالیبەر ٥,٤٥x٣٩ و ٧,٦٢x٣٩ ملم و هەروەها لە پارچەی بۆمب و مین بپارێزێت.

کێشی ئەو چاکەتە نوێیە نزیکەی ١١ کیلۆگرامە، هەروەها قەڵغانی پارێزەری بۆ مل و ناوچەی سک و ناوچەی نێوان ڕانەکانیشی بۆ دانراوە، کێشی جلوبەرگەکە بەشێوەیەکی تایبەت دابەشکراوە بۆ ئەوەی سەرباز لەکاتی لەبەرکردنی بۆ ماوەیەکی زۆر هەست بە ماندوویتی نەکات. هەروەها چاکەتەکەی گیرفانی جۆراوجۆری هەیە بۆ هەڵگرتنی ئامێری پەیوەندی و تەقەمەنی و ئامێر و دەرمانی سەرەکی کە هەر سەربازێک لە کاتی شەڕدا پێویستی پێیەتی، هەروەها ڕەنگەکەی بەجۆرێکە بۆ خۆدزینەوە گونجاو بێت بەتایبەتی لە شوێنە وشکانییەکاندا.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# پەرەپێدانی ئۆتۆمبێلی نوێی شەڕکردن



● ئامادەکردنی: ئەڤین ئەحمەد

کۆمپانیای پیشەسازی بەرگریی ئیماراتی (کالیدۆس)، نوێترین ئۆتۆمبێلی شەڕکەری تایەی سووکی خۆی لە میانەی پێشانگای بەرگریی نێودەوڵەتی (IDEX) ٢٠٢٥ ئاشکرا کرد. ئۆتۆمبێلە نوێیەکە لەسەر بنەمای پلاتفۆرمی "Beast" ٨×٨ دروستکراوە، تایبەتمەندییەکی بەرچاوی هەیە و بە شێوەیەک دروستکراوە کە توانای مانۆڕکردن و پاراستنی هێزەکانی پیادە بەرزدەکاتەوە. بە پێچەوانەی ئۆتۆمبێلی شەڕکەری پیادەی ستانداردی بیست، مۆدێلە نوێیەکە سیستەمێکی پەستانی زیادەی هەیە بۆ پاراستن لە هەڕەشە کیمیایی و بایۆلۆجی و تیشکی و ئەتۆمییەکان (CBRN). لە هەمان کاتدا سەلامەتی تیم و سەرنشینەکان لە ژینگە جۆراوجۆرەکانی کارکردندا مسۆگەر دەکات. کالیداسی نوێ وێستگەیەکی چەکی بێ سەرنشینی تێدایە، ئەمەش ڕێگەی پێدەدات جگە لە تیمی سێ کەسی، تا ١٠ سەرباز لەخۆبگرێت. نموونەی سەرەتایی لە ئایدێکس ٢٠٢٥ نمایشکرا. پەردەلادان لەسەر ئەم ئۆتۆمبێلە لە بەرنامەی IDEX ٢٠٢٥، گەشەسەندنی تواناکانی پیشەسازیی بەرگریی ئیمارات پشتڕاست دەکاتەوە. کۆمپانیای کالیدۆس بەردەوامە لە فراوانکردنی پۆرتفۆلیۆی ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی پێشکەوتوو، ئەمەش وەک بەشێک لە هەوڵەکانی وڵاتەکە بۆ بەرزکردنەوەی پشتبەستن بەخۆ لە بواری بەرهەمهێنانی سەربازیدا. پێشبینی دەکرێت ئەم ئۆتۆمبێلە نوێیە سەرنجی هێزە سەربازییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان ڕابکێشێت کە بەدوای شەڕکەری مۆدێرن و گشتگیر و کاریگەردا دەگەڕێن.



# لە سەر هەلیکۆپتەری AH_1Z مووشەکی دوورمەودا تاقیدەکرێتەوە

● ئیبراهیم خۆشناو

هێزی دەریایی ئەمریکا توانای نوێی مووشەکی ئاگرینی مەودای دوور (LRPF)ی لەسەر هێلیکۆپتەری هێرشبەری ١Z Viper-AH بە سەرکەوتوویی تاقیکردەوە . بەپێی وتەکانی فەرماندەیی سیستەمی ئاسمانی دەریایی (NAVAIR)، کۆپتەرەکەی AH-١Z یەک هەڵدانی بە بەکارهێنانی بەرنامەیەکی بێ وایەر لە ڕێگەی تابلێتی ئاسمانی دەریایی (MAGTAB) ئەنجامداوە، ئەمەش یەکەمجارە سەکۆیەکی ئاسمانی جوڵاوەی دەریایی سیستەمێکی مووشەکی هەڵبدات کە لە ڕێگەی تابلێتێکەوە کۆنترۆڵ کرابێت. تاقیکردنەوەکە لەڕووی شوێن و گەشت و کاتەوە چاوەڕوانییە سەرەتاییەکانی تێپەڕاند، ئەمەش کاریگەریی سیستەمەکەی لە هەردوو شەڕی دەریایی و وشکانیدا نیشان دەدات.

ئەم تاقیکردنەوەیە بەشێکە لە دەستپێشخەرییەکی فراوانتر کە لەلایەن نووسینگەی جێگری وەزیری بەرگری بۆ توێژینەوە و ئەندازیاری (OUSD R&E) سپۆنسەر دەکرێت لە ڕێگەی پرۆگرامی خێراکەری داهێنانی بەرگری (DIA). تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکە تیشک دەخاتە سەر یەکخستنی تواناکانی لێدانی ورد و مەودای دوور و کۆنترۆڵکراو. سیستەمی LRPF لەسەر ١Z Viper-AH هەنگاوێکی گرنگە بەرەو گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی هەڕەشەکان و پێداویستییەکانی ئەرکی مۆدێرن. چاوەڕوان دەکرێت هەڵسەنگاندنی زیاتر و ئەگەری جێگیرکردنی سیستەمەکە بکرێت وەک بەشێک لە هەوڵە بەردەوامەکانی هێزی دەریایی بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی جەنگی گەشتیاری.

# تاقیکردنەوەی مووشەکێکی بەرگریی ئاسمانی

● ئامادەکردنی: میران ئەحمەد

کۆمپانیای ASELSAN کە کۆمپانیایەکی بەرگریی تورکیایە، بە سەرکەوتوویی یەکەم تاقیکردنەوەی هەڵدانی سیستەمی GÖKSUR (Vertical Launch System (VLS
ی ئەنجامدا، ئەمەش پێشکەوتنێکی بەرچاوە لە تواناکانی بەرگریی تورکیا و پابەندبوونی وڵاتەکەی بە پاراستنی پانتایی دەریایی خۆی و بەهێزترکردنی بەرگریی ئاسمانی. ئەم سیستەمە بەشێکی دانەبڕاوە لە سیستەمی بەرگریی ئاسمانی فرەئاستەی تورکیا کە بە "قەڵغانی ئاسن" ناسراوە، هەروەها بەشدارە لە پاراستنی ساسانی دەریایی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی مووشەکی دژە کەشتی، مووشەکی کروز، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەرەکان.

گۆکسور(GÖKSUR) لەلایەن کۆمپانیای ASELSAN و TÜBTAK SAGE بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی هێزی دەریایی تورکیا پەرەی پێدراوە و تایبەتمەندی مووشەکی GÖKSUR IIR و توانای کارایی بەرزی هەیە. بە شێوەیەکی مۆدێرن دیزاین کراوە کە ڕێگەی پێدەدات بە ئاسانی لەگەڵ بارودۆخە هەستیار و لەناکاوەکان خۆی بگونجێنێت، گۆکسور لە پێشانگای EURONAVAL ٢٠٢٤ کە لە مانگی نۆڤەمبەردا لە پاریس بەڕێوەچوو، سەرنجی بەشداربووانی ڕاکێشا. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سیستەمی GÖKSUR بریتین لە توانای نەهێشتنی هەڕەشەکان لە هەموو ئاراستەکاندا بە گۆشەی ٣٦٠ پلە، تەقەمەنی نەوەی



داهاتوو کە بە ڕێنمایی گەرانی ژێر سوور کاردەکات، کاریگەرییەکی بەرز لە بەرامبەر هەڕەشەکانی فڕینی نزم، توانای مامەڵەکردن لەگەڵ چەندین هەڕەشە و سیستەمێکی کۆنترۆڵکردنی ئاگر کە بە AI کار دەکات. ئەم سیستەمە ڕێگەی دەدات بە تەنیا کاربکات یان لەگەڵ سیستەمی بەڕێوەبردنی شەڕی پلاتفۆرمە جیاوازەکان یەکبخرێت. بەمەش توانای تورکیا بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە دەریاییەکانی زۆر بەرزدەبێتەوە.

# ئەو دەرمانانەی لەناو سوپادا قەدەغەن

● شاخەوان عومەر

بەشی تەندروستی و فریاکەوتن لە بواری سەربازیی، ڕۆڵێکی کاریگەری لە فریاگوزاریی خێرا لە بەرەکانی شەڕدا هەیە، زۆرێک لە تیمە پزیشکییە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهان ڕێسا و سنووریان بۆ بەکارهێنانی هەندێک دەرمان داناوە، هۆکارەکانی ئەم سنووردارکردنانە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییان بە پرسەکانی سەلامەتی و ئەدای کارکردن و ئەگەری خراپ بەکارهێنانییەوە هەیە. لێرەدا چەند هۆکارێکی باو دەخەینەڕوو کە ڕەنگە هەندێک دەرمان بۆ بەکارهێنانی لەلایەن سوپا سەربازییەکانەوە قەدەغە بکرێن، ئەوەش لەبەر ئەدای کارکردن و وریایی، کە زۆرجار کارمەندانی سەربازیی بۆ ئەنجامدانی ئەرک و فەرمانەکان لە هەموو کاتێکدا پێویستیان بە وریایی و ئامادەیی هەیە.

هەندێک لە دەرمانەکان دەتوانن ببنە هۆی خەواڵوویی، تێکدانی کارکردنی مەعریفی، یان کاریگەریی لەسەر کاتەکانی کاردانەوە. ئەم کاریگەرییە لاوەکیانە دەتوانن کاریگەریی نەرێنی لەسەر توانای سەربازێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی بە شێوەیەکی کاریگەر و سەلامەت دروستبکەن.

هەندێک لە دەرمانەکان دەتوانن لەگەڵ ئەو مادانەی تر کە بە شێوەیەکی باو لە سەربازیدا بەکاردەهێنرێن، کارلێک بکەن، وەک کافاین یان تەواوکەری خۆراکی، ئەمەش دەبێتە هۆی کاریگەریی خراپ یان کەمبوونەوەی کاریگەری.

هۆکارێکی دیکە بریتییە لە خراپ بەکارهێنان. هەندێک دەرمان ئەگەری خراپ بەکارهێنانیان هەیە، وەکو دەرمانی هۆشبەر یان دەرمانی هێورکەرەوە، لەوانەیە سەرباز دەستی بگاتە ئەم دەرمانانە، بۆیە سنووردارکردن و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە، سەرباز لە مادده هۆشبەرەکان و کێشەکانی ئالوودەبوون لەناو ڕیزەکاندا دووردەخاتەوە، بە پێچەوانەشەوە بارودۆخی پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی کە هەندێک حاڵەتی پزیشکییان هەیە و پێویستیان بە بەکارهێنانی دەرمانی قەدەغەکراو هەیە، ئەوا دەتوانن لە خزمەتکردنی سەربازی ببەخشرێن یان ئەرکی تریان بۆ دابنرێت.

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین، کە ڕێساکان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمان دەتوانن لە سەربازێکەوە بۆ سەربازییەکی تر و لە شوێنی ئەرك و ناوچە جوگرافییەکان و جۆری ئەو ئەرکەی بە سەربازەکان دەسپێردرێت، جیاواز بن، یان ڕەنگە لیستی تایبەتی دەرمانە قەدەغەکراوەکان بە تێپەڕبوونی کات بگۆڕدرێت. زۆر گرنگە کارمەندانی سەربازیی ئاگاداری ئەو ڕێنمایی و سنووردارکردنانە بن کە لەلایەن سەروویانەوە دانراون و پەیڕەوی لێبکەن و ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکییەکان بکەن ئەگەر هەر پرسیارێک یان نیگەرانییەکیان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمان هەبوو.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ووشەی یەکتربڕ

| 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | ■ | | | | | | | | | | | | 1 |
| | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | | | | | 2 |
| | ■ | | | | | | | ■ | | | | | | | 3 |
| | | ■ | | | | | ■ | | | | | ■ | | | 4 |
| | | | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | | 5 |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | ■ | | | | 6 |
| | | | | | | ■ | | | | ■ | | | | ■ | 7 |
| | | ■ | | | | | | ■ | | | | | | | 8 |
| | | ■ | | | | | | ■ | | | ■ | ■ | | | 9 |
| | ■ | | ■ | | ■ | | | | ■ | | | | | | 10 |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | | ■ | | 11 |
| ■ | | | | | ■ | | | | | | | | | | 12 |
| | | | | | | ■ | | | | ■ | | | | | 13 |
| | | | | | | | ■ | | | | | | | | 14 |

ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

**ئاسۆیی:**

١-جۆرە فڕۆکەیەکی شەڕکەرە – کات.
٢-چوار پیت لە ساووی – بای تێکەڵاو – جۆرە خۆراکێکە – نەخێر بە بادینی.
٣-پەرتوکێکی ئاسمانییە – چیایەکی کوردستانە.
٤-پاشماوەی گەنم (پ) – مەرحەبا بە کوردی (پ) – ناوی پێغەمبەرێکە – لۆ بە سلێمانی.
٥-ناوی ئافرەتانە – دراوی ژاپۆن (پ) – پرخۆر تێکەڵاو.
٦-شار تێکەڵاو – شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە - بۆ رەنگکردنی خوری بە کاردێت –چوار پیت لە زوورۆ.
٧-شاخ (پ) – بارسی سەر براو – سەتیلك تێکەڵاو.
٨-هەسارەیەکە – جۆرە ئۆتۆمبیلێکە – کەرەستەیەکی خانووبەرە.
٩-دوو پیت لە هاون – ئاوی سەر براو – روفەر تێکەڵاو – مەڕ بە بادینی (پ).
١٠-کاتێکی تر (پ) - جۆرە موشەکێکی دژە فڕۆکەیە.
١١-گۆڕینەوە – هەوا بە کوردی (پ) – پێوەرێکی پێوانەی دیجیتالییە.
١٢-شاعیرێکی کوردە – کەرەستەیەکی خانووبەرە.
١٣-تیاترۆ (پ) – جۆرە باڵندەیەکە – چیایەکی کوردستانە.
١٤-جۆرە ئۆتۆمبیلێکە – شارۆچکەیەکی کوردستانە.

**ستوونی:**

١-پایتەختی کەنەدا – جۆرە تەقەمەنییەکە.
٢-جۆرە جلوبەرگێکی ئافرەتانە (پ) – پشتراستکراو – سێ پیت لە نەوا.
٣-رێکخراوێکی نێودەوڵەتییە - چیایەکی کوردستانە (پ)- گاساد تێکەڵاو
٤-پالێنەری گولە – (چات)ی ناوقەدبراو-شەوەی تێکەڵاو .
٥-شایا تێکەڵاو – کەناڵێکی تەلەفزیۆنە (پ).
٦-بۆ ئاوکێشان بە کاردێت – ناوی جۆرە تەکنەلۆجیایەکە – چوار پیت لە داخبار.
٧-سەنەم (پ) – مەرز – ناوی دەزگایەکی هەواڵگەریی ئێران بوو.
٨-شارێکی باکووری کوردستانە – بۆ پاککردنەوەی بەخی ئۆتۆمۆبیل بە کاردێت – رووباری گەورە (پ).
٩-دڵنیایی تەندروستی (پ) - ناوی جۆرە پەرتوکێکە.
١٠-مو مو تێکەڵاو – ناوی کوڕانە – ژمارەیەکە.
١١-سوارۆ تێکەڵاو – بەنداو بە عەرەبی (پ) – پێچەوانەی نزیك.
١٢-فەرماندەی هێزی هاوپەیانان لە شەڕی رزگار کردنی کوێت - چیایەکی کوردستانە.
١٣-ئاخ بە زاراوەی سۆرانی – کیش دل بە بادینی.
١٤-(هون)ی ناوقەدبڕاو – ناوی یاریزانێکی کاراتە بوو – پۆشاکێکە.
١٥-شارستانیەکی کوردستانە – گومان.

## وەڵامی ژمارە ٤٤

| 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| م | ه | د | ■ | و | و | د | و | ت | س | ی | ب | ف | ئ | ئ | 1 |
| ه | ن | ■ | ش | ا | م | ■ | ا | پ | ی | ■ | ا | ا | و | و | 2 |
| ز | ■ | د | و | ر | م | ه | ن | ■ | ت | ا | ر | و | ه | ت | 3 |
| ۆ | پ | ■ | ا | س | و | م | ■ | س | ل | ا | و | ■ | ك | ا | 4 |
| پ | ر | خ | ر | و | ■ | ی | ه | ن | ■ | ی | ت | س | ■ | و | 5 |
| ۆ | و | و | ز | ■ | ش | پ | ■ | ۆ | ن | ش | ■ | ر | ش | ا | 6 |
| ت | س | ل | ك | ه | ی | ■ | س | ر | ا | ■ | چ | ی | ا | ■ | 7 |
| ا | ل | ■ | ۆ | د | ا | ر | پ | ■ | ن | و | ت | پ | ی | ن | 8 |
| م | ی | ■ | ف | ه | ر | و | ر | ■ | و | ا | ■ | ■ | ه | ا | 9 |
| ی | ■ | ك | ■ | س | ■ | م | ا | س | ■ | د | و | ا | ت | ر | 10 |
| ا | گ | ی | گ | ■ | پ | ا | ■ | ا | د | و | ه | س | ■ | ن | 11 |
| ■ | ی | ش | ا | ك | ■ | ن | ی | و | خ | ر | ه | گ | ه | ع | 12 |
| ش | ا | د | ر | و | س | ■ | ز | ا | پ | ■ | ش | ا | ن | ۆ | 13 |
| ك | و | ل | ه | ر | ئ | د | ■ | ك | ا | ل | ی | د | ا | ك | 14 |



# رۆژژمێری ڕاپەڕین

## ڕاپەڕین بەرهەمی
## خەبات و کۆڵنەدانی پێشمەرگە ...
## قوربانیدان و خۆڕاگریی جەماوەری کوردستان

* لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ ، کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی پێشمەرگەو جەماوەری باشووری کوردستان لە شاری ڕانیەوە ڕاپەڕینیان دژی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس دەستپێکرد.
* لە ٦ی ئازاری ١٩٩١، ناوچەی بازیان و ناو دەشتی پشدەر ئازاد کران، هەمان ڕۆژ چوارقوڕنە کۆنترۆڵ کرا.
* لە ٧ی ئازاری ١٩٩١، جەماوەری شاری سلێمانی ڕاپەڕین و تا ڕۆژی دواتر ناو شارو دەوروبەریان ئازاد کرد.
* لە ٨ی ئازاری ١٩٩١ ، ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و عەربەت و ئۆردوگاکانی زەڕایەن و سمود و نەسر و باریەکە و پیرەمەگرون و ئەڵڵایی دەستی پێ کرد، هەر ئەو ڕۆژە قەڵای سووسێی ڕژێم گیرا و بۆ ئێوارە قەزای دوکان و دەوروبەری کۆنترۆڵ کرا.
* لە ٩ی ئازاری ١٩٩١، شەقڵاوە و کۆیە و کفری و باوەنور و خورماتوو ئازاد کران .
* لە ١٠ی ئازاری ١٩٩١، پیرمام و تەقتەق و ڕەواندوز قەرەهەنجیر و ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلک و سۆران و چۆمان و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور و باسرمە و بەستۆرە ئازادکران.
* لە ١١ی ئازاری ١٩٩١، جەماوەری ناو شاری هەولێر ڕاپەڕین و هاوشانی پێشمەرگە تا ئێوارە شارەکەیان کۆنترۆڵ کرد، هەمان ڕۆژ دێگەڵە و کەسنەزان و بنەسڵاوە و قوشتەپە و شاوێس و پیرزین و مەلا ئۆمەریش ئازاد کران، هاوکات ئۆردوگاکانی جدیدەو تۆبزاواو ئاسکی کەلەک و کەورگۆسک و بەحرکە و بەرحوشتر لە ڕژێمی بەعس پاککرانەوە، هەمان ڕۆژ فەیلەقی ٥ی سەربازگەی هەولێر کۆنترۆڵ کرا.
* لە ١٢ی ئازاری ١٩٩١دا، جەلەولا و مەخموور و ئاکرێ و ناحیەی بجیل و سورچیایەتی و بەردەرەش و دینارەتی زێبار تا دەگاتە شێخان و سەرزێی خازر و هەروها خانەقین ئازاد کران.
* لە ١٣ی ئازاری ١٩٩١دا، ناو شاری زاخۆ و کۆمەڵگای هیزاوە و دەرکار عەجەم و دەشتی سلێڤان و چیای بێ خێر و ژوێ ئازاد کران ، هەمان ڕۆژ لە سنوری کەرکووک شارۆچکەی پردێ و لە گەرمیانیش کەلار و ناحیەی جەبارە و کولەجۆ ئازاد کران.
* لە ١٤ی ئازاری ١٩٩١دا، دهۆک و ناوچەکانی زاوێتە و مانگێش و باگێرا و سەرسەنگ و ئەنیشک و بامەڕنێ و دێرەلوک و ئامێدی و سیریێ و شێلادزێ و باتوفە و بێ گۆڤا و کانی ماسی و ناوچەی بەرواری باڵا و ڕێکان و چیاکانی گاراو مەتین و چیای شیرین و چیای فاتێ و چیای بارزان و چیای بامەڕنێ ئازادکران.
* ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٠ کەرکوکی کوردستان ئازادکراو ئاگری جەژنی نەورۆزی ئەو ساڵە لە شارەکە داگیرسێندرا. ڕۆژی ٣/٢١ تەواوی ناوشاری کەرکوک کەوتە دەستی پێشمەرگەو جەماوەر.
* لە ٣٣/٢١ تا ٣/٢٨ زۆربەی خاک و شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان ئازادبوون و لە سایەی دەسەڵاتی (بەرەی کوردستانی) دا بەڕێوەدەچوون.
* ڕۆژی ١٩٩١/٣/٢٨ ڕژێمی بەعس دەستی بە هێرشکردنەوە بۆ سەر کوردستان کردو کەرکوکی داگیرکردەوەو بەردەوام بوو لە هێرشەکانی تا لە ١٩٩١ /٣/ ٣١ کۆڕەوی جەماوەری خەڵکی کوردستان بەرەو هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا دەستیپێکردو هێزەکانی ڕژێم زۆربەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانیان داگیرکردەوە.
* دواتر لە (٥ی نیسانی ١٩٩١) ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە دەستپێخەری کۆماری فەرەنسا لە کۆبونەوەی ژمارە (٩٢٨٢)یدا پڕۆژە بڕیاری (٦٨٨)ی بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرد. بڕیارەکە بووە هۆی دانانی ناوچەی دژە فڕین و هێڵی ٣٦ و دابینکردنی ناوچەی ئارام بۆ خەڵکی کوردستان ، دواتر گەیشتنی هاوکاری مرۆیی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئاوارەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان.
* ڕژێمی بەعس لە ١٩٩١/١٢/٢٤ دامودەزگاکانی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان کشاندەوە.
* لە ١٩٩١/٥/١٩ لە پڕۆسەیەکی دیموکراسیدا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا.
* لە ١٩٩١/٦/٤ حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهێنرا.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# بۆ بەئاگابوونت لە هەواڵی پێشمەرگە

## سەردانی سۆشیاڵ میدیای وەزارەتی پێشمەرگە بکە

@KRG.MOPA.Officia



No 45

# PESHMARGA

PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA




hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

March 2025